# بیرەوەرییەکانی کۆژین

## ڕۆژانی کاری ڕێکخستن لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان


نووسینی

**جـــەمیلە شـــێخ مـــەحمود**

**(کـــۆژیـــن)**



ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ـ ٢٠١٧

بیرەوەرییەکانی کۆژین ( ڕۆژانی کاری ڕێکخستن لەڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

نووسینی: جەمیلە شێخ مەحمود (کۆژین)

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئەمیرە عومەر

هەڵەبڕی: نووسەر

چاپ: چاپخانەی حەمدی

ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (۱۱٤۸)ی ساڵی (۲۰۱۷ ) ی پێدراوە

تیراژ: (۵۰۰) دانە

سلێمانی ـ ۲۰۱۷

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

سەرپەرشتیاری کتێب

**عوسمان حەمەڕەشید گورون**

# پێرست

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |


پێشەکی ........................................................ ٥

**بەشی یەکەم:**

ـ گۆرانییەك كردمی بە بەسڕایی........................ ١٥

ـ بە بڕی ٥٠٠ فلس لە قوتابخانە وەرگیرام........................ ١٦

لە شکستی شۆڕشی ئەیلولەوە بۆ شۆڕشی نوێ........................ ٢٠

**بەشی دووەم:**

بووم بە ئەندامی کۆمەڵە........................................ ٢٧

ـ دیداری، سالار عومەر ساڵح ماوەتی (ڕێباز) ................ ٣١

گواستنەوەم بۆ کەرتێکی ژنان ........................................ ٣٣

کەرتی شەهید لەیلا چۆن دروستکرا؟ ................................ ٣٥

ئەرکەکانی ڕێکخستن: .................................................. ٣٨

⭑ یەکەم: پەیدا کردنی ئەندامی نوێ بۆ ڕێکخستن ................ ٣٨

چۆن یەکترمان دەبینی .................................................. ٤٢

دیداری، دیدار محەممەد(شێنێ) و وێژە شەریف (شەنگە) .............. ٤٤

دیداری، گەلاوێژ عەلی (پاکدڵ)........................................ ٤٥

دیداری، ئەمیرە سدیق عەبدولکەریم سەعید (ڕێناس) .................. ٤٧

دیداری، کەژاڵ عەلی ڕەسوڵ (ئاونگ) ................................ ٤٨

دیداری، هاوڕێیان پەخشان ساڵح نەجمەدین (ئاهەنگ)و فاتیمە حەمە ڕەشید (ئاوێنە) ................................ ٤٩

نەشمیل مەحمود کەریم (ڕاوێژکار)........................................ ٥٠

دووەم: ئەڵقەی ڕۆشنبیری................................................ ٥١

سێیەم: چالاکییەکانی ڕێکخستن ........................ ٥٧
چوارەم: کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هێزەکانی رژێم و خیانەتکاران
........................................................ ٥٩
پێنجەم: ئابوونەدان ........................ ٦١
چۆنیەتی نوسینی ڕاپۆرتی مانگانە........................ ٦٢
چۆنیەتی خۆپاراستن ........................ ٦٣
پلەکانی ڕێکخستن ........................ ٦٤
ناوەکانی کەرتی شەهید لەیلا ........................ ٦٧

## بەشی سێیەم:

## ژیانی خەباتی سیاسی

گیانی هاوڕێیەتی........................ ٧٠
شووکردن کێشە بوو ........................ ٧١
خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢........................ ٧٢
دانوستانەکەی ساڵی ١٩٨٤ ........................ ٧٤
١٩٨٥/١٠/١٧ ڕۆژی ئازاردانی سلێمانی........................ ٧٥
سەیتەرەی کەرکووكو پشکنین ........................ ٨١
١٩٩٠/١/٢٤ ڕۆژە سەختەکە ........................ ٨٣
پوازەکە بەدوای منیشدا دەگەڕا ........................ ٨٥
ناردنی کتێب بۆ زیندانی ئەبوغرێب ........................ ٩٤
ناوی سەرجەم هەڤاڵانی کەرتی شەهید لەیلا........................ ٩٥
وێنەو دیکۆمێنت........................ ٩٩

# پێشەکی

★ ساڵانی هەشتاکان سەردەمی زێڕینی (ی. ن. ك) بوو، كۆمەڵە كە خاوەن ئایدۆلۆژیایەكی چەپ بوو بەرەیەك بوو لە یەكێتیدا، زۆرینەی لایەنگرانی لە هەژاران‌و خوێندكاران‌و وردە بۆرژوازییەكان پێكهاتبوو، چونكە كۆمەڵەیان بە نمایندەی ئامانج و داواكارییەكانیان دەزانی. وشەی چەپ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا، كە پەرلەمانتاران لە هۆڵی پەرلەماندا ببونە دوو بەرە، نوێنەرانی گەل لەلای دەستە چەپی مەلیك لویسی شانزەهەم دانیشتبوون‌و نوێنەرانی دەوڵەمەندو خانەدانەكان‌و پیاوانی ئایینی لەلای دەستە ڕاست دادەنیشتن، داواكاری‌و پێداگرییەكانی نوێنەرانی گشتی گەل (دەستە چەپ) بووە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسا. لەو كاتەوە نوێنەرانی خەڵك بە چەپ ناسێنران. لە ساڵی ١٩١٨ حزبی شیوعی لە ڕووسیا چەمكی چەپی بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی پرۆلیتاریا بەكارهێنا. كولا كویسكی دەڵێت، چەپ واتا ڕەتكردنەوەی واقعی ئێستا، بەڵام كارل ئۆجنسی پێی وایە چەپگەرایی واتە ئارەزوویەك بۆ پێشكەوتن‌و

باوەڕبوون بەوەی کە لەکۆتاییدا مـرۆڤ سـەرکەوتن بەدەسـت دەهێنێـت. هەروەها چەپگەرایی بە فکری شۆڕش‌و گۆڕانی بارودۆخ هەژمار دەکرا. کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردسـتانیش بـە هـەمان شـێوە هـەڵگری هیـواو ئامـانجی زۆرینـەی خـەڵکی باشـوری کوردسـتان بـووە، بۆیـە تـوانی زۆرینـەی شۆڕشـگێڕان لـەخۆی کۆبکاتـەوە. کۆمەڵـە فکـری خـانووە قوڕەکـان بـووە، هەربۆیـە ئایدۆلۆژییـەتی کۆمەڵـە کـە ڕێکخراوێکـی مارکسی - لینینی بوو، وێڕای زاڵبـوونی ئـایینی ئیسلام بەسـەر عـەقڵ‌و تێـڕوانینی خەڵکدا زۆر بـە فراوانـی چووە نـاو هەسـت‌و بیرکردنـەوەی گەنجان‌و کەسانی شۆڕشگێرو نیشتمان پـەروەرەوە. چونکە پێیـانوابوو کۆمەڵە ئەو فکرە شۆڕشگێڕەیە کە تەختی دکتاتۆرییەتی حزبی بەعس هەڵدەتەکێنێت، سازش لەسەر مافی خەڵکی کوردسـتان‌و چینی هـەژاران ناکات.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لـە دوو بـەرە پێکهاتبوو، کـە بریتـی بوون لەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردسـتان‌و بزووتنـەوە، پێکـەوە لەسـاڵی ١٩٧٥ بـۆ ١٩٧٦ دەسـتیان بەخـەباتی چـەکداری کـرد، لـە ٣١ی ئـابی ١٩٧٧ خـەتی گشـتی پێکهێنـرا، بوونـە سـێ هێڵـی سـەرەکی لـە پێکهێنـانی یەکێتیدا. پاشان لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ بیرۆکەی یـەکگرتنی بزووتنـەوەو خەتی گشتی هاتە ئاراوەو زەمینەسازی بۆ یەکگرتنەوە کرا، ئەوەبوو لە ١١/ ئەیلول/ ١٩٨٢ لەژێر ناوی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردسـتان یـەکیان

گرتەوە. بەو شێوەیە تا ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ هەردوو باڵەکە پێکەوە دژی ڕژێمی بەعس خەباتیان کرد. لەمانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩٢ یەکەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسترا‌و هەردوو باڵەکە یەکگرتنیان لەژێر ناوی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) ڕاگەیاند.

★ کاراکتەری کۆژین (کە ناوی نهێنی ڕۆژانی ڕێکخستنم بوو) بۆچی خۆی لەنێو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا بینییەوە، بێگومان ئەوە لەخۆڕاوە نەبوو، بەڵکو کۆژین ئامانجی بەرگریی هەردوو دۆزی نیشتمانیو کۆمەڵایەتی لە ئەستۆ گرتبوو، یەکەمیان مافی پێشێلکراوی نیشتمانیو نەتەوەیی لەلایەن حزبی بەعسی داگیرکەرەوە، دووەم مافو ئازادییەکانی ڕەگەزی مێیینە کە دابونەریتی کۆمەڵایەتیو ئایین پێشێلی دەکرد. هەربۆیە خەونەکانی کۆژین هاوسەرگیریو ژنێتی ناومالو منالّ نەبوو، بەڵکو هەموو هەستێکی مێیینەیی لەخۆی داماڵیبوو، خەون و ئایدیای کۆژین خەباتی ڕزگاری نیشتمانی بوو. پێش ئەوەی ببێتە ئەندامی کۆمەڵە، چەندین کتێبی خوێندبۆوە، لەوانە کتێبی (اصل العائلة والملكية الخاصة والدولة) کە باس لەدەرکەوتنی یەکەم خێزانو خاوەندارییەتی تایبەتیو دەوڵەت دەکات، ئەم کتێبە ئاماژەکانی دەرکەوتنی کۆمەڵی پیاوسالاری دەگەڕێنێتەوە بۆ دەرکەوتنی خاوەندارێتی تایبەتی.

هەروەها کۆژین لەخێزانێکی هەژاردا پەروەردە کرابوو، بۆیە زۆر بڕوای بەو وتەیەی کارل مارکس هەبوو کە دەیوت ((بۆ هەموو کەسێك بەپێی توانا، بۆ هەموو کەسێك بەپێی پێویستییەکانی)) پێیوابوو ڕێبازی مارکسییەت جیاوازی نێوان هەژارو دەوڵەمەند ناهێڵێت. لەبەرئەوە ڕێبازی کۆمەڵە، ئەو ڕێبازە بوو کە هەموو خەونە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی تیا کۆبووەوە، هەوەها بەپێویستی زانی کە دەبێت ژنان هاوخەباتی پیاوان بن لەژێر دروشمێکی شۆڕشگێڕانە بۆ ئەوەی ژیانی خەڵکی کوردستان بەرەو قۆناغێکی پیشکەوتوو سەقامگیر بڕوات. وەك کارل مارکس دەڵێت (هەر کەسێك شتێك لەبارەی مێژووەوە بزانێت، دەرك بەوە دەکات کە گۆڕانە مەزنەکانی کۆمەڵایەتی بەبێ شۆڕشی ژنان مەحاڵە).

★ سەرگوزشتەی هەشت ساڵ بەشداریکردن لە کارو خەباتی نهێنیو سیاسیو پشتگیری کردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە شاخ، لە نێو قوڵایی شارەکاندا، لە وڵاتێکی داخراو و سەرکوتکەرو داپڵۆسێنەری هاوشێوەی دەسەڵاتە ستەمکارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە خاوەن سوپایەکی زەبەلاحو دەیان دامودەزگای سیخوڕیو جاسوسیو سەرکوتکەرانە بوون، نەك بۆ من بەڵکو بۆ هەر کەسێك لەو کاتو سەردەمەدا کارێکی ئەستەمو سەرکێشییەکی ترسناك بوو بە گیانی خۆیەوە، مەسەلەکە پەیوەندی بە ژیانو مەرگەوە هەبوو، سەرکێشییەکەش ڕووبەڕووکردنەوەی کۆی ئەندامانی خێزانێك بوو لە نێوان ئەگەری مانەوەو ئەگەری مەحفبونەوەدا،

من لەم کتێبەدا هەوڵدەدەم چەمکێکی مێژوو لە زاری کارەکتەرێکی کچەوە بگێڕمەوە، کە لەسەردەمی دەسەڵاتداریێتی بەعسدا بیری بۆ دنیایەك دەچوو کە جیاوازبێت لەو دنیا ترسناكو تاریكو خوێناویەی بەعس بینایکردبوو.
شتێك کە لە سەرەتاوە دەمەوێت وێنەکەی وەك خۆی بکێشم، ئەستەمی بەشداری کچانە لە خەباتی نهێنیو سیاسیدا، گەر لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەوە تەماشای ئەم بابەتە بکەین، ڕەنگە بۆ ژنان دەرفەتی بەشداریکردن لە کاری سیاسیو نهێنیدا کەمێك ئەهوەنتربوبێت تا کچان، بەوەی ژنان تا ئەندازەیەك دەیانتوانی لەچاو کچاندا، ئازادانەتر هاتوچۆو جموجوڵ بکەن، بێگومان ژیانی هاوسەرگیریش فاکتەرێکی تری توانایە بۆ ژنان لەڕێگەیەوە بەدووربن لە قسەوقسەلۆکی خەڵکی و دەوروبەریان.

کاروباری رێکخستنی نهێنی لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، کە هیچ جۆرە ئامێرێکی پەیوەندیکردن یارمەتیدەرنەبوو بۆ ئاسانکردنی پەیوەندییەکان، کارێك بوو بە پلەی یەکەم پشتی دەبەست بە تواناو سەلیقەو جموجوڵی تاکەکەسی، مەبەستمە بڵێم ئێمە خۆمان لەسەر بنەمای وزە ناوەکییەکانی خۆمان بەردەوامیو پەرەمان دەدا بە گشت پەیوەندییەکان، هەڵبەت بۆ ئاگاداربوون لە هەواڵەکان، گەیاندنی زانیارییەکان، راسپاردەکان، ڕاپۆرتەکان، پەیوەندیکردن بە هەڤاڵان، گواستنەوەی جموجوڵی سەربازیو کاری دەزگا سیخوڕییەکان..... دەیان کاری دی، دەبوو پشت بە خۆمان و تەنها خۆمان ببەستین، ئەمەش لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی دامودەزگاکانی بەعسدا کە بەو پەڕی دڵڕەقیو بێڕەحمییەوە مامەڵەی لەگەڵ ڕێکخستنەکاندا دەکرد، لە جیاتی چاوێك

سەدان‌و هەزاران چاوی ئامادەکردبوو بۆ دۆزینەوەو ئاشکراکردنی تۆڕی ئاڵۆزی ڕێکخستنەکانی نێو شار.

لەم کتێبەدا کە بەشێکە لەیاداشتی خۆم وەك کچێك کە بەشداری کاری ڕێکخستنی سیاسیم کردووە لە شانە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا، لەپاڵ تێگەیشتنم بۆ توانای پیاوان لە نوسینەوەی یادەوەریەکانی ڕۆژانی سەختی خەباتی پێشمەرگایەتی‌و شەڕو شۆڕو رووبەڕوبونەوەکانیان دژ بە ڕژێمی سەرکوتکاری بەعس، من دەمەوێت وێنەیەکی ترو دیویێکی تری ئەو خەباتە نهێنیە بنوسمەوە کە بۆ ئێمەی کچان لەو ڕۆژگارانەدا زۆر زەحمەت‌و ئەستەم دەهاتە پێشچاو، ئەویش کاریگەری ڕەهەندە کۆمەڵایەتی‌و ئایینی‌و دابونەریتە باوەکانی ئەو کات بوو بەسەر کۆی پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی، کە بەگشتی کۆمەڵگایەکی داخراو و ترساو و بریندار بەرهەمهێنابوو، ئەمانەش بە کۆ ئەو توانایەی کچان و ژنانیان ئیفلیجکردبوو تا وەك گەریلاکانی ئێستای باکوری کوردستان بەشداری خەباتی چەکداری ڕزگاریخوازی میللەتەکەمان بکەین.

بەوردبوونەوەمان لە جیاوازییەکانی باری دیموگرافی‌و کۆمەڵایەتی‌و باڵادەستی ئایینی‌و مەزهەبی لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بە تەواوی ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتیەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە لەنێو چوار پارچەکەی کوردستاندا هەیە، کچان‌و ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باکور، دەرفەت و شانسی بەشداریان لە خەباتی پێشمەرگایەتیدا زیاتربووە لە کچان و ژنانی

باشـور، هەڵبـەت کاریگـەریی ڕۆشـنبیری فـارس و تـورك بەسـەر کـۆی پەیوەندییەکانی ئەو ناوچە کوردنشینانەوە دیارو ئاشکرابووە.

بـاکوری کوردسـتان کـە لـەژێر دەسـەڵاتی سـتەمکاری تورکـدا ژیـان دەگوزەرێنن، ڕۆشنبیری‌و کلتوری تورکی بەزۆر سەپێندراو بەسەر گەلی کورددا لەوێ، تا ئەندازەیەك کۆمەڵگای کوردی لە داخران و پەراوێزکاری جیهـانی پاراسـتووە، ئـەو فاکتـەی تورکیـای وەك وڵاتێکـی دیموکراسـی و عەلمانیی بۆ تورکەکان ناساندووە، هۆکارێکیش بووە بۆ کوردەکان تا سود لەو دۆخە ببینن، بە تێبینی ئەوەی هەموو شتێك بۆ تورك ڕەوایەو بۆ کورد ناڕەوایە، هەر لەپاراستنی شوناس و زمان و دابونەریت و بۆنە و جلوبەرگ و ... کە ئەمەش بزوێنەری شۆڕش و خەباتی کوردانی باکورەو ژنانیش بەسود وەرگرتن لەو پەراوێزە ئازادییەی لەوێ بوونی هەبووە، توانیویانە هاوشانی پیاوان بەشداری خەباتی سیاسی و چەکداری بکەن، تەنانەت لەو خەباتەدا کوردانی باکور نەیانتوانیوە ژن پەراوێزبخەن لە رۆڵ‌و کاریگەریان لەنێو کۆمەڵگادا، بۆ نمونە عەبدوڵڵا ئۆچئالان دەڵێت (ژنناسی بە قەت ئەوەی ڕەخنەگرتنە لە کۆمەڵناسیی ناهەمواری رابردوو، ئەوەنە دەبێتە هۆی پێکهێنانی جەوهەری سۆسیۆلۆژیی ئازادی).

لە تورکیا کاریگەری ئایدۆلۆژییەتی ئازادی ژنان و فەلسەفەی ژنۆلۆژی، ئەو توانایەیان بە ژنان بەخشیوە کە زیاتر بڕوایان بە خودی خۆیان هەبێت، پیاوانیش لەژێر کاریگەری هەمان دۆخدا دەرگایان بۆ ژنان واڵاکردووە تا ببنە ژمارەیەکی بەهێز لە نێو ململانێ سیاسی‌و

سەربازییەکاندا، بەڵام لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، داخراوترین‌و ترسناکترین‌و پەراوێزترین هاوڵاتیانی دونیا، هاوڵاتیانی عیراق بوو، کە بە کوردو عەرەبیەوە لەژێر سایەی دەسەڵاتی فاشیزمی بەعسدا لەو پەڕی نەهامەتی‌و دەردەسەریدا ژیانیان لێبوو بە جەهەنەم، ئەمەش جگەلەوەی هیچ دەرفەتێکی نەهێشتبۆوە بۆ بەشداریکردنی کاروباری سیاسی، خۆپاراستن و خۆبەدورگرتن لە بەڵای ستەمی بەعسی کردبووە ئەمری واقع.

هەشتاکان هیچ هەلومەرجێکی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ ئێمە کورد لەباشوری کوردستان یارمەتیدەرنەبوون تا ژنان بتوانن شرۆڤەی تواناکانیان بکەن، بۆ نمونە لە ئێستادا هەلومەرجی نێوخۆیی‌و ناوچەیی‌و نێودەوڵەتی بۆ ژنانی رۆژئاوای کوردستان زۆر لەبارە تا بتوانن بەشداربن لە خەباتی سیاسی‌و چەکداریدا، ڕاستیش بونەتە ئەمری واقع‌و ژمارەیەکی بەهێزی هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکان.

مێژووی ستەمکاری و پەراوێزخستنی تواناکانی ژنان لە باشوری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری باڵادەستی‌و هەژموونی بزوتنەوەی ئیخوانی و ئیسلامی سیاسی لە پەنجاکان‌و شەستەکانی سەدەی رابردوودا، هەڵبەت پێش ئەو ڕۆژگارەش کاریگەری کلتوری ئایینی هەر هەبووە، بەڵام دەرهەق بە بەشداری ئێمە لە خەباتی سیاسی نهێنی هەشتاکاندا، ئەو مێژووە تەواو ڕەنگ و بۆنی پەنجاکانی سەدەی رابردووی پێوەدیار بوو، کە دیاربوو کلتورو عەقڵیەتی عەرەبی و سەلەفیزم کاریگەری نەگەتیڤی لەسەر

تێـڕوانینی پیـاوانی کـوردیش خولْقانـدبوو تـا مافـەکانی ژنـان و ئـازادی و بەشداریکردنیان لە هەر کایەیەکدا تەواو سنوربەند کردبوو. هەموو ئەوانە پێکەوە کاریگەری لەسەر ژنان هەبوو، تەنانەت شۆڕشی نـوێی گەلەکەیشـمان بـە ڕابەرایـەتی یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان نـەیتوانی بەتـەواوی ئـەو دۆخــە تێپــەڕێنێت، ژنــان لــە شۆڕشــی نوێــدا تــەنها لەگــەڵ هاوســەرە پێشـمەرگەکانیاندا دەیـانتوانی بەشـداری خـەبات بکـەن، لـە ڕێکخسـتنە نهێنیەکانیشدا ژنان دەگمەن و بەژمارەیەکی هێجگار کەم دەردەکەوتن، ئـەو دەرکەوتنەیش سەرکێشیکردن بوو بە خود و خێزان و ناوناوبانگ.

من کچی پیاوێکی ئیمانـدار و لـەخواترس بـووم، بـاوکم شـێخ مـەحمودی شـێخ کـەریم، پیـاوێکی نـورانیو سەرڕاسـت و کوردپـەروەربوو، پیاوێـك لەشێوەی نهێنییـەکی جـوانی شـاراوەدا، کاریگـەریی ئـایین لەسـەر بـاوکم لـە هـەموو شـت زیـاتر بـوو، بـەڵام هـەرگیز ڕۆحـی کوردایـەتیو مەردایـەتی فەرامۆش نەکردبوو، ئەمەش بۆ من وەك نمونەی بـاڵا وابـوو تـا کوردبـوونو خەباتی نهێنی ببێتە خولیای سەرەکی و سەرکێشی ژیانم، ئەگەرچی ناکرێت ئەو ڕاستیە تاڵە باس نەکەم کە باوکی منـیش وەك هـەر بـاوکێکی تـری ئـەم شارە، حەزی نـەکردووە کچـەکەی بەشـداربێت لـە خـەباتی سیاسـی نهێنیـدا، چـونکە عاقیبـەتی ئـەو خەباتـە لـەژێر سـایەی دەسـەڵاتی بەعسـدا کـارێکی نەکردەو سەرکێشییەکی ترسناك بوو. بەڵام من کۆڵم نەداو وەك هاوڕێکـانم پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کرد.

نوسینەوەی سەرگوزشتەی بیرەوەرییەکانم لـە ڕۆژانـی خـەباتی نهێنیمـدا، بەکارێکی پێویستم زانی، هیوادارم توانیبێتم وەك خۆی وێنای ئەو ڕۆژانـەم کردبێـت، بەخۆشـیەکانییەوە، بـەترس و ئازارەکانییـەوە، بـە دڵـەڕاوکێ و مەراقەکانیەوە، هیوادارم خوێنەران ئەو وێنانەیان لا دروستبێت کە ئامـاژەم پێداون، لە هەمانکاتدا ئەم نوسینە بەشێکە لە خـەباتی ژن لەشۆڕشـی نـوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـوپاس بـۆ ئـەو کەسانەی هاوکارییان کردووم‌و هیوادارم لە کەم‌و کورتییەکانم ببورن.

# بەشی یەکەم

# گۆرانییەك كردمی بە بەسرایی

كە فاممكردەوە پێم ناخۆش بوو لە شاری بەسرا لەدایك بووم، ئەموت من كوردم‌و خەڵكی سلێمانیم‌و ئەبوایە لێرە لەدایك ببومایە، هەربۆیە ئەمویست ئەو قەدەرە بزانم كە ساتەوەختی هاتنە دونیای منی بردۆتە ناوچەی عەرەب. باوكم گێڕایەوە: لەهاوینی ساڵی ١٩٦٣ كە ئەوكات لەسوپای عێراقدا سەرباز بووم، ماڵیشمان لە شارۆچكەی رەواندز بوو، شەوێك لەناوچەی نزیك چیای هەندرێن بڕیار بوو سوپای عێراق هێرش بكاتە سەر هێزی پێشمەرگەو بەو شەوە لە نزیك چیاكە دابەشكراین. من زۆر بێتاقەت بووم، وتم من كوردم، چۆن تەقە لە كورد بكەم، بۆیە لە بێزاریدا بەدەنگێكی بەرز گۆرانییەكم وت، ئەمە بووە هۆی ئەوەی پێشمەرگەكان هەست بە بوونمان بكەن لەو ناوچەیەو ٣٠ دەقەیەك پاش گۆرانییەكەم، پێشمەرگە بەر تۆپیانداین و نزیكەی ٢٥ سەربازێك كوژراو ناچار پاشەكشەمان كرد، بۆ بەیانییەكەی بانگ كرام بۆ لێكۆڵینەوەو گەیشتنە ئەو بۆچوونەی كە گۆرانییەكەم

وەك جفرەیەك بوو بێت، بۆیە بانگیان کردمو بەشایەتی شایەتحاڵەکان گۆرانییەکەیان پێ وتمەوە، بەڵام کە لە وشەکانی گۆرانییەکەیان کۆڵییەوە هیچیان دەست نەکەوت، لە تۆمەتی خیانەت ڕزگارم بوو، بەڵام بێ سزا نەبووم. سزاکەم ئەوە بوو کە بەرەو ناوچەی فاو گواستمامەوە. بەهۆی ئەو دەوامەی باوکمەوە بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە خوارووی عێراق بووین، ئەو قەدەرە وایکرد من لە ساڵی ١٩٦٦ لەناوچەی زوبێر لە بەسرا لەدایك بم. غەریبیو ناهەمواری ژیانمان بووە ڕق و کینە لە دڵی باوکمداو هانیدا پەیوەندی بکات بەڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوەو بەناوی نهێنی (بنگرد)و مانگانە نیو دینار ئابوونەی دەدا.

## بە بڕی ٥٠٠ فلس لە قوتابخانە وەرگیرام

خێزانەکەمان لە باوکمو دایکمو ٤ کچو کوڕێکی تاقانە پێکهاتبوو، منیش سێیەم کچ بووم، دایکم نەزری کردبوو ئەگەر دوای من کوڕی ببێت جوتیك گوارەی ئاڵتوون بۆ من بکڕێت، ئیتر دووساڵ دوای من، خوا کوڕێکی بەخشی بەدایکمو بەو هۆیەوە منیش گوارەکانم کرایە گوێ.

دوو خوشکە گەورەکەم نەخرانە بەر خوێندن، چونکە لە سەرەتای حەفتاکانداو لە گەڕەکێکی میللی وەك (بەرخانەقا)ی سلێمانیدا زۆر دەگمەن کچیان ناردبووە قوتابخانە، شێخ مەحمودی باوکیشم لەو

ژینگەیەدا بڕوای بەوە نەبوو کچ بخوێنێت. هەردوو خوشکەکەم هەر لەتەمەنی ١٤ و ١٥ ساڵیدا بەشوو دران‌و چوونە ماڵی خۆیان، بەڵام من هەر لە تەمەنی ٦ ساڵیمدا ڕێچکەی یاخی بوونم گرتەبەر، لە پایزی ساڵی ١٩٧٢ ڕۆژێك هاوڕێکانم ووتیان ئێمە ئەمڕۆ لە قوتابخانەی خانزاد ناونووس کراین‌و ئیتر ئەچینە قوتابخانە، منیش ویستم بچمە قوتابخانە، ئەو ڕۆژە دایکم بە عەبا ڕەشەکەیەوە، دەوری کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی بوو لە بازاڕ دەهاتەوە، هەر لە کۆڵان چوومە بەردەمی‌و دەستم کرد بەپاڕانەوەو وتم ئەبێت منیش بچمە قوتابخانە، دایکم وتی باوکت ناهێڵێت، تووڕە ئەبێت، من دەستم کردە گریان‌و وتم ئەی بۆ شنەو ئاریانی هاوڕێم چوون؟ ئەبێت منیش بچم، ئیتر دایکم کە بیستی ئەوان چوون، وتی باشە شەڕی باوکت ئەکەم، با تۆمان خوێنەوار بێت، ئیتر هەر ئەو کاتە بردمی بۆ قوتابخانەی خانزادو پێناسەکەو بڕی (٥٠٠) فلس (نیو دینار)ی دا بە (ست نەسرین) بەڕێوەبەری قوتابخانەو ناونووس کرام. بەڵام ئێوارە کە باوکم هاتەوە، دایکم بۆی گێڕایەوەو وتی جەمیلەم لە قوتابخانەکەی گەڕەکی خۆمان ناونووس کرد، باوکم زۆر تووڕە بوو، دایکم وتی وەڵا تازە دامناوەو با وەك کچی خەڵك ببێتە خوێنەوارو تا (٦) ی سەرەتایی بخوێنێت، باوکم زانی دایکم بەرگریم لێ دەکات بۆیە وتی بەهۆی ئەم کچەوە گوناهبار ئەبین‌و من ڕازی نیم، بەڵام هەموو گوناهەکانی بە ملی تۆ، دایکم وتی باشە هەمووی بۆ من و وازی لێ بێنە. دایکم بوو

بەفریادرەس‌و یەکەم هەنگاوی ژیانێکی نوێی بۆ دارشتم، ئیتر من یەکەم منالّ بووم لەخێزانەکەماندا چوومە بەرخوێندن. بەلاّم شەرەکە، بەوە کۆتایی نەهات، باوکم هەندێك جار دەیبینی سەعی ئەکەم، لێم توورە ئەبوو و چەندجارێك کتێبەکانمی لە دەستم دەگرت‌و فرێی دەدا. ماوەی ٢ سالّ زۆر زەحەمەت بوو بۆم، بەلاّم پاش ئەوە براکەم چووە قوتابخانەو من زۆرم پێ خۆش بوو، چونکە بووە هۆی کرانەوەی دەرگایەك بۆ من‌و درك‌و دالّی سەر رێگەی خوێندنەکەمی رامالّی. باوکم کە ئەیبینی من سەعیم بە براکەم دەکرد، ئیتر باوکیشم ئاسایی بۆوەو تەختەرەشی بۆ دروست کردین، شەوانە خۆی سەعیی بیرکاری پێ دەکردین‌و فێری کۆکردنەوەو لێدەرکردن‌و دابەشکردنی دەکردین، هەندێکجاریش وەرزشی پێ دەکردین. ئیتر هەولّم ئەدا وەك کور رەفتار بکەم، بۆ نموونە باوکم لەشەقامی سەرکارێز دوکانی وشکەی هەبوو، لەگەلّ براکەمدا رۆژانە دوای قوتابخانە ئەچووین هاوکاری باوکمان دەکردو شتمان ئەفرۆشت، تاوی شتی قورسم ئەدا هەلّی بگرم بۆ ئەوەی دەری بخەم کە بەتوانام، زۆرجار گوێم لێ ئەبوو باوکم ئەیوت خۆزگە جەمیلەم کور بووایا.

خانووەکەمان لە خانووە کۆنەکانی بەرخانەقا بوو، بانەکەی دار بوو، دیوارەکانی یەك مەتر پان بوون، وەختی خۆی بەشێك بووە لە خانووەکانی مام رەزای مامی نەوشیروان مستەفا ئەمین خدر، باوکم بە

٦٠٠ دینار لێی کڕیبۆوه، باوکم هەموو پایزێك گوێسوانەکانی بە قوڕ سواغ ئەدایەوەو هەر جارەی شوێنێکی چاك دەکردەوه، منیش تەمەنم ١٤ ساڵ بوو هەمیشه وەك کوڕێکی ئازا لەگەڵیدا ئیشم دەکرد، هەمیشه هەوڵم ئەدا ئیش بکەم و باوکم ڕازی بکەم. تا بتوانم لەپاڵیدا ئاواتەکانم بهێنمەدی، خولیای خوێندنەوەو شیعر نوسینم هەبوو، بەڵام لەبەر عەجولیو بزێوی زۆرجار لێدانم ئەخوارد، قژم کورت و کراسو پانتۆڵم لەبەر دەکردو نەمدەویست کچ بم، چونکه کچ بوون لەو سەردەمەدا قورس بوو، ڕقم له قاپ شتنو ئیشی ماڵ بوو.

ڕۆژێك، کە ماڵی باوکم خانووەکەیان نۆژەندەکردەوه منیش هەوڵمدا ئیشی تێدا بکەم. جارێك پێیان وتم ١٠ کیسە چیمەنتۆی ٥٠ کیلۆیی بگوێزەرەوه یان قاپەکان بشۆ، خێرا تاوی کیسه چیمەنتۆکانمداو گواستمەوه. دەمویست شتێك بکەم که خۆم لێی ڕازی بم، بۆیە بڕیارمدا بەشداریی سیاسەت بکەم، هەرچەنده بیروبۆچوونەکان لەو سەردەمەدا وابوو کە دەیانووت سیاسەت ئیشی پیاوه، گوێم بەو قسه باوه نەداو وتم منیش بەشداری ئەکەم.

## لەشکستی شۆڕشی ئەیلولەوە بۆ شۆڕشی نوێ

وەك خەونێك ئەو ڕۆژگارەم بەبیر دێتەوە، بەڵام لەو کاتەدا هیچ لەو باسە تێنەدەگەیشتم، کەچی منیش کە ئەوانم دەبینی، هەستم بەنیگەرانی دەکرد، ئەو کاتە پێشمەرگەکان دەهاتنەوەو بەرەو مەلعەبەکەی سلێمانی دەڕۆشتن تا لەوێ خۆیان تەسلیم بکەن‌و چەکەکانیان دابنێن، ماڵمان لەبەرخانەقا بوو، کۆمەڵێك پێشمەرگە بەچەکەوە بەرەو مەلعەبەکەی چوارباخ دەڕۆشتن، دایکم و ژنانی دراوسێکانمان بەگریانەوە دەیانوت دەك دەستم شکێت چۆن وامان بەسەر هات، ئەوە سەرەتای نائومێدی بوو. لە دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول لە ئاداری ساڵی ١٩٧٥ خەڵك تووشی بێ ئومێدی‌و ڕەشبینی ببوو، خەڵك بڕوایان بەوە نەمابوو کە جارێکی تر بتوانن ڕووبەڕووی ئەم ڕژێمە داگیرکەرە بوەستنەوەو ترس ناخی هەمووانی تەنیبوو، بەڵام هەندەی نەبرد مقۆمقۆی شۆڕشی نوێ بڵاوبۆوە، خەڵك بۆ دووبەرە دابەشبوون، بەرەیەکیان ڕوویان لەڕژێمی بەعس کردو خۆشگوزەرانیی خۆیان‌و ماڵ‌و منداڵیان بەدەسەڵاتەوە بەستەوە، بەرەکەی تر گەشبینیی‌و ڕۆحی کوردایەتییان زیندوو بۆوە، تواناو لێهاتوویی مام جەلال ئاسۆیەکی نوێی بۆ خەڵك کردەوە.

ئەوە بوو لەساڵی ١٩٧٥ و دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە فکرێکی نوێخوازییەوە ڕابەرایەتیی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستانی گرتبووە ئەستۆ. شاری سلێمانیش

مەڵبەندی سەرەکی چالاکییە سیاسییەکانی (ی .ن. ك) بوو. ئەو کچو ژنانەی بەشداری خەباتیان دەکرد بەهۆی برا یان باوك یان هاوسەر یان کوڕەکانیانەوە بووە کە پێشمەرگە بوون یان لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوشاردا کاریان دەکرد. ئیتر بەهۆی هەلومەرجی خێزانییانەوە زۆرجار ناچار بوون کاری سیاسی بکەن. بەڵام حاڵەتەکەی من جیاواز بوو، هەلومەرجی خێزانی هاندەرم نەبوو، چونکە باوکم تەمەنی ٥٠ساڵ بەرەو ژوور بوو وێڕای ئەوەش پێشتر وەك ڕێکخستنی نهێنی بەناوی (بنگرد) پەیوەندی بەڕێکخستنی پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە هەبووەو ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥ تووشی بێ ئومێدی کردبوو، زۆرجار پێی ئەوتم شۆڕشی ئەیلوول کە خاوەنی زیاتر لە ١٠٠ هەزار پێشمەگە بوو شکستی هێنا، ئیتر بڕوا ناکەم کورد بتوانێت جارێکی تر بەرەنگاری حزبی بەعس ببێتەوە. من نەبوونی ئەو هەلومەرجە خێزانییە بێ ئومێدی نەکردم، چونکە خولیای بەشداریی خەباتی ڕزگاری نیشتمانی کوردستانم هەبوو، ئەو ناوەندەی تیا ئەژیام هەستێکی نیشتمانی بەهێزی لام دروست کردبوو، چ لەماڵەوە و چ لە قوتابخانە، باوکم سەرباز بوو لە سوپای عێراقداو زۆرجار باسی زوڵمو ستەمی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتی عێراقی بۆ دەکردین.

ڕژێمی بەعس بەو هەواڵەی شۆڕشی نوێ زیاتر توندوتیژیی پیادە کرد، بە بەعسی کردنو جاشایاتی پرۆسەیەکی بەردەوام بوو، یەکەم

هەنگاو لە ساڵی ١٩٧٨ - ١٩٧٩ ڕاگواستنی گوندەکانی سەرسنوور بـوو، دوو ئامـانجی لـە پشتەوە بـوو، یەکـەمیان دابـڕینی شـۆڕش و پێشـمەرگە لـە خــەڵك، دووەم وێرانکردنــی گونــدەکانو ڕاگواســتنی خەڵکەکــەی بــۆ ئۆردووگای زۆرەملێو بێ ئیش کردنی جوتیاران.

شـەڕی نێـوان عێـراقو ئێـران لـە سـاڵی ١٩٨٠ دڵخۆشـیی‌و گەڕانـەوەی متمانەی بۆ خەڵك زیاتر کردو هێرشـەکانی حکومـەتی ئێـران بـۆ سـەر عێـراق بـووە هـۆی هۆشـیاربوونەوەو متمانــە بوونــەوە بــەخۆیان تــا جارێکی تـر بەشـداریی شۆڕشـی نـوێ بکـەن. زۆربـەی گەنجـەکان ڕازی نــەبوون ســەربازی بــۆ حکومــەتی عێــراق بکــەن، بۆیــە هەڵــدەهاتن‌و دەبـوون بـە پێشـمەرگە. ئەمـەش بـووە هـۆی بـەهێز بـوونی یـەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ئەوکاتــە ژنــان وەك پیــاوان نەیانــدەتوانی بێنــە کــۆڕی خــەباتی چــەکدارییەوە، بــەهۆی دابو نــەریت‌و سیســتمی باوکســالارییەوە کــار کردنی ژنان لە بواری سیاسیەتدا زۆر سـەخت بـوو، چونکە پێیـانوابوو کــە بــوونی ژن لــەو بــوارەداو ئاشــکرابوونی لــەلای رژێمــی بــەعس‌و دەســگیرکردنی ئەبێتــە هــۆی لەدەســتدانی ســومعەو حەیاچــوون، لەبەرئـەوەی ڕژێمی بـەعس زۆر توندوتیـژو نامرۆڤانـە بـوو، ئەترسـان دەســتدرێژی سێکســی بکاتــە ســەریان، بەهــەمان شــێوە بــۆ پیــاوانیش سەخت بوو، بەڵام ئەوە نـەبووە هـۆی رێگـری لـە بەشـداریی پیـاوان لـە خەباتی ڕزگـاری نیشـتمانیی کوردسـتان، چونکە تێـڕوانینی کۆمـەڵ بـۆ

پیاو زۆر جیاواز بوو، هەربۆیە پیـاو خـاوەنی بڕیـاری خـۆی بـوو، ئـازاد بوو چی بکات.

لـە باشـووری کوردسـتان تێـڕوانینی جیـاواز بـۆ ژن و پیـاو هـەبوو، چونکە باشوری کوردسـتان لـەژێر کاریگـەریی کـەلتورو فکـری عـەرەبی ئیسـلامیدا بـوون، بۆیـە لـەناو کۆمەڵـدا ژن لـەڕووی ئـەرکو لـە ڕووی مافەوە جیاوازیی هەبوو، بەڵام لەم سەدەیەی ئێستاماندا تێڕوانینـەکان زۆر گـۆڕاون، ئـەوەی مـن ئێسـتا باسـی لـێ دەکـەم سـاڵانی حـەفتکانو هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە، واتا نزیکەی ٣٠ساڵ پێش ئێستا، ئەوکاتە هۆکـارە ئـابووریو ڕۆشـنبیرییەکان ڕۆڵێکـی لاوازیـان لـە پێشخسـتنی کۆمەڵ هەبوو، ڕاستە هەمیشە نوخبەیەکی پێشکەوتوو هـەبووە، بـەڵام زۆرینەی خەڵکە هەژارەکان هێشتا لەژێر هەژموونی ئـایینو مزگـەوتـدا بوونو کـەلتووری خێڵـەکیو گونـد بەسـەر فکـری تاکدا زاڵ بـوو، ماڵـە شـێخ و مـەلاو حاجییـەکان سـەبارەت بـە ڕەگـەزی مێیینـە زۆر جیـاواز بیریـان دەکـردەوە. بـەڵام بڵاوبوونـەوەی فکـری چـەپگەرایەتی هێـدی هێدی توانی سەرەتای گۆڕانکاریی لـە فکـرو بیرکردنـەوەدا بکـات، بـەڵام نەگەیشـتە ئاسـتێك ژن و پیـاو یەکسـان بکـات، یـان تێڕوانینێکـی پێشکەوتنخوازی دروست بکات.

هەروەها حکومەتی عێراق وێڕای دکتاتۆری و زەبروزەنگی دەرهەق بـە کـوردو شـیعە، هەنـدێك بڕیـاری گرنگـی دەدا، بـۆ نموونـە هەڵمـەتی نەخوێندەواری، کە بە زۆر ماڵەوماڵ دەگەڕانو هەر کەسێك نێـر بوایـە

یـان مـێ و تەمـەنی لـە ٦ سـاڵ بـەرەو ژوور بێـت تـا ٤٥ سـاڵ دەبوایـە بخوێنێـت، لـەوبارەوە یونسکۆ سـاڵانی ١٩٧٠ ـ ١٩٨٦ بـە سـاڵانی ئـاڵتونی وەسـف دەکـات بـۆ ئاسـتی خوێنـەواری لەعێراقـدا. هـەروەها بـۆ کـاری پەرستاری ژنان لە نەخۆشخانەکان، حکومەت بڕیارێکی دەرکرد بۆ هەر خوێنـدکارێك دوای تـەواو کردنـی خوێنـدنی دەبـوو یەکـەم سـاڵی دامەزرانـدنی وەك پەرسـتار لـە نەخۆشـخانە کـار بکـات، ئەمـەش لەبەرئـەوەی لـەو سـەردەمەدا زۆرینـەی خێزانـەکان ڕازی نـەدەبوون کچـەکەیان لـە نەخۆشـخانە ئـیش بکـاتو شـەوانە ئێشـکگری بکـاتو بـەهۆی ئـەو کـارەوە دەسـتیان بەرجەسـتەی پیـاو بکـەوێت. بۆیـە ئـەو بڕیـارە زۆرەملێیـەی حکومـەتی عێـراق خـەڵکی لەگـەڵ ئـەو پیشـەیە ڕاهێنـا، بـەڵام بەمەبەسـتی دژایـەتی حزبـی بـەعس زۆرێـك لەخـەڵك پابەند نەدەبوون بەو بڕیارانەوە.

شایانی باسـە لـەو سـەردەمەدا کێشـەی دواکـەوتنی هاوسـەرگیری بـۆ ئەو کچانە دروست دەبوو کە گوێیـان بـە دابونـەریتی کۆمـەڵگا نـەدەداو پـاش خوێنـدن دەبوونـە فەرمانبـەر، چـونکە تـا ڕاددەیـەکی زۆر عەقڵییەتی پیاو لەو سەردەمەدا بەجۆرێك بوو تا بیانتوانیبایـە لەگـەڵ کچـی ماڵـەوە (بـێ ئـیش) هاوسـەرگیریان دەکـرد، ئـەوەش بـووە هـۆی ئـەوەی ڕێژەیـەك لـە کچـانی لـەدایکبووی ١٩٥٥ بـۆ ١٩٦٥ وەك قـەیرە بمێننـەوە. ئینجـا لـەو هەلومەرجـە دواکـەوتووەدا چـۆن کچـان بتـوانن

فکری سیاسیو نەتەوەییو چینایەتییان بەرز بکەنەوەو بێنە مەیدانی کارو چالاکییەکانیانەوە. لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا هەندێك هۆکار بووە هۆی خستنەگەڕی ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵ، بەشێوەیەکی گشتی، شەپۆلی فکری شیوعییەتو مارکسی - لینینی لەناوچەکە کاریگەریی لەسەر دەسەڵاتو خەڵکی عێراق هەبوو، حکومەتی عێراق خۆی بەهاوپەیمانی یەکێتیی سۆڤییەت دەزانییو لایەنگری سۆشیالیزم بوو، بۆیە خۆیان ناونابوو (حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی)، لەوکاتەدا دەیویست جێ پێیی خۆی قایم بکاتو هەندێك گۆڕانکاری لە سیستمی سیاسی عێراقدا بکات، بۆیە وەك باسم کرد هەندێك بڕیاری نوێخوازییانەی لەبواری پەروەردەو ڕۆشنبیری دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا گەشەی فکری مارکسی ـ لینینیو ماوی لە کوردستان کاریگەریی خۆی لەسەر فکری تاك دانا، کە لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٠ کۆمەڵەی مارکسی ــ لینینی کوردستان دامەزرا، کاریگەریی زۆری لەسەر شاری سلێمانی هەبوو، شاری سلێمانیش بەجیاواز هەمیشە بۆ فکری نوێخوازیو پێشکەوتنخوازی ئاوالا بووە، هەربۆیە گۆڕانکاری ڕێچکەی خۆی بەرەو هۆشیاریو گەشەی فکری نەتەوەیی گرت. بوارەکانی هونەر بە گشتیو شانۆ بەتایبەتی پێشکەوتنیان بەخۆوە بینیو لەساڵانی هەشتاکاندا بە نموونە تیپی شانۆی سالار بووە هۆی کۆکردنەوەی گەنجان لەهۆڵەکانی شانۆدا. یەکێك لەو شانۆگەرییانە

(نالیو خەوێکی ئەرخەوانی) بوو، کە نزیکەی مانگێك بەردەوام بوو، هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی پڕ دەبوو لە خەڵك.

وێڕای ئەوە باوکم ترسی لە من هەبوو سەودای سیاسەت بکەم، بۆیە هەمیشە پێی ئەوتم ئافرەت هەر ئافرەتەو دامێنەکەی خۆی دوژمنێتی، بۆیە ئەبێت لەو مەسەلانە زۆر بەدوور بێت، بەڵام پیاو بەرخی نێرەو چی بکات لێی عەیب نییە. ئەم قسەیەی زۆر کاری تێ دەکردمو ئەموت خۆ بەعس لە زوڵم و ستەمدا جیاوازی لە نێوان ژنو پیاو ناکاتو هەموو کورد بەنێرو مێیەوە وەك یەك ئەچەوسێنێتەوە. بۆیە بڕیارمدا بەشداری خەباتی سیاسی بکەم. هۆکارێکی تر ئەوە بوو، من لە قۆناغی ناوەندیدا، لە دواناوەندیی کوردستانی کچان بووم لەگەڕەکی دەرگەزێن، واتا پۆلی یەكو دوو و سێم لەوێ تەواو کرد، کە مامۆستاکانی زۆر نیشتمانپەروەر بوونو بەشێوەیەکی کوردانە پەروەردەیان دەکردین، نیشتمانپەروەریی ئەو مامۆستایانەش بووە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٢ سەرەتای خۆپیشاندانەکان لەوێوە دەست پێبکات. بەشداری کردنم لەو خۆپیشاندانانە بووە هاندەرم کە لەساڵیادی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ١٩٨٢/٦/١٠ یەکەم نامەم بۆ پەیوەندیکردن بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە نووسی.

# بەشی دووەم

# بووم بە ئەندامی کۆمەڵە

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٠ دامەزرا، هەروەها پاش چەند ساڵێك و لە ١٩٧٥ بووە بەشێکی بەهێز لە پێکهاتنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. کۆمەڵە توانی فکری چەپگەرایی لە باشووری کوردستان بڵاو بکاتەوەو ڕەنجدەرانی بیرو بازوو بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشی نوێ ساز بدات. ئەوە بوو لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو پەرەیسەند، هۆکاری ئەو پەرەسەندنەش دەگەڕێتەوە بۆ زوڵمو زۆری بەعس لەکوردستانو لەلایەکی ترەوە شەڕی نێوان عێراقو ئێرانیش کاریگەری زۆری هەبوو، چونکە هەڵاتنی سەربازانی کورد لە سوپای عێراقو چوون بۆ ناوچە ئازاد کراوەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی کاریگەری خۆی لە بەهێزبوونی یەکێتیدا بینی. کە بووە هۆی ئەوەی بەسەدان گەنج پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بکەن. بێگومان ئەوە ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕێکخستنە

نهێنییەکانی ناو شارەکانیش هەبوو. منیش لەوکاتەدا تەمەنم ١٦ ساڵ بوو وەك هەر گەنجێکی کورد هەستی نەتەوایەتیم پاڵی پێوەنام کە پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بکەم.

لە تەمەنی ١٦ ساڵیمدا خوێندکاری پۆلی سێی ناوەندی بووم‌و لەقوتابخانەی ئامادەیی کوردستانی کچان دەمخوێند، منیش وەك خوێندکارەکانی تر بەشداریی خۆپیشاندانەکانم کرد، ئەوە بووە هۆی زیاتر هاندانم بۆ پەیوەندی کردن بە ڕێکخستنەوە. بۆیە پاش خۆپیشاندانەکانی بەهاری ساڵی ١٩٨٢ بڕیارمدا پەیوەندی بەڕێکخستنەوە بکەم، لەو کاتەدا هاوسەری (سەبیحە) خوشکە گەورەکەم، سەربازی ڕاکردوو بوو، بەو هۆیەوە ماڵیان چوبووە گوندی دێگەڵ لەناوچەی شارباژێری سەخت. ئەو ناوچەیە شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگەکانی تیپی ٣٧ی شارباژێر بوو، شوبرایەکیشی بەناوی (شوانە) لەو تیپە پێشمەرگە بوو، لەڕێی ئەو خوشکەمەوە لە ساڵی ١٩٨٢ نامەیەکم بۆ کاك (شوانە) لە تیپی ٣٧ی شارباژێر نووسی‌و خوشکەکەم دابووی پێی‌و ئەویش نامەکەی دابوو بە (کاوە سەلیم) کە ڕابەرسیاسی ئەو تیپە بوو، پاش مانگێك بە نامەیەك ڕەزامەندییان بۆ ناردم، لە نامەکەدا داوای لێکردبووم ئەو ئۆرگانە هەڵبژێرم کە دەمەوێت کاری تیا بکەم، (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان یان یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان، یان کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان)، منیش بە نامەیەك ئۆرگانی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)م هەڵبژاردو بۆم ناردنەوە.

پاش ٣ مانگ لە ڕێی خوشکەکەمەوە نامەیەکیان بۆ ناردمـەوەو داوایـان لێکـردم بچـمە گونـدی کـەناروێو لـە چـایخانەکەی کـەناروێ یـەکتر ببینینو ڕۆژێکیان دیاری کردبوو، منیش لەوکاتە دیاریکراوەدا چوومە ئـەوێ، بـەڵام پـاش چـاوەڕێکردنێکی ٢ کاتــژمێری کـەس پەیوەنـدی پێوەنەکردمو ناچار بۆ سلێمانی گەڕامەوە، پاش ٢مانگی تر خوشکەکەم هاتەوەو نامەیەکی ترم نـارد، بۆیـە کـاتێکی تـر دیـاری کـرا، بـە هـەمان شێوە چوومەوە بۆ شـوێنی دیـاریکراوی پێشـوو. ئـەو ڕۆژە لـە کاتـژمێر ١١تاکاتــژمێر ٣ی پاشــنیوەڕۆ لــەو ناوچــەیە مامــەوەو چــوومە نزیــك چایخانەکە، بەس لەگفتوگۆی ئەو پیاوانەی لەوێ دانیشتبوون گوێم لـێ بوو، کە ڕۆژی پێشتر شەڕێك لەو ناوچەیە ڕوویدابوو، بۆیـە بـێ ئومێـد بــوومو بــە تەکســییەك گەڕامــەوە. پــاش چــەند ڕۆژێــك لــەڕێی خوشکەکەمەوە نامەیەکم بۆ هاتەوە کە کاك کاوە سـەلیم بـەهۆی ئـەو شەڕەوە بە سوکی بریندار بووەو نەیتوانیوە بێتە شوێنە دیاریکراوەکە، بۆیــە بــەهۆی ســەختیی هاتووچــۆکردنەوە، لەلایــەن (کــاوە ســەلیم) پەیوەندییەکــەم گوازرایــەوە بــۆ کــەرتێکی ڕێکخســتنی نــاو شــارو بەنامەیەك کاتو شوێنێکم بۆ دیاری کرا.

لـە زســتانی ســاڵی ١٩٨٣دا بـوو، لــە نزیـك گــەڕەکی مامۆســتایان مـەوقفێکی پاسـی لـێ بـوو (نزیـك فولکـەی دەسـتەکە)، کـە زۆر کـەم هـاووڵاتی لێـی دەوەســتا، چـونکە لـەناو بـازاڕەوە زۆر نزیـك بـوو، وا

دانرابوو کە کوڕێك بە کراسی سپیو پانتۆڵی ڕەشەوە لەوێ بوەستێتو منیش بچمە لایو لێی بپرسم کاتژمێر چەندە؟ ئەویش لە وەڵامدا بڵێت من کاتژمێرم بۆ خۆم کڕیوە. ئەوکاتە یەکتر ناسینەکە پێکدێت، ئەوەی جێی سەرنج بوو لە کاتی پرسیارەکەمدا کوڕەکە (بە داخەوە ناویم لە یاد نەماوە) بەو وەڵامەی خۆی پێکەنینی هات. هەر ئەو کاتە نامەیەکی ڕێکخراوی پێدام و وتی ئیتر تۆ ناوی نهێنیت (ڕۆزا)یە. پەیوەندی کردنم بەو کوڕەوە کەمێك لام زەحمەت بوو، چونکە نەمدەتوانی کۆبوونەوەی لەگەڵ بکەم و یەکتر بینینەکان لەبەر هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵگا زەحمەت بوو، بۆ نموونە ڕۆژێك لە نزیك مەلعەبەکەی سلێمانی لە گەڕەکی چوارباخ بەمەبەستی وەرگرتنی هەواڵو ڕاپۆرتو بڵاوکراوە یەکترمان بینی، کەچی بەڕێکەوت دراوسێیەکمان بینیبوونیو من نەمزانی بوو. بۆ ڕۆژی دوایی لەبەر چاوی دایکمدا پێی وتم دوێنێ تۆم لەگەڵ کوڕێکدا بینی ئەوە چیتان بوو؟ منیش زۆر لە دڵم گران بوو، چونکە پرسیارەکەی بووە جێی سەرنجی دایکم بۆیە خێرا بە تووڕەییەوە وتم نازانم چی ئەڵێیت، پاش کەمێك وتم ئا بیرمکەوتەوە ئەوە نەشارەزا بوو پرسیاری ڕێی لێدەکردم کە ئەیویست بچێت بۆ گەڕەکی سەرکارێز. ئەوە بووە هۆی ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە بچمە کەرتێکی ڕێکخستنی ژنانەوە، ئەو کوڕەش پێی باشبوو چونکە خوێندکاری پۆلی شەشی ئامادەیی بوو، بەهۆی سەعیکردنەوە کاتی بۆ کۆبوونەوە نەبوو. پاشان بە نامە

سەرووی خۆمم ئاگادار کردەوە کە پێویستە بمگوازنەوە بۆ کەرتێکی تر، پاشماوەیەك ئەو هەڤاڵەم نامەیەکی بۆ هێنام‌و وتی پەیوەندیت بەمنەوە نەماو ئەو نامەیە بخوێنەوە لە نامەکەدا نوسرابوو کە پیاوێك بەناوی (سالار عومەر ساڵح ماوەتی) لە فەرمانگەی کشتوکاڵی شارۆچکەی عەربەتەو بچم پەیوەندی پێوە بکەم.

## دیداری سالار عومەر ساڵح ماوەتی (ڕێباز)

ئەو کاتە من خوێندکاری پۆلی دووەمی کشتوکاڵی بەکرەجۆ بووم بەیانییەك لەبری ئەوەی بچم بۆ خوێندنگا بە جلوبەرگی مەکتەبەوەو بەکتێبەکانمەوە بەرەو عەربەت بەڕێکەوتم، دەوری کاتژمێر ١٠و نیو بوو گەیشتمە فەرمانگەکەو هەواڵیم پرسی وتیان بە ئیشێك دەرچووەو ماڵەکەیان پێشاندام کە نزیك فەرمانگەکە بوو. کاتێك چوومە ماڵەکەی‌و لەدەرگام دا، ژنێك دەرگاکەی لێ کردمەوە، کە هەواڵی کاك سالارم پرسی ژنەکە بەسەرسورمانەوە وتی بەڵێ ئێرەیە ئیشت چییە پێی؟ منیش وتم لە سلێمانییەوە هاتووم و ئەتوانم بێمە ژوورەوە؟ بەساردییەکەوە وتی فەرموو، کە چوومە نزیك دەرگای ژوورەکەیان لەکاتی داکەندنی کالەکانم نامەیەکی نوقلێم لە پێڵاوەکاندا دەرهێنا کە بە تیپی ئاوی پێچرابۆوەو چوومە ژوورەوە ئیتر ژنەکە لێم تێگەیشت‌و زۆر بەگەرمی‌و خۆشییەوە فەرمووی لێکردم، ژنەکە کە ناوی گوڵاڵە بوو وتی ئێستا سالار دێتەوەو چوو لەو دوکانە هەندێك شت بکرێت.

پاش کەمێك كاك سالار هاتەوەو یەکسەر کە بینیمی وتی ڕۆزاخان تۆیت؟ وتم بەڵێ. ئیتر خۆمان ناساندو باسی زۆر بابەتی سیاسیمان کردو نامەکەشم پێیدا کە لە ڕێکخراوەوە بۆم هاتبوو، ئیتر كاك سالار وتی تۆ پەیوەندیت بە منەوە ئەبێت تا کەرتێکی ژنان دروست ئەکەین، بەڵام ئێستا کەرتەکەمان ناوی کەرتی (شەهید جەمال تایەر)ە، ئەو ماوەیە چەندجارێك چوومە عەربەت. ئەویش ئەهاتە ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ بۆ لام، ڕۆژێك هاوڕێکانم لە دوورەوە زۆر سەیریان دەکردین، هەردووکمان هەستمان کرد، بۆیە كاك سالار وتی نامەیەکی نوقڵیم پێیە بۆ تۆ هاتووە چۆن بیدەم پێت؟ منیش وتم لە کاتی ڕۆشتنتا تەوقەم لەگەڵ بکەو نامەکەش بخەرە دەستمەوە، ئیتر بەو شێوەیە لێموەرگرت. وتم دڵنیام لێم ئەپرسن ئەم پیاوە کێیە وا دوو هەفتە جارێك دێت بۆ لات، كاك سالار وتی پێیان بڵێ ژنەکەی تۆراوەو لەماڵی ئێمەیەو باوکم ناهێڵێت بیباتەوە، بۆیە ئەو کێشەیەم بۆ باس دەکات تا منیش باوکم ڕازی بکەم. بێگومان هەستکردنەکەشمان ڕاست دەرچوو و منیش هەمان وەڵامیانم دایەوە.

پاش ئەوەی هەڤاڵ (مامۆستا جەلال) کە لێپرسراوی كاك سالار بوو دەسگیر کراو نێردرا بۆ موسڵ، پێی باش بوو بەزووترین کات من بۆ کەرتی ژنان بۆ لای هاوڕێ (ئارایشت) شەوقییە کاکە حەمە بگوازرێمەوە، خۆیشی بەرەو دەرەوەی شار ڕۆشت.

## گواستنەوەم بۆ کەرتێکی ژنان

١٩٨٣/١١/٥ ئەو ڕۆژە بوو کە بڕیار وابوو لە کێشەی یەکتر بینینەکان لەگەڵ ڕێکخستنی پیاوان ڕزگارم بێت. لە ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ لەناو پۆلدا بووم کچێکی ڕێکپۆش لەدەرگای پۆلەکەی داو داوای یارمەتی لە مامۆستاکە کرد کە جەمیلە مەحمود بێتە دەرەوە، مامۆستاکەشم ڕێی پێدام‌و چوومە دەرەوە ئەو کچە وتی من ناوم شەوقییەیە (شەوقییە کاکە حەمە)و ئەوەش خوشکمە ناوی پەروینە (پەروین کاکە حەمە)و تۆش (هاوڕێ ئەرخەوان)یت؟ وتم نەخێر من ئەرخەوان نیم. ئیتر چوومەوە بۆ ناو پۆل، پاش چەند خولەکێك شەوقییە کاکە حەمە هاتەوەو وتی ببورە مامۆستا ئەگەر ڕێبدەیت جەمیلە بێتەوە دەرەوە؟ مامۆستاش دووبارە وتی فەرموو، شەوقییە پێی وتم تۆ (هاوڕێ ڕۆزا)یت؟ وتم بەڵێ. وتیان لەبەرئەوەی تۆ لەو ماوەیەدا زۆر گواستراویتەوە، بۆیە ڕێکخراو پێیان وتین ناوەکەی بگۆڕن بۆ (ئەرخەوان). بۆ ئەو ناوەی (ئەرخەوان)ە من ئاگادار نەکرابوومەوە، بەڵام لە نامەکەی لای شەوقییە کاکە حەمە سەبارەت بەناوی (ڕۆزا) نوسرابوو کە بیگۆڕن بە(ئەرخەوان).

ماڵی شەوقییە کاکە حەمە لە چوارباخ بوو، هەفتانە هاتووچۆمان دەکردو کۆبوونەوەمان لەماڵی یەکتر دەکردو چالاکییەکانمان ئەنجام ئەدا، خۆشترین کاتی کاری ڕێکخستنمان بوو، ڕۆژێك زۆر باران ئەباری

منـيش نـاو پووتـەكانم پـڕ بـوون لـە بڵاوكـراوە كـە پەخشـنامە بـوون‌و لەسـەر كاغـەزی تـەنكی ڕایـز بـە چـەند نوسـخەیەك نوسـیبوومەوە تـا دابەشی بكەین بەسـەر هاوڕێیانـدا، بـەڵام لەبەرئـەوەی لـە خوێنـدنگاوە چــووم بــۆ ماڵیــان ناچــاربووم هــەر بــەیانی هــەموویان بخەمــە نــاو پوتەكانمەوە تا لەلای هاوڕێكانی خوێندنگـەم نـەبینرێن. كـە چـووم بـۆ ماڵیـان دایكـی شـەوقییە لەهەیوانەكـەدا خـەریكی دانـانی نـانی نیـوەڕۆ بـوو، منـیش یەكسـەر بەپوتـەوە چـوومە هەیوانەكـەوە، دایكـی بەسـەر سـوڕمانەوە سـەیری كـردم، چـونكە جێگایـان لـێ ڕاخسـتبوو كـە بـینی زنجــیری پوتەكــەم كــردەوەو بڵاوكراوەكــان هاتنــە دەرەوە یەكســەر بەپێكەنینەوە وتـی دەستخۆش باشـت كـرد نـەبا لەسـەربانەوە كەسێك بیبینیتایــە. مــاڵی شــەوقییە كاكــە حەمــە وەك بارەگــای لێهــاتبوو لەبەرئـەوەی بـاوكی خوالێخۆشـبووی زۆر كوردپـەروەر بـوو، زۆر پێـی خۆشبوو كە هاتووچۆمان دەكرد، بۆیە زۆربـەی كۆبوونـەوەكانی ئێمـەو هەڤاڵانی سەرەوەش هەر لە ماڵی ئەوان ئەنجام ئەدرا.

## کەرتی شەهید لەیلا چۆن دروستکرا؟

لە پایزی ساڵی ١٩٨٣، بەمەبەستی کۆکردنەوەی هەموو ژنەکانی ناو ڕێکخستنەکان لە هێڵو بەشێکی تایبەت بە ژنان، بڕیاری دروستکردنی کەرتێك درا، بەناوی کەرتی (شەهید لەیلا). لەگەڵ دروستبوونی کەرتەکەدا، سەرجەم هاوڕێیانی ژنان لە هەموو هێڵو کەرتو بەشەکانەوە گوێزرانەوە بۆ سنوری کەرتەکە. کاك تەحسین قادر کە ئەو کاتە ئەندامی ڕێکخراوی سلێمانی بوو، کرا بەلێپرسراوی کەرتەکە، ئەو هاوڕێیانەی کە بۆ بەڕێوەبردنی کەرتەکە سەرخران ئەمانە بوون (شەوقییە کاکە حەمە، پەروین کاکە حەمە، گێلاس محێدین، نەسرین شێخ جەمال، شیرین مەحمود).

لە ڕۆژی ١٩٨٣/١١/٥ من بەناوی نهێنی (ڕۆزا) لە کەرتی شەهید جەمال تایەرەوە گواسترامەوە بۆ ئەو کەرتەو لە شانەکەی هەڤاڵ شەوقییە کاکە حەمە ڕێکخرامو ناوە نهێنییەکەشمیان بە هەڤاڵ (ئەرخەوان) گۆڕی. کاك تەحسین قادر بۆ ماوەی دووساڵ لێپرسراوی کەرتەکە بوو، ناوی کەرتەکەش نرا کەرتی (شەهید لەیلا) وەك هێمایەك بۆ بەرز ڕاگرتنو بۆ زیندوکردنەوەی ناوی یەکەم کچی لە سێدارە دراوی کورد (لەیلا قاسم)، کە لەساڵی ١٩٧٤ وەك یەکەمین کچی کورد لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی لەلایەن ڕژێمی بەعس لەگەڵ چەند تێکۆشەرێکی تری گەلەکەمان گیراو پاشان لەبەغدا لەسێدارە درا.

هەڤاڵ گێلاس محێدین لە بەهاری ساڵی ١٩٨٤ لەماڵی شەوقییە کاکە حەمـە بەڕووپۆشـراوی کۆبوونـەوەی پـێ کـردین، بـۆ ئـەوەی یـەکتر نەناسین دەموچاومان داپۆشیی بوو. بـەڵام بەداخـەوە پاش ماوەیـەك هاوسەری هەڤاڵ گێلاس کە سەربازی عێراقی بـوو لەشـەڕێکدا لەلایـەن حکومـەتی ئێرانـەوە بـەدیل گـیرا، بۆیـە بـارودۆخێکی نائاسـایی بـۆ دروسـتبوو، ئـیتر وەك ئەنـدامێك بـە فـەردی پەیوەنـدی بـە هـەڤاڵ شـەوقییە کاکـە حەمـەوە مایـەوە تـا ڕاپـەرین. هـەڤاڵ نەسـرین شـێخ جەمال کە بەخزمایـەتی دەگەیشـتەوە بـە مـاڵی هـەڤاڵ شـەوقییە دوای دانوستانەکەی شۆڕش‌و ڕژێمی بەغدا لە کاری ڕێکخستن دوورکەوتـەوە، هـەوەها هـەڤاڵ شـیرین مـەحمودیش هاوسـەرگیری کـردو ئـەویش وەك پێویسـت لـە کـاری ڕێکخسـتن لـە کەرتەکـەدا نەمایـەوە، هاوسەرەکەشـی ئەنـدامی ڕێکخسـتن بـوو هـاوڕێی هـەڤاڵ تەحسـین قـادر بـوو. بـەڵام شـەوقییە کاکـە حەمـەو پـەروین کاکـە حەمـە وەك خۆیـان مانـەوەو بەردەوام بوون لە کاری ڕێکخستندا.

لە دوای سـاڵی ١٩٨٥ ئـەرکی کـەرتی شـەهید لـەیلا کەوتـە سەرشـانی من‌و هەڤاڵ شەوقییە کاکە حەمە، چونکە هەڤاڵ پـەروین کاکـە حەمـە بەهۆی ئەوەی لە زانکۆ بەشی (ئەندازیاریی کارەبا) لە بەغـدا وەرگـیراو پەیوەنـدیی بەکـەرتێکی پیاوانـەوە کـرد، بۆیـە مـن و شـەوقییە کاکـە

حەمــە دوو پۆلــان دروســت کــرد یــەکێکیان بــەناوی پــۆلی شــەهید سـنەوبەرو ئــەوی تــر بــەناوی پــۆلی شــەهید دایکــە ئامینــە. بــۆ بەزینــدوویی هێشــتنەوەی نــاوی ئــەو دوو شــەهیدە کــە لــە خۆپیشـاندانەکانی سـاڵی ١٩٨٢ لـە قـەڵادزە لەلایـەن پیـاوانی بەعسـەوە شەهید کران. پۆلی شەهید سنەوبەر لای من بوو، پـۆلی شـەهید دایکـە ئامینە لای هەڤاڵ شەوقییە کاکە حەمە بـوو. مامۆسـتا شـێخ محەممـەد عەبدولکــەریم ســۆڵەیی لێپرســراوی کەرتەکــەمان بــوو کــە نــاوە نهێنییەکەی هـاوڕێ (ئاوێسـەر) بـوو. ئـیتر ئێمـە ئەرکـەکانی سەرشـانی خۆمان لە ڕێکخستن جێبەجێ دەکرد.

# ئەرکــەکــانی ڕێکخستن

## یەکەم: پەیدا کردنی ئەندامی نوێ

یـەکێك لـە ئەرکـە گرنگـەکانی ڕێکخسـتن، ڕاکێشـانی ئەنـدامی نـوێ بوو، مەبەستیش لەوە کۆکردنەوەی زۆربەی خەڵك لە دەوری یـەکێتیو بــەهێزکردنی شۆڕشــی ڕزگــاریخوازی کوردســتان بــوو، ئــەم کــارە لــەو ســەردەمەدا زۆر ســەخت بــوو، لەبــەر دوو هــۆی ســەرەکی: یەکــەمیان ئەگەر کەسی مەبەست نەهاتە ڕیزی ڕێکخستنەوەو لەوانە بوو ئەو کادرەی ڕێکخستنە ئاشکرا بکاتو ببێتە هۆی دەستگیرکردنی لەلایەن دەزگــا ئەمنییــەکانی ڕژێمــەوە. دووەمیــان بــەهۆی دڕنــدەییو توندوتیژییەکانی حزبی بەعسەوە خەڵك لە گرتنو زینـدانیکردن ئەترسا، لەبەرئەوە زۆر بەزەحمەتو پاش چەندین ڕۆژ قسەکردنو وتوێژکردن ئەگەر ڕازی ببوایە بەهاتنە ناو ڕیزەکانی ڕێکخستنەوە.

ئەم دوو هۆکارەی باسمکرد دەبوونە بەربەست بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو کوردایەتیو کۆکردنەوەی خــەڵك لــە دەوری شــۆڕش لــەناو شــارەکاندا، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا چەندین هۆو ڕێگای جیاواز هەبوو بۆ بەردەوامی دان بە کارەکـانی ڕێکخستنو ڕاکێشانی ڕێکخستنی نوێ، ئەوەش دەکەوتە سەر تواناو سـەلیقەی ئـەو کـادرەی ڕێکخسـتن. مـن وەك ئـەزموونی خـۆم چـەند

شێوازێکم بەکاردەهێنا وەك خۆ نزیککردنەوە لەهاوڕێی قوتابخانـە یـان دراوسێ یان خزمو کەسوکار کە مەبەستم بوو بیانهێنمە نـاو ڕیزەکـانی ڕێکخستەوە. لەسەرەتادا کتێبی چیرۆكو ڕۆمانو شیعری نیشتمانیم بـۆ دەبـردو پـاش خوێندنـەوە دەکەوتمـە گفتوگـۆ لەگەڵیـدا بـۆ ئـەوەی هەسـتێکی ڕۆشـنبیریی نەتـەوەیی سیاسـی لا دروسـت بکـەم. لـەو کتێبانـەش (ڕۆمـانی دایـك لـە نووسـینی مەکسـیم گـۆرکی، ژانـی گـەل لەنووسینی برایم ئەحمەد، خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لـە نووسـینی عەبدولڕەحمان مونیـف، کتێبـەکانی بورهـان قـانع وەك: خـەباتی گـەلی ڤێتنـام، نیکـاراگوا، مردووخۆرەکـان ...... ). لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو کـارە دڕندەییانـــەی ڕژێـــمو ناعەدالەتییانـــەی نێـــوان کـــوردو عـــەرەبو وێرانکردنی گوندەکانو چەندین کاری نارەوای حزبی بەعسم بـۆ بـاس دەکـرد، کـە هەمیشـە دەسـپێکی قسـەکانمان لـە یـەکێك لـەو کتێبانـەوە دەبوو. بێگومـان لـەو سـەردەمەدا تـەنها کتێـب هـەبوو کاتـەکانتی پێـوە بەڕێ بکەیت چونکە تـەنها تەلـەفزیۆنو ڕادیـۆ هـەبوو، کـە تەلـەفزیۆن (٢) کـەناڵی عـەرەبیو کـوردی هـەبوون، ئـەوانیش بـەردەوام وێنـەی جـەنگی ئێـران ــ عێـراق و جموجۆڵـەکانی حزبـی بەعسـی پـەخش دەرکرد. هەربۆیە کتێب باشترین هاوڕێو هۆکاری کات بـەڕێکردن بـوو، کە پاشان دەبووە خۆراکێکی باش بۆ مێشكو گۆڕانکاری لەبیرکردنـەوەو هەڵوێستدا.

بێگومان کاری سیاسی بۆ کچان هەندێك زەحمەت بوو، چونکە لەو سەردەمەدا بێجگە لە مەترسیی گرتن کێشەیەکیتری کچان لە ماڵ هاتنەدەرەوە بوو بۆ کاروچالاکییەکانی ڕێکخستن، چونکە کارەکانی ڕێکخستن کاتی دیاری کراوی نەبوو. ئەو زەمانە وەك ئەم سەردەمە ئازادی ژنان نەبوو. بۆ ئەو مەبەستەش کارکردن باشترین هەلی بۆ دەرەخساندین، بۆیە لە ١٩٨٦ خوێندنی ئامادەیی کشتوکاڵم تەواو کردبوو، ناچار بووم لە کەرتی تایبەت ئیش بکەمو لەساڵی ١٩٨٧ لە شەقامی مەولەوی لە کارگەیەکی جلوبەرگ دورین بە ناوی (سەفین) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا کارمان دەستکەوت، خۆم و چوار هاوڕێی ڕێکخستن بوین بەناوی (دیدار، وێژە، شانۆ، شیرین) بەڵام خاوەن کارگەکە کە ناوی (جەزا)بوو، ڕۆژێك وتی ئێوە فریای ئیشەکان ناکەون بۆیە دەبێت کچێکی تر بهێنم بۆ بەرگ دوورین. ئێمەش ئەو بڕیارەمان زۆر لا ناخۆش بوو لەبەرئەوەی ئێمە هەموومان ئەندامی ڕێکخستن بوینو کۆبوونەوەکانمان هەفتانە لە کاتی پشووی نیوەڕۆدا ئەنجام دەدا، چونکە خاوەن کارگەکە سەرباز بوو مانگی ٣ رۆژ دەهاتەوەو ئەچووەوە بۆ خوارووی عێراق. بەڵام ئەگەر ئەو کرێکارە نوێیە بێت ئەوا ناتوانیین ئەو کارانەمان ئەنجام بدەین. بۆیە هەر کە کچەکە هات پلانمان بۆ دانا ئەگەر بۆمان نەکرا بیهێنینە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەوە، ئەوا بەدەرکردنی ئەدەین. هەر لەیەکەم ڕۆژییەوە ڕێزی زۆرمان لێ گرتو بۆ ڕۆژی دواتر کەوتینە قسەکردن،

له باسی پاڵەوانەكانی ڕۆمانی دایكەوە دەستمان پێ كرد، ئەو كچەش ناوی هاژە محەممەد بوو، پاش هەفتەیەك خۆی داوای ئەو كتێبانەی لێ كردم كە دەیویست بیانخوێنێتەوەو پاش یەك هەفتە خوێندییەوە، هێنانەوەی كتێبەكەم بە فرسەت زانیو پاش ئەوەی لە ئاستی ڕۆشنبیریو نەتەوایەتی تێگەیشتم ئەوجا بە نهێنیو دوور لەهاوڕێكانی تر قسەم لەگەڵ كرد كە ئایا حەز دەكات پەیوەندی بكات بە ڕێكخستنی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە ! لەوەڵامدا خۆشحاڵی خۆی دەربڕیو پێموت لای كەس باسی نەكات وام تێگەیاند كە ئیتر لەناو كارگەكەدا بەس منو ئەو سەر بەڕێكخستنین، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەم هاوڕێ نوێیە بیری لە خیانەت كردەوە، تەنها من پێوە ببمو هاوڕێكانم لەمەترسی گرتن بەدوور بن، پاش چەند مانگێكو دڵنیا بوونم وەك ئەندامێكی نوێ بە هەڤاڵەكانی ترم ناساند.

شێوازێكی ترم بۆ ئەو كەسانە بەكار دەهێنا كە زۆر متمانەم پێی نەبوو تا ڕادەیەك لێی بەگومان بووم، ئەویش پاش ئەوەی زیاتر لەمانگێك قسەم لەگەڵ دەكرد تا ئەو كاتەی ئەهاتە سەر ئەو بۆچوونەی كە كوردستان پێویستی بە خەباتو گیان فیداكردنە بۆ ڕزگاری نیشتمانیو ئەوجا پێم ئەوت (قسەكانت زۆر ڕاستنو بەڕاستی كاریان تێكردووم، بۆ نایەیت پێكەوە پەیوەندی بكەین بەڕێكخستنەوە ئەگەر تۆ كەسێك ئەناسیت با پێی بڵێین). لە ساڵی ١٩٨٥ ئەم شێوازەم

لەگـەڵ هاوڕێیەکمـدا بـەکارهێنا کـە پێکـەوە لـە ئامـادەیی کشـتوکاڵی بـەکرەجۆ خوێنـدکار بـووین. چـونکە هەسـتم دەکـرد کـە کەسـێکی ترسنۆکەو بۆچوونەکەشم ڕاست دەرچوو، چونکە پێی وتم چۆن شتی وا ئەکەین ئێمە کچین‌و حـەقی سیاسـەتمان چییە؟ منـیش لـە وەڵامـدا وتم ڕاستەکەیت، ئیتر لێی دوور کەوتمەوە.

هەنـدێك جـار لەلایـەن ڕێکخـراوەوە (ڕێکخـراوی سـلێمانی) بـە نامەیـەك نـاوی نهـێنی‌و شـوێن‌و کاتێـك دیـاری ئـەکرا بـۆ ناسـینی هاوڕێیەکی تر کە لەلایـەن ڕێکخـراوەوە ڕێکخرابـوو و دەگوازرایـەوە بـۆ شانەیەك یان کەرتێکی تر. ئەم یەکتربینینانە بەم **شێوازانە** بوون:

## ــ چۆن یەکترمان دەبینی

دیداری، (شێخ محەممەد عەبدولکەریم سۆڵەیی) هاوڕێ (ئاوێسەر)

ئـەو کاتـەی شـەوقییە کاکـە حەمـە لێپرسـراوم بـوو، ناومیـان بـۆ ڕێکخــراو نــارد، کــە ئەڵقــەی ڕۆشــنبیریم تــەواو کــردووەو کــاتی تاقیکردنەوەی پاڵێوراوییە، توانیم لەو تاقیکردنەوەیـە سـەرکەوتوو بم، پاش ئەوە وتیان ئیتر پێویستـە پـۆل بـەڕێوە ببـەیت، منـیش پێمخۆش بوو، کە پاش یەك ساڵ ونیو بوومە جێی متمانەو بەرپرسی پـۆل، ئـەو سەردەمە وەك ئێستا نەبوو، کەس هەڵپەی پلەو پایەی نەبوو، بەڵکو لە

ئاستی سەرەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ کارو چالاکیو دلسۆزیی ئەندام دەکردو پلەکانیان بەرز دەکردەوە تا ئەرکی زیاتر لە ئەستۆ بگرن، بەڵام بەداخەوە ئێستا پلە بەرزکردنەوە بەمەحسوبیەتو خۆبردنە پێشەوەیە، نەك بەدڵسۆزیو چالاکیی. پاش ئەو بڕیارە من بەرز کرامەوەو بوومە لێپرسراوی پۆلو ناویان لێنا پۆلی (شەهید سنەوبەر)و شەوقییە کاکە حەمەش بووە لێپرسراوی پۆلی (شەهید دایکە ئامینە)، هەردوکمان پێکەوە ڕۆیشتین بۆ ماڵی مامۆستا شێخ محەممەد عەبدولکەریم (هاوڕێ ئاوێسەر) کە لێپرسراوی هەردوو پۆلەکە بوو، ئەو ڕۆژە زۆر دڵخۆشبووم، بەڵام زۆر شەرمم لێ دەکرد، چونکە پیاوێکی زۆر بەڕێز بوو، هەندێك پرسیاری چینایەتیو نەتەوایەتی لێکردین، سەرەتا لەڕووم نەهات وەڵام بدەمەوە، کە سەیری کردم و وتی تۆ چی دەڵێیت؟ ئیتر خۆم گورج کردەوەو چیم دەزانی بۆم باسکرد، زۆر خۆشحاڵبوو بە وەڵامەکانمو دەستخۆشی لێکردم. شەوقییە کاکە حەمە خزمی بوو بۆیە زۆر بە ئاسانی هاتوچۆی ماڵی یەکتریان دەکرد، بەڵام مامۆستا شێخ محەممەد نەیدەتوانی بێت بۆ ماڵی ئێمە، چونکە من بەدزی باوکمەوە پەیوەندیم بەڕێکخستنەوە هەبوو، بۆیە وا بڕیارماندا کە ڕۆژانە کاتژمێر حەوتی بەیانی بچمە ماڵی ئەوان بۆ وەرگرتنی زانیاریو هەر ڕاسپاردەیەك. ئەوەی هەرگیز لە یادم ناچێت هاوکارییو پێشوازیی خوالێخۆشبوو زەینەب خانی هاوسەری بوو، کە بەیانیان دەچووم هەمیشە دەیوت با نانی بەیانیت

بۆ دابنێم، زۆربەی کات لەڕووم نەدەهات بیخۆم و هەندێك جاریش لەبەرئەوەی زەینەب خان زۆری لێدەکردم نانم دەخوارد، بەیانییەکی هاوین چووم بۆ ماڵیان نەمزانی میوانیان هەبوو، کچە بچوکەکەی بەناوی شەنگە خێرا پێی وتم باوکم لە ماڵ نییە، زەینەب خان زۆر ژیرانە لەبەرچاوی میوانەکەیان وتی ئەم کچە زۆر گوناحەو سفرێکی هەیەو ئاوا جار جار دێت شێخ محەممەد سەعی پێ دەکات، ئیمتحانی دەورەی دووەمی هەیە. ئیتر منیش وتم دەی ئیشەڵڵا دوای نیوەڕۆ دێمەوە چونکە لەم هەفتەیەدا ئیمتیحان دەکەم، ئیتر زەینەب خان تا نزیك دەرگاکە لەگەڵمدا هات تا بەڕێم بکات، منیش ٢ نامەی نوقڵێم پێبوو دام پێی‌و خستییە گیرفانی هێلەکەیەوەو ڕۆشتم.

## * دیداری دیدار محەممەد ( شێنێ ) و وێژە شەریف ( شەنگە )

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٤ لەڕێی نامەیەکەوە کە لە ڕێکخراوەوە بۆم هات ئاگادارکرام کە دوو پەیوەندیی نوێ وەربگرم‌و لەشانەکەمدا ڕێکیان بخەم. نیشانەی یەکترناسینەکە بەو شێوەیە بۆم نوسرابوو (ئەوان دوو کچ بوون بەناوی (دیدار محەممەد، وێژە شەریف) شوێنەکەش کتێبخانەی گشتی بوو هەر یەکەشیان پاکەتێك دەسڕی کلینکسی بچووکی شینیان بەدەستەوە دەبێت)، من ئەوکاتەی چوومە کتێبخانەکە لەناو دەرگاکەدا کەمێك وەستام‌و بەناو قاعەکەدا چاوم گێڕا ئەوانیش خێرا پاکەتە دەسڕەکانیان پێشاندام، ئیتر چوومە لایان‌و

خـۆم پێناسـاندن. هـەر ئـەو کاتـە لـێم پرسـین چـۆن زانیتـان کەسـی مەبەسـت مـنم وا دەسـڕەکانتان پیشـاندام؟ وتیـان لەبەرئـەوەی هـیچ زانیارییەکیان لەسەر تۆ پێنەدابووین ناچار هەرکچێك ئەهاتە ژوورەوە ئێمە دەسڕەکانمان دەجووڵانـد کـە پشـتی تێـدەکردین‌و دەڕۆیشـت، ئـیتر بەردەوام دەبوین بۆ سەیرکردنی دەرگای هۆڵەکە، بـەڵام کـە تـۆ هاتیتـە نـاو دەرگاکـەو لەسـەرخۆ بـەناو هۆڵەکـەدا چـاوت گێـڕرا، بـە خێرایـی لەسـەرەوە تـا خـوارەوە لێـت ڕامـاین‌و کـە تۆمـان بـینی بـەو عەزییـە شینەکاڵەوەو کەسێکی سادەو بـەبێ مکیـاج بویـت‌و پێڵاوەکانـت لاسـیك بـوون، لـە دڵـی خۆمانـا وتمـان دیـارە ئەوەیـە نیشـانەکانی ڕێکخسـتنی کۆمەڵەت پێـوە دیـارەو کـاتی هاتنیشـت هـەمان کـاتی دیـاریکراوبوو کـە لەنامەکـەدا کاتـژمێر ٣ی پاشـنیوەڕۆ نوسـرا بـوو. ئـەم دوو کچـە زۆر بـوێرو زیـرەك بـوون، هەمیشـە ئامـادەی کـارو چـالاکییەکانیان بـوون و ڕاپۆرت و زانیاریی وردیان دەهێنا.

## * دیداری گەلاوێژ عەلی ( پاکدڵ )

هــەر لــەهاوینی ســاڵی ١٩٨٤ بەنامەیــەك لــە ڕێکخــراوەوە ئاگــادار کرامــەوە، کــە لەبەڕێوەبەرایــەتی ئــاوو ئــاوەڕۆ کچــێك هەیــە بــەناوی (گەلاوێژ عەلی) لەبەشی خۆیەتی پەیوەندی پێـوە بکـەم، بـەبێ ئـەوەی هیچ زانیارییەکی ترم پێ بدەن، تەنها (شوێن و کاتـژمێرو ڕۆژی یـەکتر بینینەکەیان بـۆ نوسـیبووم) ئەوکاتـە بەڕێوەبـەرێتی ئاووئـاوەڕۆ نزیـك

مزگەوتی گەورە بوو (کە ئێستا شوێنەکەی بازاری کاسۆمۆڵە)، منیش ئەو بەیانییەی دیاریکرابوو لەکاتژمێر ١٠ چووم بۆ شوێنی مەبەستو کاتێك چوومە بەشی خۆیەتی ٤ کچ دانیشتبوون من نەمزانی کامیان گەلاوێژە، بۆیە سەیری یەکەم کچم کردوو وتم بێزەحمەت گەلاوێژخان لێرەیە؟ یەکسەر گەلاوێژ لەوسەری ژوورەکەوە وتی جەمیلەخان لێرەم ئەوە بۆ دیارنیت؟ منیش بەپێکەنینەوە وتم ببورە ژورەکەتان تاریکەو منیش نەمبینیت، چونکە لە دەرەوە هەتاوەکەی زۆر بەهێزەو چاوم تێکچوو، بەو شێوەیە باوەشمان کرد بەیەکدا وەك ئەوەی هاوڕێیەکی زۆر کۆن بینو لە مێژە یەکترمان نەبینیوە. بەس هەڵەیەك لەوێدا ڕوویدا کە نازانم بووە هۆی سەرنجی کچەکانی تر یان نا، ئەویش ئەوە بوو کە گەلاوێژ منی بەهاوەڵەکانی ناساند وتی لە قۆناغی ناوەندی پێکەوە بووین، چونکە من ٩ ساڵ لە گەلاوێژ بچوکتر بووم و بەبێ ماکیاج و جلێکی سادەو تەمەنم ١٨ساڵ بوو وە ئەویش فەرمانبەر بوو تەمەنی (٢٦) ساڵ بوو، ڕێکپۆشێکی زۆر جوانو ماکیاجێکی تەواوی کردبوو. ئیتر من وتم بەیارمەتی خۆتان ئیشێکم بە گەلاوێژەو بردمە دەرەوەی ژوورەکەو قسەی خۆمان کرد کە من ناوی نهێنیم کۆژینەو ئەویش ناوەکەی بووە بە (هاوڕێ پاکدڵ). هاوڕێ پاکدڵ وتی خوشکێکیشم هەر لەگەڵا ڕێکخستنەو ناوی (چیمەن)ە، منیش وتم ڕاستە لەنامەکەدا ئاماژەی پێکراوەو ناوی نهێنی هاوڕێ (پەرچەم)ە.

## *دیداری، ئەمیرە سدیق عەبدولکەریم سەعید (ڕێناس)

لە زستانی ساڵی ١٩٨٦ لەلایەن ڕێکخراوەوە نامەیەکم بۆ هات، وتیان پەیوەندی بەکچێکەوە بکە ناوی ئەمیرە سدیق عەبدولکەریم سەعیدە ناوی نهینی (ڕێناس)ە، لەکارگەی جلوبەرگی ژنانی سلێمانی (ئەلبیسە) کاردەکات، بەلاّم ڕۆژو کاتژمێر دیاری نەکرابوو لەبەرئەوە منیش لەبەیانییەکدا چووم بۆ کارگەکەو لە پرسگەکە داوای بینینیمکرد، پاش ماوەیەك ئەمیرە هات، کچێکی سپیکەلەی کەمێك لاواز، هەر بەبینینی وتم تۆ ئەمیرەیت؟ وتی بەڵێ، تۆش جەمیلەیت وتم بەڵێ، ئەمیرە وتی ئێرە بەکەڵکی قسەکردن نایەت چونکە ڕەفیق حزبییەکان زۆر چاودێریمان ئەکەنو منیش زۆر دژایەتییان ئەکەم، چونکە پابەند نیم بەبڕیارەکانیانەوەو ئیمزای بەعسێتی ناکەم، بۆیە باشترە بێیت بۆماڵمان لەسەر سەدەکەی لای خێراوەکە لە گەڕەکی ئازادیو بەوشێوەیە عنوانی ماڵەکەیانی پێدام، وتی دەبێت پاش کاتژمێر ٤ بێیت بۆ ماڵمان، چونکە هەموو ڕۆژێك وا درەنگ دەگەمە ماڵەوە. چوونی ماڵەکەیان بۆ من زۆر زەحمەت ئەبوو، چونکە وەرزی زستان بوو زۆر زوو ئێوارە دەهاتو بۆ گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە کە لەبەرخانەقا بووین کات زۆر درەنگ دەبوو. وێڕای ئەوەش دایکی زۆر بە پەیوەندییەکەی ناڕازی بوو و ئاستەنگی بۆ کۆبوونەوەکانمان دروست ئەکرد. بەو شێوەیە تا ٣ مانگ کۆبوونەوەکانمان دەکردو ڕاپۆرتو بلاّوکراوەکانمان ئاڵوگۆڕ

دەكرد، پاش ماوەیەك ئەمیرە نامەیەكی دامێو وتی بیگەیەنە سەرەوە، پاشان بۆم دەركەوت داوای گواستنەوەی كردبوو بۆ پۆلێكی تر بەناوی (پۆلی شەهید نەبەز)و ئیتر لای من نەما. ئەمیرە زۆر حەزی بەئیشكردن بوو، تەنانەت لەناو كارگە ببووە جێی سەرنج، لەساڵیادی ی ٨ی مارسدا كێكی دەبردو باسی لەڕەوشی ژنانی كرێكار دەكرد، كە ئەو كارە لەلایەن ڕەفیق حزبییە بەعسییەكەی ئەلبیسەوە ڕەت ئەكرایەوە.

## *دیداری، كەژاڵ عەلی ڕەسوڵ (ئاونگ)

لەهاوینی ساڵی ١٩٨٦ لەلایەن ڕێكخراوەوە نامەیەكم پێ گەیشت كە سەردانی (كەژاڵ عەلی ڕەسوڵ) بكەم كە لە بەشی بەدالەی دائیرەی ئاوو ئاوەڕۆ كار دەكات. پێشتر لەئامادەیی پیشەسازی ١٧ی تەمموز خوێندكار بوو، لەكۆتایی ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە پەروین كاكە حەمەوە كردبوو كە پێكەوە خوێندكار بوون، ئەندامێكی چالاك بوو، ئامادەی جێبەجێكردنی ئەركەكانی ڕێكخستنی هەبوو، لەساڵی ١٩٨٥ بۆ ١٩٨٦ پەروین كاكە حەمە بەهۆی خوێندنی زانكۆوە ڕۆیشت بۆ بەغداد، لەبەرئەوە ئاگادار كرامەوە لەشانەكەی لای خۆم ڕێكی بخەمەوە، بەڵام كە چووم بۆ لای زۆر نیگەران بوو، هەر ئەو كاتە دەرگای ژوورەكەی داخستو دەسكاری ئامێرەكانی ژوورەكەی كرد كە ژووری بەدالە بوو، بەهێواشی پێی وتم تكایە من ئیتر ناتوانم كاری ڕێكخستن بكەم، چونكە من شووم كردووەو خێزانم هەیە، ئەوە چەند جارێكە من

هەڤاڵانم ئاگادار کردۆتەوە کە چیتر پەیوەندیم نامێنێت. منیش وێڕای نیگەرانیم بێ دەنگ ڕۆشتمەدەرەوەو هەر ئەو ڕۆژە نامەیەکم لەسەر تەواوی یەکتر بینینەکە لەسەر کاغەزێکی تەنکی ڕایز نووسیو بۆ ئاستی سەرەوەم نارد.

## *دیداری، پەخشان ساڵح نەجمەدین ( ئاهەنگ)و فاتیمە حەمەڕەشید ( ئاوێنە )

ئەم دوو هەڤاڵە پێشتر لەلای (هاوڕێ کەژدۆست) پەروین کاکە حەمە بوون، لە ساڵی ١٩٨٥ گواسترانەوە بۆ پۆلەکەی ئێمە (پۆلی شەهید سنەوبەر)، هەردووکیانم لەماڵی هاوڕێ (کەژدۆست) بینی و پاشان کۆبوونەوەکانمان لەماڵی پەخشان ساڵح نەجمەدین ئەنجام دەدا، باوکی پەخشانیش بەناوی ساڵح نەجمەدین هاوڕێ (بەسام) هەر ڕێکخستن بوو. بەڵام پەیوەندیی بە کەرتێکی پیاوانەوە هەبوو، هەر لەهەمانکاتدا پوورێکی پەخشان گواسترایەوە بۆ شانەکەو بەشداری کۆبوونەوەکانی دەکرد کە ناوی (شوکریە مەجید حسێن) بوو.

## *نەشمیل مەحمود کەریم (ڕاویژکار)

نـەشمیل خوشـکی بچـووکم تەمـەنی ١٤ سـاڵ بـوو، لـە سـاڵی ١٩٨٧ بـەناوی نهـێنی (ڕاویـژکار) لـە شـانەیەکدا ڕێکـم خسـت، نـەشمیل زۆر حەزی بە**خوێندنەوە** هەبوو، هەر کات ئەهاتمە ماڵەوە دەیبینی ڕێبازی نوێو شەرارەو گۆڤاری کۆمەڵەم پێیە، خێـرا لـە پـێش منـدا هـەمووی دەخوێندەوە، تەنانەت لە تەمـەنی ٩ سـاڵیدا لەگـەڵ خۆمـدا دەمـبرد بـۆ خۆپیشـاندانەکانی سـاڵی ١٩٨٢ چـونکە کچـێکی زۆر زیـت و وریـا بـوو. لـەپۆلی شـەش لـەئامادەیی کوردسـتان بـوو، لـەدوای خۆپیشـاندانەکانی سـاڵی ١٩٨٢ بــە ئامــانجی ســەرکوتکردنی مامۆســتاو خوێنــدکارەکان، بەڕێوەبەرێکی بەعسییان بۆ دانرابوو، ڕۆژێك هـەموویانی کۆکردبـۆوەو پێی وتبوون هەر خوێندکارێك باس لـە سیاسـەتو بـاس لـە کوردایـەتی بکـات خـۆم دەیدەمەدەسـتی ئەمنــەکان، بۆیــە هــیچ قســەو باســێکی کوردایەتی قبوڵ ناکەمو جاسوسـم لـە هـەموو پۆلەکانـدا دانـاوە، لەبـەر ئـەوە نـەشمیل خـۆی بـۆ قوتابخانـەی خـانزاد گواسـتەوە، چـونکە ئـەو هەمیشە لەنێوهاوڕێکانیـدا باسـی لـە کوردایـەتی دەکـرد. بـەڵام جارێـك هـاتبۆوە بـۆ ئامـادەیی کوردسـتانو چـووبووە کۆبوونـەوەی (ئیتحـاد تەڵەبە) لە قوتابخانەکەیاندا تا بزانێت باسی چی ئەکـەنو خوێنـدکارە بەعسـییەکان کـێن، پـاش پێـزانینی لەلایـەن ڕەفیـق حزبییەکـەوە

کردبوویه دەرەوەو لێی کەوتبووە لێکۆڵینەوە کە وا چۆن ئەو بەعسی نییەو چۆتە کۆبوونەوەی ئەوانەوە.

## دووەم: ئەڵقەی رۆشنبیری:

گرنگیدان بە ئەڵقەی ڕۆشنبیری هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ پەروەردە کردنی ئەندامان بە فکری چەپو خەباتی چینایەتیو رزگاری نیشتمانیی گەلانی ژێردەستەو چۆنیەتی ڕزگاربوونیان. هەروەها خوێندنەوەی کتێبەکانی مارکس و لینین و ماوتسی تۆنگ، لەبەرئەوەی فکری مارکسیزم باس لەخەباتی چینایەتیو شۆڕشی پرۆلیتاریای دەکرد، کوردستانیش هێشتا نەگەیشتبووە قۆناغی سەرمایەداری، کارگەی گەورە نەبوو تا چینی کرێکارانی کورردستان وەك چینێکی بەهێزو خاوەن کاریگەریی دەربکەون، بۆیە لەپاڵ مارکسیزمدا فکری ماوتسی تۆنگ دەخوێنرایەوە، چونکە ماو جەختی لە بەشداریی پێکردنی جوتیاران دەکردەوەو گرنگی بەپێشکەوتنی کشتوکاڵ دەدا. ماوتسی تۆنگ پێی وابوو دەشێت خەباتی چینایەتی و رزگاری لەگوندەوە بەرەو شار بێت و چینی جوتیار پێشەنگی شۆڕش بێت.

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانیش کە ڕێکخراوێکی چەپ بوو، بڕوای تەواوی بەخەباتی ڕزگاریی نیشتمانیی هەبوو، بۆیە لەژێر

دروشمی (ئەی کرێکاران‌و گەلانی زۆرلێکراوی دونیا یەکگرن) هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵی کۆکردەوە. ڕەنجدەرانی بیروبازوو، کرێکارو جوتیارو ڕۆشنبیران‌و ووردە بۆرژوازییەکانی بۆ خەباتی ڕزگاری نیشتمانی خستەگەڕ. ئەو شێوازە دەبووە هۆی گفتوگۆو پرسیار لەکۆبوونەوەی شانەکاندا، هەروەها بەمەبەستی پلە بەرزکردنەوە، چەند پرسیارێکی فکری‌و چینایەتی‌و نەتەوەیی ئاراستەی ئەندام دەکرا و پاش وەڵامدانەوە پلەکەی بەرز دەکرایەوە.

ئەم شێوازەی خۆپەروەردەکردن، یەکێکە لە سیفەتە جیاوازەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لەشارو لە شاخ کادرو پێشمەرگەی یەکێتی بەبیروباوەڕو شێوازی قسەکردنییەوە دەناسرایەوە، ئەوەش بەهۆی خۆ پەروەردە کردنەوە بووە. لەناو شاریش لەژێر ئەو هەموو فشاری گرتن‌و کوشتن‌و ڕاوەدونانەشدا ڕێکخستنەکان بەردەوام بوون لەخۆ پەروەردەکردن‌و بەرگریی کردن بەبیروباوەڕێکی پتەوەوە، بۆیە هەر کەسێك کە پەیوەندی دەکرد بەڕێکخستنەوە لەماوەی لایەنگریدا دەخرایە ئەڵقەی ڕۆشنبیرییەوە، بابەتی فەلسەفی‌و ئابووری‌و سیاسی بۆ ڕاڤە دەکراو پێی گۆش دەکرا، لەوانە کتێبی ماتریالیزمی دیالەکتیك‌و ماتریالیزمی مێژوویی‌و زێدەبایی‌و ئصول فەلسەفەی مارکسی‌و (ماالعمل) و چەندین کتێبی تری لینین‌و مارکس‌و ماوتسی تۆنگ‌و

گۆڤـای کۆمەڵـەو رێبـازی نـوێو شـەرارە، لـە کۆبوونـەوەی شـانەکاندا باسوخواسی لەسەر ئەکراو ئەخوێندرایەوە.

تایبەتمەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەوەدایە کە هەمیشە هەوڵی دەدا بەبیروباوەڕێکی شۆڕشگێڕانە ئەندامەکانی پەروەردە بکات، هـەر ئـەوەش دەبـووە هێزێکـی ڕۆحـی، بـوێریو خـۆراگریی لەبـەردەم جـەللادەکانی بەعسدا بەزیندانییـە سیاسـییەکان دەبەخشی. هەربۆیـە کاتێــك دۆســتێك پەیوەنــدی دەکــرد بەرێکخســتنەوە لــە یەکــەم کۆبوونـەوەدا بەرنامـەو پـەیڕەوی نـاوخۆی کۆمەڵـەی پێـدەدراو بـۆی شـیدەکرایەوە، بـەپێی پـەیرەو دەبـوو هـەر ئەنـدامێك لانـی کـەمی هۆشـیاری نیشـتمانیو چـینایەتی هـەبێت، لەبەرئـەوە دوای پـەیرەوی ناوخۆ دەبوو فکری مارکسیزم- و ماوتسی تـونگ فێـر بکرێـت. مـن لـەو بــوارەدا پێمباشــبوو لــە کتــێبی (قۆناغــەکانی گــۆڕانی کۆمــەڵ) کـە لەنوسـینی جـەلال دەبـاغ بـوو دەسـتپێ بکـەم، ئـەو نامیلکەیـە وەك سـەرەتایەکی سادە بـۆ ئەنـدامـەکانم بخوێنمـەوەو شـی بکەمـەوە، بۆیـە بەچـەندین کۆبوونـەوە دەخوێنرایـەوەو باسوخواسـی لەسـەر دەکـرا، چونکە تێگەیشتن لـە فەلسـەفەی مارکسیزم قـورس بـوو، بۆیـە دەبـوو سـەرەتا مێژوویـەکی سـادە لـە گـۆڕانی سـەرخانو ژێرخـانی کۆمـەڵ تێبگەن، ئەوجا بچینە سەر بابەتـە فکرییـەکانی مارکس و لینین. ئـەم کتێبە باس لـە قۆناغـەکانی (کۆمۆنـەی سـەرەتایی، قۆنـاغی دەرەبـەگی،

قۆنــاغی ســەرمایەداری، قۆنــاغی سۆســیالیزم، قۆنــاغی سۆســیالیزمی زانستی) دەکات. گرنگیی ئـەم کتێبـە لـەوەدا بـوو کـە وەك بناغەیـەکی سەرەتایی بۆ تیگەیشتن لە مارکسیەت بوو، چونکە مارکسیەت گۆڕانو پێشکەوتنی سـەرخانو ژێرخـانی کۆمـەڵ پێکـەوە دەبەسـتێتەوەو هـەر قۆناغەش تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـەو پەیوەندییـەکانی بەرهـەمهێنانو هێزی بەرهەمهێنان لەو دیدگایەوە سەیر دەکات، بۆیە پێمانباشبوو لەو نامیلکەیەوە دەست بە دراسەی بیری مارکسیزم بکرێت.

لـەو سـەردەمەدا کتـێبی بـاش کـەم بـوو تـا بیخوێنینـەوە، زۆرجـار ئەچووم بۆ کڕینی کتێب لـەو کەسانەی زۆر هاوکارییـان دەکـردم، وەك (ساڵح بێچار، ئەنوەر برزو، کاك تالیب، یوسف محەمەد)، ئەوانـە لەبـەر دەرکی سەرا لەسەر زەوییەکە کتێبیـان دانـابوو، جاری وا هـەبوو زیـاتر لە یەك کاتـژمێر لەوێـدا سـەیری کتێـبم دەکـرد تـا جارێـك بـێ ئـەوەی ئاگـام لـەخۆم مابێـت، نزیکـەی ١٠ لاپـەرەم لـە کتـیبی (ئـادەمیزاد لـە کۆمەڵی کوردەواریدا) خوێندەوە، کە لە نوسینی عەبدولخالق مـەعروف بوو، ساڵح بێچار وتی نرخەکـەی یـەك دینـارە بیخوێنـەوە ئەگـەر پێـت باش بوو پارەکەی بێنە ئەگەر پێت باش نەبوو کتێبەکەم بۆ بێنەرەوە، منــیش کــە ئــەو ١٠ لاپەرەیــەم خوێنــدەوە یەکســەر پارەکــەیم پێیــدا، چونکە کتێبێکی زۆر باش بوو. جارێکیان لە کتێبخانـەی ئـەنوەر نزیـك سەرا کە کوڕێکی لێ بوو هاوتەمەنم بـوو نـاوی هیـوا بـوو، داوای کتـێبی

(ژانی گەل)م لێ کرد، پێی وتم ئەو کتێبە قەدەغەیە، بەڵام بەیانی وەرە بۆت ئەهێنم بەس کە خوێندتەوە بۆم بێنەرەوە، ئیتر بۆ ڕۆژی دوایی چووم کتێبەکەی لەزەرفێکی کاغەزدا داپێم و پاش ٣ رۆژ بۆم بردەوە، ئیتر لەو کاتەوە جارجارە کتێبی زۆر باشی فکریو ڕۆمانی سیاسی ئەدا پێم، بەڵام هەرکات باوکی لەوێ بوایە کتێبەکانم نەدەدایەوە پێی، چونکە حەزی نەدەکرد باوکی بزانێت، چونکە زۆربەی کتێبەکان قاچاغ بوون. کتێبخانەی گشتی سلێمانیش شوێنێکی تر بوو، کە زۆر هاوکارم بوونو هەندێك جار کتێبی یاساغیان بەدزییەوە ئەدامێ بەتایبەت پیاوێکی لێ بوو ناوی (حەسەن) بوو، وێڕای ئەوەی دارتاش بوو لە نزیك مزگەوتی دوو دەرگا لەوێش فەرمانبەر بوو، زیاتر کتێبی مارکسیو ماوتسی تۆنگ و کتێبی ئابووری ئەدامێ. جارێك ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم لە ناوەکەی کتێبی (الاممية الثلاثة) بوو وەرمگرتبوو لەهۆڵەکە ئەمخوێندەوە، کچێك کە بەتەمەن زۆر لە من گەورەتر بوو لە تەنیشتمەوە سەیری کتێبەکەی دەکرد، لێی پرسیم بۆ ئەو کتێبە ئەخوێنیتەوە هی تەمەنی تۆ نییەو تۆ کوا لەوە تێ ئەگەیت؟ ئەزانیت باسی چی دەکات؟ منیش خۆم گێل کردو وتم ئەزانم باسی جیهانی سێیەم دەکات، دوای وەڵامەکەم خێرا هەستامو کتێبەکەم بردو ڕۆشتمەوە. من ئیتر بەهۆی کتێب خوێندنەوەوە گوێم بە کتێبەکانی قوتابخانە نەدەدا بەڵام هەمووساڵێکیش بەسەرکەوتوویی دەردەچووم.

هەندێك جار یەك نوسخە بابەتمان بۆ ئەهات و پێویست بوو بۆ شانەکانی تر لێی بگرینەوە، بۆ نموونە لەلایەن هاوڕێ کاوە سەلیم بابەتێکی وەرگێڕراو لەزمانی عەرەبییەوە بۆم هاتبوو بەناوی (دور العمل فی تحویل القرد الی انسان) ٨ لاپەرە بوو، منیش وەرەقەی رایزو کاربۆنم هێناو ٤ نوسخەم لێ گرتەوە بۆ هەڤاڵەکانم کە دووشانە بوون. ئەو بابەتە زۆر گرنگ بوو، کاریگەریی کارکردن لەسەر پێشکەوتنی جەستەییو عەقڵی مرۆڤ دەخستەڕوو. یان لەساڵی ١٩٨٥ بابەتێکی تر بەناوی (مرکزیة واللامرکزیة) لە ( ٥ ) لاپەڕە پێکهاتبوو، بەهەمان شێوە (٤) نوسخە لەسەر کاغەزی ڕایز لەبەر گرتنەوەم ئەنجامداو بەدەست نووسیمەوە، چونکە نەمدەتوانی بە ئامێری لەبەرگرتنەوە لەبازاڕ نوسخەی تری لێ بگرمەوە.

⋆گوێگرتن لە(دەنگی گەلی کوردستان) پێویستییەکی تری کاری ڕێکخستن بوو، کە ڕۆژانە کاتژمێر (٤)ی پاشنیوەڕۆ بۆ ماوەی یەك کاتژمێر هەواڵو ڕاپۆرتی سیاسیو چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی پەخش دەکرد، بەڵام زۆرجار بەهۆی تەشویشەوە کە ڕژێم ئەیخستەر سەر ئیزاعەکە نەدەتوانرا گوێبیستی بین. لەبەر ئەوە ئیزاعەکە بێجگە لە کاتژمێر (٤)ی پاشنیوەڕۆ لە چەند کاتێکی تردا پەخشیان دووبارە دەکردەوە، لەلایەن ڕێکخراوی سلێمانییەوە ئەو کاتانەی پەخشەکەیان

بۆ دەناردین، بۆ نموونە کاتژمێر (٩)ی شەو یان (٧)ی ئێوارە، یان (١٠)ی شەو بەوجۆرە زۆر بەباشی گوێبیستی ئیزاعەکە دەبوین، چونکە ڕژێمی بەعس ئاگاداری ئەو کاتانە نەبوو تا تەشویش بخاتە سەر فریکوێنسی ئیزاعەکە.

***کتێبخانەی شەهید ئارام**

ئەم کتێبخانەیە نەماندەزانی هی کێیەو لەکوێیە، بەڵام داوای هەر کتیبێکمان بکردایە پاش (٢ ) بۆ (٣) ڕۆژ بەدەستمان دەگەیشت، دەبوو بە نامەیەك ناوی تەواوی کتێبەکەو ماوەی دیاری کراوی گەڕاندنەوەی کتێبەکە دیاری بکرایە، بۆ ئاستی سەروو خۆمان بناردایەو بە زووترین کات دەگەیشتە دەستمان.

## سێیەم: چالاکییەکانی ڕێکخستن:

ئەو چالاکییانەی بەئێمەی کچان ئەسپێررا جیاواز بوو لەچالاکی کوران، بۆیە هەندێك جار خۆمان داوای بەشداری کاری ترمان دەکرد. ئەوەی من لەهەشت ساڵ خەباتی نهێنیمدا کردوومە بریتی بوون لەکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر سیخوڕو پیاوانی ڕژێمو کۆکردنەوەی ئابوونەو یارمەتیو پێتاكو پەیدا کردنی ئەندامی نوێ بۆ ڕێکخستنو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی یەکێتی لەناو خەڵکیدا. لەو بوارانەدا کاری خۆم کردووەو هەڤاڵانی خوارەوەشم بە هەمان شێوە ئاڕاستە کردووە.

یەكێك لە كارەكانم بۆ پەیدا كردنی هاوكاریی ماددی (پارە)، ئەوە بوو لە هاوینی ساڵی ١٩٨٧ بەپێی ئەو پسوڵەیەی لەڕێكخراوی سلێمانییەوە بۆم هات، ئەركی كۆكردنەوەی پیتاك بوو، ئەویش بۆ وەرگرتنی (٥٠٠ ) دیناری سویسری لە دكتۆرە (فیراز ئەتروشی) كە دكتۆری نەخۆشییەكانی ژنان بوو، هەروەها لەبنەماڵەیەكی نیشتمانپەروەر بوو، كە لەشەقامی ئۆرزدی نزیك نەخۆشخانەی شیرەكە عیادەی تایبەتی خۆی هەبوو. هەرچەندە پێشتر ئەو كارە لەلایەن پەروین كاكە حەمە (كەژدۆست)و شەوقییە كاكە حەمە (ئارایشت)و تارا عومەر (سایە) سەردانی ئەو عیادەیە كرابوو، بەڵام دواتر جێبەجێكردنی ئەو ئەركە بە من سپێردرا. منیش لای خۆم پلانێكم دانا كە چۆن ئەنجامی بدەم، یەكەمشت تەنوورەی ڕەساسیو كراسی سپیو چاكەتێكی ڕەشم لەبەر كرد، بۆ ئەوەی بەسكرتێرەكە بڵێم من ئەمەوێت بەتەنیا دكتۆرە فیراز ببینمو شەرم دەكەم ئەگەر نەخۆشی تری لێبێت، پاشان لە شەقامی مەولەوی عەینەكێكی ڕەشم كڕیو كردمە چاومو پاكەتی هەندێك دەرمانم لەگەڵ خۆم برد، دەمانچەیەكی كۆنی باوكمم هەبوو لەگەڵ خۆم بردم. كە چوومە لای سكرتێرەكەی دكتۆرە فیراز هەموو كارەكەم بەشێوەیەكی باش ڕۆشت، بەس كە چوومە لای دكتۆرە نەمزانی نەخۆشێكی لێیەو پاش سڵاو نامەكەی ڕێكخراوی سلێمانیم دا پێی، دكتۆرەش خستییە چەكمەجەی

مێزەکەیەوەو وتی دانیشە، چووە پشت پەردەکەوەو گوێم لەدەنگی ئاسنێك بوو، خێرا پەردەکەم لادا، بینیم بە ئامێرێك پەستانی خوێنی نەخۆشەکەی ئەپێوا، دکتۆرە سەیرێکی کردمو وتی دانیشە. پاش بەڕێکردنی نەخۆشەکە وتی من ناتوانم (٥٠٠) دینار بدەم ئەگەر ڕازیت تەنها (٢٠٠) دینار ئەدەم و بەیانی وەرەوە، منیش وتم باش بەڵام نامەکەی ڕێکخراوی سلێمانیم لێ سەندەوەو ڕۆشتم، دوانیوەڕۆی ڕۆژی دوایی چوومەوەو بە هەمان شێوەو نامەکەم پێی دایەوەو پارەکەم لێ وەرگرت. بێجگە لەوەش بەناوی خێرو هاوکاریەوە پارەمان لەخزم و ناسیاو وەردەگرتو بۆ ڕێکخراومان ئەنارد. من هەرچییەکم پێ بسپێررایە ئەمکرد بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ، بۆیە هەڤاڵ شەوقییە کاکە حەمەو هەڤاڵەکانی تر ناوی (جندی مجهول)یان لێنابووم.

## چوارەم: کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هێزەکانی ڕژێم و خیانەتکاران

ئەم ئەرکەش بەشێکی گرنگی کارەکانمان بوو. هەمیشە چاوو گوێکراوە بوین، ڕاپۆرتی هەفتانەمان بۆ ڕێکخراو هەبوو، لەسەر هەموو جموجۆڵێك کە لەسنورەکەماندا هەبووبێت یان ئەو کەسانەی ئەبوونە بەعسیو زیانیان بەخەڵك ئەگەیاند ئێمە بە وردی زانیارییەکانمان تۆمار دەکردو بۆ ئاستی سەروو خۆمان بەرزمان دەکردەوە. ئەویش بەجیا لەڕاپۆرتێکی سەربەخۆدا ناوی سیانیو زانیاریی وورد لەسەر

ناونیشانو هاتوچۆو کارەکانیو مەترسییەکانی لەسەر خەڵك تۆمار دەکراو لەخوارەوەی ڕاپۆرتەکە ناوی نهێنی خۆمان دەنووسی، پاشان زۆر بەبچووکی دەمانپێچایەوەو لەسەری دەنوسرا زانیاری (ژمارە ١) یان (٢ ).....واتا هەر ڕاپۆرتێك ژمارەی تایبەتی خۆی پێ دەدرا.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٧ شێخ محەممەد عەبدولکەریم (هاوڕێ ئاوێسەر) کە لێپرسراوی کەرتی شەهید لەیلا بوو، پێی وتم، بارەگای فەیلەقی (٥) لەسلێمانی، نەخشەیەکی لێیە زۆر ووردەو دەڵێن ناوو شوێنی هەموو گوندو شارو شارۆچکەکانی تیایەو تەنانەت کانیاوەکانیشی تیا تۆمار کراوە، ئەگەر هەوڵێك بدەیت ئەو نەخشەیە لەوێ بۆمان بهێنێتو هەر کەسێك ئەوەمان بۆ بکات بڕی (٢٠٠٠ دیناری سویسری) پێ دەدەین. منیش خزمێکمان هەبوو سەر بە ئەمنی عامەی بەغدا بوو، لەبەرئەوەی وەختی خۆی بیشمەرگە بوو، ئاگاداری پەیوەندییەکەم بوو بەرێکخستنەوە، ڕۆژێك چووم بۆ لایو ئەو پێشنیارەم خستە بەردەمیو وتم پارەیەکی باشت پێ دەدەین. وتی زۆرباشە ئەتوانم بچمە فەیلەقو هەوڵێك دەدەم، بەڵام مۆڵەتی (٣) ڕۆژم بدەرێ، منیش وتم باشە، پاش (٣) ڕۆژەکە چوومەوە بۆ لای وتی، حەز دەکەم من قسە لەگەڵ مەسئولەکەت بکەمو هەندێك شت هەیە پێی دەڵێم ئنجا بۆتان دەهێنم. من هەر ئەو کاتە لێی کەوتمە گومانەوەو بەس وتم باشە با لێپرسراوەکەم ببینم و پێی بڵێم. ئەو قسانەم بە هاوڕێ ئاوێسەر وت و پێشم ووت سیقەم پێی نییە، ئیتر کە

چوومەوە بۆ لای ئەو خزمەمان کە حەزناکەم ناوی بهێنم پێم وت لە شوێنی تر ئەو نەخشەیەمان دەستکەوتو زۆر سوپاس. دڵنیا بووم من بەگرت نادات، بەڵام گومانم هەبوو کە لێپرسراوەکەم بە گرت دەدات، بۆیە ئەو باسەم لەگەڵیدا بەو شێوەیە داخست.

## پێنجەم:-ئابوونەدان

ئابوونە مەرجێك بوو لەمەرجەکانی ئەندامێتی، من ئەو کاتە مانگی (١) دینارم دادەنا، بەڵام هەر بە دوو مانگ یان (٣) مانگ جارێك لەلایەن ڕێکخراوی سلێمانییەوە داوای هاوکارییان لێ دەکردین، منیش ئەو کاتە (١٠) دینارم دەنارد، بەڵام هەندێك جار هەڤاڵێك یان (٢) هەڤاڵ توانای دارایی باش نەبوو من خۆم لەبری ئەوانیش (١٠) دینارەکەم دادەنا، چونکە من لەماڵەوەو لە کارگە کاری بەرگدورینم دەکردو هەمیشە پارەم هەبوو. (ئەو کاتە فەرمانبەرێك موچەی (٦٠) بۆ ٧٠ دینار بوو)، بۆیە بڕی ئەو پارانەی کۆمان دەکردەوە هاوکارییەکی باش دەبوو بۆ ڕێکخراو.

## چۆنییەتی نوسینی ڕا پۆرتی مانگانە

لـە مـاوەی یـەك مانگـدا ئـەو كاروچـالاكییانەی پێمـان دەسـپێررا جێبـەجێمان دەكـرد، دەبـوو ئـەو كارانـەش لەگـەڵ هـەر بۆچـوون و سەرنجێك‌و داواكارییـەك هەمانبوایـە بـەڕاپۆرت بینوسین‌و بـۆ سـەروو خۆمان بەرزی بكەینەوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١- لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەكە دەنووسرا (ئەی كرێكاران‌و گەلانی زۆر لێكراوی دنیا یەكگرن).

٢- لەناوەڕاسـتی لاپەڕەكـەدا ئاسـتی سـەروو خۆمـان دەنوسـرا بـۆ نموونە (بۆ بەڕێز/ كەرتی شەهید لەیلا).

٣- لــە ناوەڕاســتی لاپەڕەكــە مەبەســتی بابــەت دەنوســرا وەك (بابەت/ڕاپۆرتی مانگانە) یان (بابـەت/زانیـاری) یـان (بابـەت/پێشـنیار) یان (بابەت/ڕەخنە).

٣- پاشان لەلای ڕاستی لاپەڕەكە دەنوسرا، (سلاوێكی شۆڕشگێڕانە).

٤- ناوەڕۆكی ڕاپۆرتەكە بەكورتی ئەنووسرا، ئەگەر ڕاپۆرتی مانگانە بوایــە ئــەوا بەشــەكانی بــریتی بــوون لەمانــە (هــەواڵ‌و زانیــاری— ڕۆشنبیری- ڕێكخستنی نوێ - ئابوونە).

٥- لە كۆتایی لاپەڕەكە دەنووسرا (ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو پێكهێنانی پـارتی پێشـڕەوی كرێكـارانی كوردسـتان) یـان دەنووسـرا (ئـیتر بـۆ پێشەوە).

٦- ئـەو ڕاپۆرتانـەش لەسـەر وەرەقـەی ڕایـز دەنووسـرا، چـونکە زۆر تەنك بوونو دەکرا قەبارەکەی زۆر بچووك بکرێتەوەو پاشان لەپارچـە کاغـەزێکی تـری ڕایـز ئەپێچـرا، پاشـان مەبەسـتی ڕاپۆرتەکـەی لەسـەر دەنووسرا ئنجا بەتیپی ئاوی وەك نوقڵ دەپێچرایەوە (وێنەی ژمارە ١).

## چۆنیەتی خۆپاراستن

ئێمـەی کچـان هەمیشـە خـەمی دەسـتگیرکردنمان هـەبوو، ئـەویش لەبەر نزمی ئاستی ڕۆشـنبیری کۆمەڵگاو دڕندەییو بێ مۆراڵی پیـاوانی ڕژێـم، هەربۆیـە مـن بەشـێوەیەك هـانی ڕێکخسـتنەکانم ئـەدا کـە گـوێ بەهیـچ نەدەنو پێیانم ئـەوت زۆرجـار گـوێم لـەباوکم بـووە، وتوویـەتی (هەر دەستێك زۆردار بیبڕێت خوێنی لێ نایەت) واتا ئەگەر بشگیرێینو هـەر سـوکایەتییەکمان پـێ بکرێـت نابێتـە هـۆی ئـابڕوو چـوون، بۆیـە ئـــەبێت زۆر بوێرانـــە کارەکانمـــان جێبـــەجێ بکـــەین، لەهەمانکاتـــدا نهێنییەکانو هاوڕێکانمـان بپـارێزین. هـەروەها بـۆ توانـای بەرگـەگرتنی ئازارو ئەشکەنجەی زیندانیش هەر پێنجمان (خۆم، دیـدار، وێـژە، هـاژە، شـانۆ) چـوین بـۆ خـولی ڕاهێنـانی یـاری (کـاراتێ) بـۆ ئـەوەی لـە کـاتی ئەشکەنجەداندا هەست بە بەهێزی خۆمان بکەین، ئەو خولەش لەسـاڵی ١٩٨٧ بـوو لـە گردەکـەی (ريعايـة اجتماعيـة) کـە ڕاهێنـەرێك بـەناوی محەممـەد بـۆ مـاوەی (٢) مـانگ ڕاهێنـانی پێکـردین، لەگـەڵ ئەوەشـدا

شـێوازی خۆپاراسـتن زۆر گـرنگ بـوو بـۆ ئـەوەی بتـوانین لەخـەبات بەردەوام بین، بۆیە چەند لایەنێکمان بە هەند وەردەگرت لەوانە:

١- دورکەوتنەوە لە حەزی خۆدەرخستن (حب الظهور).

٢- سوتاندنی بابەتو ڕاپۆرتەکان پاش خوێندنەوە.

٣- دروستکردنی شوێنی تایبەت بۆ شاردنەوەی بلاوکراوەکانمان.

٤- پیـادەکردنی شـێوازی هێشـوویی لەڕێکخسـتندا واتـا بەرتەسـك کردنەوەی یەکترناسین لەنێوان ئەندامانداا.

٥- بـەکارهێنانی کاغـەزی ڕایـز بـۆ نووسـینی ڕاپـۆرتو بابەتـە هۆشیارییەکان، بۆ ئەوەی لە بچوکترین قەبارەدا هەڵبگیرێن.

٦- بـەکارهێنانی نـاوی خـوازراو بـۆ خۆپاراسـتن لـە هـەر ئەگـەرێکی بەردەستکەوتنی نامەکان.

## پلەکانی ڕێکخستن

بڕینی پلەکانی ڕێکخستن لەو سەردەمەدا ئاسان نەبوو، چونکە ئـەو ئەندامە دەبوو لەزۆر بواردا خۆی پێگەیاندبێت، لەوانە (بـەرزی ئاسـتی هۆشـیاری نەتەوایـەتیو چـینایەتی، هـەروەها تـا چـەند توانیویـەتی ڕێکخسـتنی نـوێی هـەبێت، ئـەو چـالاکییانەی جیبـەجێی کـردووە، سەرکەوتن لە تاقیکردنەوە، کە لەلایەن ڕێکخراوەوە ئاراستەی ئـەکرا). هەر ئاستێکیش تاقیکردنەوەی تایبەتی خۆی هەبوو، بۆ ئامادەبوون بـۆ پلەی ئەندامیەتیی چەند قۆناغێـك هـەبوو، لەوانـە: (دۆسـت، لایـەنگر،

پالێوراو)، من بەسەرکەوتوویی‌و لەماوەی یەك ساڵدا هەردوو قۆناغی دۆست‌و لایەنگریم بڕی، بەڵام لەقۆناغی پاڵێوراویدا بوومە لێپرسراوی شانەی سەرەکی، پاش دووساڵ وەڵامی ئەندامیەتیم بۆ هاتەوە. قۆناغەکانیش بەوجۆرەی لای خوارەوە بوو:

ـ **دۆست:** هەر کەسێك سەرەتا وەك دۆستی یەکێتی دیاری ئەکراو تەنها ئابوونەی لێ وەردەگیرا، هەروەها هەندێك کتێب‌و نامیلکەی پێ دەدرا تا خۆی پەروەردە بکات، ئەم شێوەیەش پەیوەندی بەمتمانەوە هەبوو بۆیە دەبوو بە فەردی (تاك) پەیوەندیی بەو کەسەوە هەبێت کە هێناویەتییە ڕێکخستنەوە لانی کەم (٦) مانگ بۆ ساڵێك بەوجۆرە دەهێڵرایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چاودێری جموجوڵ‌و چالاکی‌و دڵسۆزیی دەکرا، چونکە هەبوو پاش مانگێك ئەترسا یان بەتایبەت کچەکان بەهۆی هاوسەرگیرییەوە وازیان لەڕێکخستن دەهێنا یان لەبەر هەرهۆیەك وازی دەهێنا، ئینجا بۆ ئەوەی ڕێکخستنەکان ئاشکرا نەبن، بۆیە لەو ماوەیەدا تەنها پەیوەندیی فەردی هەبوو.

ـ **لایەنگر:** پاش ئەو ماوەیەو چاودێری کردن لەلایەن بەرپرسەکەی ڕاپۆرتی بۆ بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاستی سەروو و داوای پلە بەرزکردنەوەی بۆ دەکات، پاشان بەڕاپۆرتێك چەند پرسیارێکی بۆ دەنێردرێت، پاش وەڵامدانەوەو هەڵسەنگاندن، بڕیاری بەرزکردنەوەی

پلەکەی بۆ پالێوراو دەدرێت، ئەوەش بەرپرسیارێتی زیاتری دەخاتە سەر شان.

ـ **پالێوراو**: لەم پلەیەدا پالێوراوەکە دەخرێتە شانەوەو شانەیەکی سێ کەسی دروست دەکەن، واتا دوو پالێوراو لەگەڵ بەرپرسەکەیان، پێکەوە کۆبوونەوەی مانگانەیان ئەنجام دەدەن و کارو چالاکییەکانیان ئەنجام دەدەن.

ـ **ئەندام**: شەرەفی ئەندامیەتی، ئەو پلەیە بوو کە مانای ئامادەیی ئەو کەسەیە بۆ هەر کاروچالاکییەك، چونکە دەبێتە جێی متمانەو پێگەیشتویی لە هەموو بوارەکاندا. وەرگرتنی ئەو پلەیە زۆر گرنگ بوو، لەبەرئەوەی ئەرك و بەرپرسیارێتی زیاتری لەئەستۆ دەگرت. من پاش تاقیکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و وەڵامدانەوەی (٤) پرسیار کە لەلایەن ڕێکخراو بۆم هاتبوو، لە ١٩٨٦/١/١٣ بە نامەیەکی ڕێکخراوی سلێمانی کە لەخواری لاپەڕەکەوە بەمۆرێکی سووری ڕێکخراوی سلێمانی مۆر کرابوو، شەرەفی ئەندامیەتیم پێ درا ئەو ڕۆژە زۆر دڵخۆشبووم، چونکە هەستم دەکرد کە من کارێکی پیرۆزم ئەنجام داوە بۆیە ئەو شەرەفە مەزنەم پێدراوە. هەر ئەو ڕۆژە هێندە متمانەم بەخۆم هەبوو کە لەماڵی شەوقییە (هاوڕێ ئارایشت)لە کۆبوونەوەدا بووین، پێم وتن ئیشەڵلا کە کوردستانی عێراق ڕزگار کرا ئەوا دەچینە

ناو پەکەکەو بۆ کوردستانی تورکیا دەچین، ئەوانیش دەستیان کرد بە پێکەنینو وتیان با جارێ ئێرە ڕزگار ببێت.

## ناوەکانی کەرتی شەهید لەیلا

سەبارەت ناوی کەرتی شەهید لەیلا قاسموناوی هەردوو پۆلی شەهید سنەوبەرو شەهید دایکە ئامینە.

**یەکەم/ شەهید سنوبەر:** مامۆستا (سنەوبەر مەحمود )یەکێك بووە لە مامۆستاکانی سەرەتایی لەشاری قەلأدزێو پەیوەندیی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە بووە، مامۆستایەکی چالاكو دڵسۆز بووە، لە ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٩٨٢ ی شاری قەلأدزێ لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا، بەگوللەی پیاوانی ڕژێم شەهید کراوە.

**دووەم/ شەهید دایکە ئامینە:** ئامینە بەنگین حەسەن، بە دایکە ئامینە ناسراوە، ژنێکی نەخوێندەواری ماڵ بووە، ژنێکی تێکۆشەری ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە لەشاری قەلأدزێ، لەکاتی ڕاپەڕینی شاری قەلأدزێ ساڵی ١٩٨٢ لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا، بەگوللەی پیاوانی ڕژێم شەهید کراوە.

**سێیەم/ لەیلا قاسم:** لەیلا قاسم لەساڵی ١٩٧٤دا لەلایەن دەزگاکانی ڕژێمی بەعس لەشاری بەغدا لەگەڵ چەند تێکۆشەرێکی تردا گیران، لەیلاو چوار تێکۆشەری تر بەناوەکانی (نەریمان فوئاد مەستی، ئازاد خۆشناو، جەواد هەمەوەندی، حەسەن فەتاح) حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرا، کە(لەیلا)یەکەم کچی کوردبوو، لەبەغدا بچێتە بەردەم پەتی سێدارە سەربەرزانە لەسێدارە بدرێت.

# بەشی سێیەم

# ژیانی خەباتی سیاسی

ژیانی خەباتی سیاسی، ژیانێکی زۆر جیاوازە، لەلایەك هەست بەفەخرو شانازیی دەکەیت کە ئامادەیت گیانت لەپێناو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەت ببەخشیت، هەستێکی جیاواز لە خەڵکی تر خۆشەویستیت بۆ خاكو نیشتیمانە، نەك بۆ بنەماڵەو عەشیرەت، هەموو تاکێکی نەتەوەکەت خۆش دەوێت. لەلایەکی ترەوە هەست دەکەیت لەوانەیە ببیتە هۆی ئازار بەخشین بەنزیکترین کەسوکارت یان خێزانەکەت کە لەوانەیە بەهۆی تۆوە بکەونە دەستی ئەمنو ئیستخباراتی بەعس، چونکە ئەو ڕژێمە دەستی لە هیچ کەسێك نەدەپاراستو چەندین خێزان بەهۆی کوڕەکەیەوە یان بەهۆی هاوسەرەکەیەوە لە زیندان دەخزێنران، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا چەندین ڕووداوی نائاساییو ناخۆش تیایدا روو ئەدات. بۆیە هەندێکیان باس ئەکەم:

## گیانی هاوڕێیەتی

گیانی هاوڕێیەتی تاموچێژێکی ڕۆحی پێ دەبەخشین، وەك ئێستا نەبوو، هەمیشە لەپێناو پلەو پارە پاشقول لەیەکتر دەگرن‌و بۆ خۆبردنەپێشەوە ملی هاوڕێیەکەی دەشکێنێت، تەنانەت لەمەبدەئی حزبەکەش دوور دەکەوێتەوەو لەپێناو دەسەلاتی خۆیدا زیان بەحزبەکەش دەگەیەنێت. ئەو سەردەمە گیانی هاوڕێیەتی بووە هاندەرێك بەڕۆح‌و بەئازاری جەستە یەکترمان دەپاراست، هاوکاریی ماددی‌و مەعنەوی یەکترمان دەکرد، لەپێناو یەکتردا هەمیشە ئامادەبووین لەزیندانا ئازار بکێشین‌و نهێنی هاوڕێکەمان نەدرکێنین. ئەوە بوو کە یەکێتی کردبووە ئەو حزبەی دۆست‌و دوژمن هەزاران حسابیان بۆ دەکرد. حەزمکرد شتێکی بچووك لەسەر گیانی هاوڕێیەتی پۆلەکەمان بگێڕمەوە. ئەوکاتەی لە کارگەی بەرگدووریی (ژین) ئیشمان دەکرد، بە مەبەستی دەرهێنانی ناسنامەی کارگە پێویستمان بەپشکنینی سییەکانمان هەبوو، من‌و دیدارو وێژەو شانۆ پێکەوە چووین بۆ نەخۆشخانەی سنگ، لەوێ پاش پشکنینی هەموومان، دکتۆرەکە وتی هەمووتان بڕۆن بەس با شانۆ بمێنێتەوە چونکە گومانێك لەئەشیعەکەیدا هەیە. ئەوە شۆك بوو بۆ هەموومان‌و لەدەرەوەی ژووری پزیشکەکە زۆر نیگەران بووین، بەلام پاش لێکۆڵینەوەی زیاتر بۆی دەرکەوت هاوڕێکەمان نەخۆشیی سیلی نییە،

بۆیە دواتر هەمووومان بەگریانەوە باوەشمان پیاکردو خۆشحاڵی خۆمان دەربڕی، بەوەش بووینە جێی سەرنجی دەوروبەرو بەهێزتربوونی گیانی هاوڕێیەتیمان.

## شووکردن کێشە بوو

تەمەنی ئێمەی کچانی ڕێکخستن لەنێوان (١٦) بۆ (٢٥) ساڵ دەبوو، خێزانەکانمان هەوڵیاندەدا بچینە ژیانی هاوسەرییەوە، بەڵام بەهۆی نزمی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی زۆرینەی پیاوان لەو سەردەمەدا شووکردن دەبووە کێشەو لەمپەر لەبەردەم کاری ڕێکخستندا، لەبەرئەوە ڕێژەی بوونی کچان لە کەرتەکەماندا هەمیشە لەگۆڕاندا بوو، چونکە ئەو هەڤاڵەی شووی دەکرد ئیتر بواری کاری ڕێکخستنی لێ قەدەغە دەکرا، بۆیە هەندێکمان بڕیارماندا یان شوو بەپێشمەرگە بکەین یان هەر شوو نەکەین، کە بەداخەوە ئەو بڕیارە لەسەر هەندێك هەڤاڵ قورس کەوتەوەو لە کاروانی هاوسەرگیری دواکەوت، بۆیە دوای ڕاپەڕین هاوسەرگیرییان کردو ئێستا لە وشەی دایە بێبەش بوون، (بەداخەوە ناتوانم ناویان بهێنم). یان زۆرینەیان یەك یان دوو منالی هەیە چونکە تەمەنی هاوسەرگیریی بۆ کچان تا ڕاددەیەك دیاری کراوە، بەڵام بۆ پیاوان زۆر ئاسایی بوو، تەنانەت ئەوانەش کە پێشمەرگە بوونو ژنیشیان هەبوو دوای ڕاپەڕین لە پاداشتی ئەو ژنەی خۆی کە هەموو تاڵییو ڕاکردنو خۆشاردنەوەو زیندانییو نەبوونیو هەژاری

چەشتو ئەركی پەروەردەكردنی منالەكانی لەئەستۆ گرتبوو، ژنی دووەمی بەسەردا هێنا. هەربۆیە ئەركی خەباتی سیاسی لەسەر هەندێك ژن قورس كەوتەوە كە پیاوان لە هیچ بۆنەیەكدا ئاماژەی پێ ناكەن.

## خۆپیشاندانەكانی ساڵی ١٩٨٢

لەساڵیادی بۆمبارانكردنی شاری قەڵادزێو هەڵەبجەدا بەپێی بڕیاری یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان خۆپیشاندان دژی ڕژێمی بەعس دەستی پێكرد، من ئەوكاتە لەپۆلی سێی ناوەندی بووم لەسانەوی كوردستان، ئەوكاتە سەر بەڕێكخستنەكان نەبووم، بەڵام دوو هۆكار وای لێكردبووم كە هەستێكی نەتەوەییم هەبێتو حەز بە بەشداری ئەو خۆپیشاندانانە بكەم. هۆیەكیان ئەوە بوو كە باوكم زۆرجار باسی زوڵمو زۆری ڕژێمی حكومەتە یەك لەدوایيەكەكانی عێراقی دەكرد كە بەرامبەر بەكوردستان كردوویانە. هۆكاری دووەم، مامۆستایەكمان هەبوو لەسانەوی كوردستان ناوی (عەبدولڕەحمان) بوو خاوەن بیروباوەڕی شیوعییەت بوو، وانەی وەتەنییەو ئایینی پێ دەوتین، بەڵام كەسێكی زۆر نیشتمانپەروەر بوو وەختی خۆی مامۆستای زانكۆ بووەو لەبەرئەوەی نەبووە بە بەعسی كردبویان بە مامۆستای قۆناغی ناوەندی، ئەویش هەردوو وانەكەی بەدڵی خۆی ئەوتەوە، بۆ نموونە لەدەرسی وەتەنییە كە هەمووی باسی حزبی بەعس بوو، پێی ئەوتین

(بەپێی بڕیاری حزبی بەعس هەموو عێراقییەك بەعسییەو هەموو بەعسییەکیش عەرەبە، ئنجا ئێستا ئێوەی خەڵکی سلێمانی عەرەبن‌و بەعسین) بەو شێوەیە هەموومانی تووڕە دەکردو ئەوەمان ڕەتدەکردەوە، بەڵام خۆی بەس پێئەکەنی‌و سەیری دەکردین. بەوشێوەیە ڕای گشتی لەنێوان قوتابییەکاندا دروست دەکرد. هەروەها لەهەر وانەیەکدا باسی کتێبێکی بۆ دەکردین‌و ئەیوت بڕۆن بیخوێننەوە، بەوشێوەیە زۆربەمانی هاندا بۆ خوێندنەوە منیش لەو کاتەوە کەوتمە کتێب کڕین‌و خوێندنەوە. یەکەمجار کە کتێبم کڕی‌و خوێندمەوە (فەرهەنگی خەم، ئافرەت لەمێژوودا، شەرەفخانی بەدلیسی) بوو، ئەمانە هۆکاربوون بۆ بەشداری کردنم لەخۆپیشاندا، هەندێکجار بەڕۆژو هەندێك جاریش بەشەو، شەوێك لەگەڕەکی سەرشەقام دەوری کاتژمێر (١٢)ی شەو بوو قوات خاصەکان لەگەڕەکی جولەکانەوە هاتن ڕاویان ناین، ماڵان لە بەرخانەقا بوو، بەرەوماڵەوە ڕامکرد، بەڵام نەمزانی کۆمەڵێك ژن لەگەڵ منا ڕایانکردو هەموو خۆیان کرد بە ماڵانا دایکیشم دەرگاکەی داخست‌و خێرا جێگای لەحەوشەکەدا ڕاخست‌و وتی هەمووتان بخەون کە لەدەرگایاندا ئەڵێم میوانن‌و خەوتوون نزیکەی (١٠) کچ‌و ژن بوون. لەو دروشمانەی دەمانووت:

- بڕنەو ڕەقەم حەڤدەیە  قابیل بە پێشمەرگەیە
- بەهێزی مامە ڕیشە  دوژمن دێنین لە ڕیشە

- بژی هێزی پیشمەرگە سەدام نزیکــی مــەرگـە
- خوێنی شەهیدان سوورە چیای حەمرین سنوورە
- چیتان ئەوێ کوردەکان بەربوونی زیندانییەکــان

چـەندین دروشمـی تـر کـە ئێسـتا لـەیادم نـەماون. لـەو کاتانەشـدا ڕێکخستنەکان زۆربەی شـەو بەیاننامـەیان ئەخستە ماڵانـەوە کـە هـانی خۆپیشـــاندانو بەرنامـــەو ئاگادارینامـــەی یـــەکێتیی نیشـــتمانیی کوردستانیان بڵاودەکردەوە.

## دانوستانەکەی ساڵی ١٩٨٤

ئـــەم دانوســـتانە کاریگـــەری پۆزەتیـــفو نەگـــەتیفی بـــۆ ســـەر ڕێکخستنەکان هەبوو، لێرەدا باس لەچۆنییەتیو ئامانجە سیاسییەکان ناکـەم، بـەڵام بـاس لەکاریگەرییـەکانی لەسـەر ڕێکخسـتنە نهێنییـەکان دەکـەم، چـونکە سـەردەمێکی زۆر هەسـتیار بـوو ئـەویش ئایـا خۆمـان ئاشکرا بکەین یان نـا. بـۆ پیشـمەرگە ئاسایی بـوو لـە کـاتی تێکچوونی دانوستانەکە گەڕانەوە بۆ شـاخ، بـەڵام ڕێکخسـتنەکان توانـای مانـەوەیان مـەحاڵ دەبـوو، بۆیـە بڕیـاری ڕێکخـراوی سلێمانی ئـەوەبوو بۆمـان کـە کەس خۆی ئاشکرا نەکات، بەڵام بەهۆی ئەو هەلومەرجـەوە کەسـانێکی زۆر پەیوەندییان کرد بەڕێکخستنەوە، هەربۆیە ناومان نـان ڕێکخسـتنی کـاتی ئاشـتیو تاڕاددەیـەك زنجـیرەی پێکەوەبەسـتنەکانمان بەرتەسـك

کردەوە تارێکخستنە نهێنییەکان یەکتر نەناسن. کەرتی ژنانیش بەو شێوەیە پەرەسەندێکی زۆری بەخۆیەوە بینیو چەندین کەس پەیوەندییان کرد.

## ١٧/ ١٠ / ١٩٨٥ ڕۆژی ئازاردانی سلێمانی

مێژووی ئەم شارە پڕە لە گیانبازیو خەباتو قوربانیدان، لەبەرئەوەیە هیچ ڕژێمێك نەیتوانیوە ئەم شارە ملکەچ بکات، هەروەك دکتاتۆر صەدام حسێن وتی (السليمانية مدينة صعبة)، بەو هۆیەوە لەڕووی خزمەتگوزارییەوە ئەم شارەی پشتگوێ خستبوو، بە نموونە نەخۆشخانەی صەدام کە لەهەموو بوارەکانی پزیشکیو پێداویستییەکانەوە نەخۆشخانەیەکی پێشکەوتوو بوو، لەسلێمانی بنیات نەنرا، بەڵام بۆ زۆربەی شارەکانی تری عێراقو کوردستان دروست کرا. زانکۆی سلێمانی کە مەڵبەندی زانستو ڕۆشنبیریی بوو، بەبێ هۆیەکی زانستی گواستییەوە بۆ شاری هەولێرو ناوەکەشی گۆڕی بە زانکۆی صلاح الدین. ملازم محسین ڕۆژانە لەسەر شەقامەکان سوکایەتی بەگەنجانی ئەم شارە دەکرد، هەر گەنجێك ڕیشی هەبوایە، یان گۆرەوی سپی لەپێ بووایە، یان تەسبیحی درێژی قەزوانی پێ بوایە، سوکایەتییان پێ دەکردو هەندێکجاریش دەیانبردن بۆ ئەمنی سلێمانی.

ڕووداوێکی ناوبەناو هەبوو پێیان دەوت (قڵیشایەوە)، هەندێکجار بۆ چاوترساندنی خەڵکی ئەم شارە لەناو بازاڕ یان لەنزیك بەردەرکی سەرا هۆیەکیان دەدۆزییەوەو ڕووداوێکیان دەخولقاندو دەستیان دەکرد بە تەقەکردن، بەو هۆیەوە خەڵکیان ڕاودەنا پاش چۆڵکردنی بازاڕ دەستیان دەکرد بەدزییکردن لەو دووکانانە، هەندێکجار دەبووە هۆی کوشتنی کەسێك، یانگرتنی چەند گەنجێك. بەڵام ئەو ڕەفتارە دڕندانەیە نەبووە هۆی ملکەچکردنی خەڵك، چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی ناو شار، ئەم ڕژێمە دکتاتۆرەی سەرسام کردبوو.

لە دوای کۆتایی هاتنی دانوستانەکەی ساڵی ١٩٨٤ کە لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حکومەتی عێراقیدا بوو، لەبەرەبەیانی ١٧/١٠/١٩٨٥ دەنگی بڵندگۆی هێلیکۆپتەرەکانی بەعس خەڵکی شاری لەخەو هەڵساندو بانگەوازی کرد کە هاوکاری ئەو هێزەی ئەمنو ئیستخباراتو قوەخاصە بکەن، کە بۆ پشکنینی ناو ماڵەکانیان هێنرابوون. ئەو بەیانییە بە سەدان هەزار چەکداری عەرەبی لەخوارووی عێراقەوە هێنابووە سەر سنگی ئەم شارە. ئەم دیمەنە تراژیدییە چیرۆکی (خوێنی بەناهەق ڕژاو)م بیردێنێتەوە کە باسی لە(منع تجول) دەکرد، هەستم کرد ئەو چیرۆکەی خوێندبوومەوە ئێستا وەك نمایشێکی ڕاستەقینە دەیبینم، بۆیە هەر زوو کەوتمەخۆ،

لەناو تاکی کەنتۆرەکەمدا نزیکەی (٥) گۆڤاری کۆمەڵەو(٤) ڕێبازی نوێو(٤) شەرارەم هەبوو، (١) گۆڤاری گزنگ، کتێبێکی لینین لەسەر مافی چارەی خۆنوسین کە لەچاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ چاپ کرابوو، چەندین نامیلکەو پەخشنامەو نامەی شانەکانی خوارەوەو کتێبی مارکسیزم وەك (اصول فلسفة الماركسية)و چەند کتێبێکی تر، هەروەها (٢٨) وێنەی پێشمەرگەکانی تیپی (٤٧) ی پیرەمەگروون کە ئامۆزایەکم بەناوی عومەر ڕەشید کەریم هاوڕێ (کرێکار) پێشمەرگە بوو، لە کاتی دانوستانەکەی ساڵی ١٩٨٤ دابووی پێم، لەگەڵ چەند وێنەیەکی جەنابی مام جەلالو شەهید مامەڕیشە، لەگەڵ دەمانچەیەکی کۆنی باوکم، بەو بەیانییە نازانم فریای چی بکەومو چییان لێ بکەم، لەبەرئەوەی ماڵمان لەبەرخانەقا بوو واتا لەناوەڕاستی شاردا بووین بۆیە لەکاتژمێر (٦)ی بەیانی هێلیکۆپتەرەکان بانگەوازی (منع التجول)یان ڕاگەیاند، بەڵام نزیکەی کاتژمێر (٨,٣٠) گەیشتنە لای ماڵی ئێمە، بۆیە نزیکەی (٢) کاتژمێرێکم هەبوو بۆ شت شاردنەوە، تونی حەمامەکەمان کە لە قاتی دووەم بوو پڕم کرد لە کتێبو گۆڤارەکان، دەرگایەکی تەختەمان هەبوو لای سەرەوەم قلێشاندو وێنەکانم خستە ناوییەوە، دەمانچەکەی باوکمم خستە ناو فەردە برنجەوەو هەندێك پەخشنامەو نامەم سوتاند، کتێبی (اصول فلسفة الماركسية)، زۆر لام خۆشەویست بوو، هێشتا خوێندنەوەیم تەواو نەکردبوو بۆیە نەمسوتاند، ئەم کتێبە باسی لە گرنگیی تێگەیشتن لە

فەلسەفە دەكردو دوو بواری فەلسەفی ڕاڤە دەكرد، ئەوانیش فەلسەفەی زانستی، كە باسی لەماتریالیزمی دیالكتیكی دەكرد، ئەو ڕاڤە كردنە پشتی بەپێشكەوتنە زانستییەكان بەستبوو، ئەوەش بۆ تێگەیشتن لەڕۆحی فەلسەفەی ماركسیزم گرنگ بوو. هەروەها فەلسەفەی چینی كرێكاران وەك فەلسەفەیەكی شۆڕشگێڕیی دەیناساند. پێیوابوو چینی كریكاران گۆڕانی ڕیشەیی لەكۆمەڵدا دەكەن. لەبەرئەوە كتێبەكەم لا گرنگ بوو، بۆیە بە لەچكەیەكی دایكم لەژێر جلەكانمەوە بەقەدمەوە بەستم. كەمێك چاوم بەكتێبخانەكەمدا گێڕا تەنها كتێبی (دەفتەری سەروەری)یم دۆزییەوە كە بەرگێكی زەردی هەبوو و وێنەی چەندین شەهیدی تیابوو، ئەویشم شاردەوە، باوكم نەیدەزانی ئەندامی ڕێكخستنم بەڵام هەر سەیری دەكردو زۆر دەترساو دەیوت هیچ لەو كتێبانە مەمنووعن؟ ئەموت نەخێر، دایكیشم زوو دەچووە دەرەوەو دەهاتەوەو پێی دەوتم بەخوا بەهۆی تۆوە ماڵم وێران دەبێت، باوكم خێرا خێرا سورەتی (ئایەتەلكورسی) دەخوێند، چووە سەربان بینی یەك فەردە ڕۆژنامەی هاوكاری لێیە، لەو كاتەدا تووڕەیی خۆی بەسەرما تەقاندەوەو وتی هەر ئێستا وەرە ئەو ڕۆژنامانە بخەرە ناو توونی حەمامەكەو بیسووتێنە ووتم مەمنوع نییە وتی ئەوان بۆ تاڵەموویەك دەگەڕێن‌و ئەیكەن بە بەهانەو هەموو ماڵەكە دەگەڕێن، منیش ناچار بەقسەم كردو بەهۆی سووتانی ڕۆژنامەكانەوە هەموو ئەو شتانەی شاردبوومەوە سوتان‌و نەموێرا هیچی دەربهێنم، هەندەی

پـێ نەچـوو دایکـم بـەپرتاو هاتــەوە ژوورەوەو وتــی ســەگەکان هــاتن، (٨)چــەکداری عــەرەب خۆیــانکرد بــەژووراو دەســتیانکرد بــە گــەڕان، دووانیان لەژووری کتێبخانەکەمەوە هاواری کرد (تعال تعـال ابـو محمـد هنـاك مكتبــة) ئـیتر دووانیـان بەرامبــەرمان بەچــەکەوە وەسـتابوونو (٦)کەســیان هــەموو کتێبــەکانیان هێنایــە خــوارەوەو یــەك بەیــەك دەگـەڕان، پـاش مانـدوو بـوون ڕۆشـتنەدەرەوەو وتیـان بـەهیچ جۆرێـك نەیەنــە دەرەوەو دەرگاکــە دابخــەن. هەناســەیەکی قــوڵم هەڵکێشــاو دانیشتم کە سەیری سـەر کەنتۆرەکـەم کـرد زەرفێکـی زەرد کـە ڕێبـازی نـوێو شـەرارەیەکی تیـابوو کـە ڕۆژێـك پێشـتر لـەماڵی مامۆسـتا شـێخ محەممەد (هاوڕێ ئاوێسەر) هێنابووم، بـە پەلـە لامـبردو لام سـەیر بـوو کـە ڕزگارمــان بــوو، چــونکە مــاڵی دراوســێکانمان تەنانــەت جانتــای منداڵەکانیشیان هەڵڕشتبوو بۆ پشکنین. ئەو ڕۆژە هەر گوێمان لـەدەنگی تەقــە دەبــوو، چــەندین ماڵیــان رووخانــدو هــەموو ئەنــدامانی خێزانەکـەیان شـەهیدکردن، چـەندین ڕاکـردووی سـەربازییان گرتـوو شەهیدیان کردن، ئەو ڕۆژە خوێناوییە ئازاری دەروونی هەموو تـاکێکی ئــەم شــارەیدا، چــەندین گــەنجیان بــرد لەحامیــە (پــارکی ئــازادی) گوللەبارانیان کردن.

خـەڵکی شـار دەتگـوت خـۆڵی مردوویـان بەسـەردا کـراوە، لـە پـاش کاتژمێر (٥)ی ئێوارە تاکە تاکە خـەڵك دەگـەڕا تـا بـزانن کێیـان مـاوەو کێیان شەهید کـراوە، هەمووخـەمی منـیش لای هاوڕێکانم بـوو، دوعـام

دەکرد کە توانیبێتیان شتەکانیان شاردبێتەوە، ئەو شەوە تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت، وتم لەوانەیە هەڤاڵێکمان دەستگیر کرابێتو ئێستا نا تاوێکی تر بە لەقە لەدەرگا دەدەنو دەمبەن، بۆیە هەرنەخەوتم، بۆ بەیانی کاتژمێر (٧) چوومە ماڵی مامۆستا شێخ محەممەدو هەواڵی هەڤالآنم لێ پرسی وتی هەموو سەلامەتن، بەس خەمی تۆم هەبوو فریای شتەکانت نەکەوتبیت، بەڵام سیقەم پێت بوو کە ناوی هاوڕێیان نەدرکێنیت، ئەو قسەیەم پێ خۆش بوو کەوا جێی متمانەی هەڤالآنمم.
ئامانجی حزبی بەعس لەو مەنعە تەجەولە زۆر بوو، لەلایەك ویستی لەدوای دانوستانەکەی ساڵی ١٩٨٤ جارێکی تر ترس بخزێنێتەوە دڵی خەڵك. لەلایەکی ترەوە جاشو سیخوڕە کوردەکان زانیاریی تەواویان دابوو بە بەعس کەوا زۆربەی ماڵەکان کوڕی پێشمەرگەو سەربازی ڕاکردوویان هەیەو زۆربەی ماڵەکان وێنەو بڵاوکراوەی شۆڕشی تیایە، چونکە بەشێوەی ئاشکرا لەکاتی دانوستانەکەدا وێنەی جەنابی مام جەلالو شەهید مامەڕیشەو وێنەی سەدان پێشمەرگەی ئازا دەفرۆشرا. بۆ ئەوەش حزبی بەعس هەزاران چەکداری سەربازی لەخوارووی عێراقەوە هێنا بۆ پشکنینی ماڵبەماڵی شاری سلێمانی.

## سەیتەرەی کەرکووك و پشکنین

لە ساڵی ١٩٨٨ بە مەبەستی دامەزراندن، چوومە شاری هەولێرو بۆ ماوەی (٤) مانگ لەگەڵ (٣) هاوڕێی ترمدا لە (سوق مەرکەزی) دامەزراین بەشێوەی کاتی، بەهەر چوارمان (من، پەخشان شێخ سالح، کەژاڵ عوسمان غەوس، شوکریە ئەحمەد) ژوورێکمان بەکرێ گرت، منو پەخشانو کەژاڵ ڕێکخستن بوین، بەڵام شوکریە لەئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ پێکەوە خوێندکار بوین، بەڵام ئەو نەهاتە ڕێکخستنەوەو پێشتر داوام لێ کردبوو بەس وامان پێشاندا کە هیچمان ڕێکخستن نین. من ئامانجیشم ئەوە بوو کە لەهەولێر لە کاری ڕێکخستن نەوەستم، هەربۆیە لەوبەشەی کارم لێ دەرکرد هەوڵی ڕاکێشانی کچێکمدا بۆ ناو ڕێکخستن کە ناوی ئاراس بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی برایەکی لەلایەن ئەمنی هەولێرەوە دەستگیر کرا بوو تا ئەو کاتە بێسەروشوێن بوو، نەیوێرا کاری ڕێکخستن بکات. بۆ سۆراخی براکەی هەوڵمدا کەخاڵی هاوڕێیەکم زیندانی بوو لە ١٩٨٨/٨/٨ ئازاد کرابوو هەواڵیم لێ پرسی وتی لەهەیئەی خاسەی کەرکوك پێکەوە بوینو زۆر ئازارو ئەشکەنجە دراوەو زۆر بێهێزو لاواز ببوو، من ئەو ڕاستییەم بە ئاراس نەگەیاند بەس وتم لەهەیئەی خاسەی کەرکوك بینراوە، پاش ماوەیەك بۆم دەرکەوت کە ئاراس خوشکی هاوسەری شەهید (شاخەوان عەباس)ە. من بەردەوام بووم لەکۆبوونەوەی

ڕێکخستنەکانم، بێجگە لە ئەو هەڤاڵانەی لەهەولێر لەگەڵمدا بوون، لەسلێمانیش (٢) شانەم هەبوو، لەکاتی گەڕانەوەم کۆبوونەوەم پێیان دەکرد، ڕۆژێك لەکاتی گەڕانەوەم لەسلێمانییەوە بۆ هەولێر، نامەیەکم پێ بوو بۆ ئەو دوو هەڤاڵەم کە لەگەڵا لەهەولێر بوون، لەجانتاکەی بەردەسمدا بوو، پەخشانو شوکریەم لەگەڵدا بوو، لە پاسێکی کۆستەر لە پشت شۆفێرەکەوە دانیشتبوینو بەرەو هەولێر دەڕۆیشتین، لەبازگەی نێوان کەرکوك – هەولێر ڕاوەستاین، هەموو جارێك تەنها جانتای گەورەیان دەپشکنی، بەڵام ئەوجارە بینیم جانتای دەستی ژنەکانیان دەپشکنی، بۆیە منیش زۆر ترسامو ویستم فێڵێك بدۆزمەوە، نامەکەم لەجانتاکە دەرهێناو خستمە دەستمەوە ئەمویست بیخەمە ناو پێڵاوەکەمەوە، هەرچەند ئەمنەکە وتی دابەزە منو هاوڕێکانم دانەبەزینو خۆم نوشتانەوە بەناوی ئەوەی شتەکان بدەم بە ئەمنەکە بۆ پشکنین خێرا نامەکەم خستە ئەو شوینەو بەگاڵتە پێکردنەوەو بەعەرەبییەکی شەقو شڕەوە عەلاگەیەك گۆشتی بەستووم پێبوو، بۆم فڕێدایە بەردەمی وتم: (هذا لحم) و پاشان جانتاکەم خستە بەردەمی، بۆیە زۆر توڕەبوو وتی هەر ئەبێت دابەزن، ئیتر هەرسێکمان دابەزینو پاش چەند پرسیارێكو پشکنینی هەموو شتەکان بە ووردی وتی سەرکەونەوەو هەمدیسان وتی دابەزنەوە بۆیە وەك سوکایەتی (٣)جار دایبەزانین، بەڵام من بەلامەوە ئاسایی بوو چونکە خۆم زانیم چیم کردووە، بەڵام هاوڕێکانم زۆر خەفەتیان خوارد. ئەو هەموو نەفەرەش

لەپاسەکەدا نەیانوێرا یەك وشە بڵێن. بەهۆی ئەم ڕووداوەوە شوێنی تایبەتم بۆ شتەکان دروست کردوو توانیم ئەو (٤) مانگە خۆمان بپارێزین.

## ١٩٩٠/١/٢٤ ڕۆژە سەختەکە

وەك هەموو بەیانییەکان کاتژمێر (٧) چووم بۆماڵی مامۆستا شێخ محەممەد عەبدولکەریم سۆڵەیی (هاوڕێ ئاوێسەر)، ماڵیان لە مامۆستایان نزیك مزگەوتی قازی محەممەد بوو، تا ڕاپۆرتی مانگانەو ئابوونەکەی بۆ بەرم، هەر کە بە پلیکانەکانا سەرکەوتمو چوومە حەوشەکەوە، زەینەب خانی هاوسەری بەگریانەوە پێیوتم خێرا بڕۆ لەم ناوە مەمێنە شێخ محەممەد گیراوە، منیش وتم چۆن؟ وتی ئەمن بردوویانەو خەبەری لێدراوە، منیش هەر ئەو کاتە بە پەلە تەکسییەکم گرتو ڕۆیشتم بۆ شوێن ئیشەکەم کارگەی بەرگدوورین لەنزیك فولکەی تووی مەلیك. ئەو ڕۆژە زۆر نیگەران بوومو ترسیشم لێنیشت، ئایا منیش چارەنوسم چی لێ دێت؟ ئایا منیش بەر گرتن دەکەوم؟ بەڵام من ئەو هەواڵەم لە هاوڕێکانم شاردەوە، هەر وەك جاران کۆبوونەوەم ئەنجام دەداو ئابوونەم کۆکردەوە، هەر لە بری ڕێکخراوی سلێمانیش وەڵامی ڕاپۆرتی شانەکانم دەدایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هۆشداریم پێدان کە ئەمنی سلێمانی بەدوای هاوڕێیانمانەوەنو چەند

کەسـێك گـیراون، بۆیـە پەیوەنـدی نـوێ وەرنـەگرن‌و هـەر بابـەت‌و کتێبێکیان لایە بیسوتێنن. بەو شێوەیە ماینەوە تا ئـەو شـەوەی هـەڤاڵ (شەوقییە کاکە حەمە) لەگەڵ (کاك تاهیر لەتیف)ی هاوسەری هاتن بـۆ ماڵمان‌و پێیان وتم هاوڕێ ئاوێسەر هەواڵی ناردووە کـە جەمیلـە خـۆی بشـارێتەوەو نـاوی هـاتووە لـەلای ئـەمنی سـلێمانییەوە. ئـیتر منـیش هەڤالانم ئاگـادار کـردەوەو بـڕی ٨٠ دینـار ئابوونـەم لا بـوو، نەمـدەزانی چی لێ بکەم، هەر لەلای خۆم هەڵمگرت، پاش (٢) مانگ مامۆستا شـێخ محەممەد بە (٢٠) سـاڵ زینـدانی حوکمـدراو ڕۆشـتە ئـەبوغرێب لەگـەڵ نامەیەکدا بڕی ئەو (٨٠) دینارەم نارد بۆ زیندانی ئـەبوغریب تـا بگـات بە دەستی مامۆستا شێخ محەممەد. ئیتر لەو ڕۆژەوە شەوانە لەکاتـژمێر (٨)ی شەو تا بەیانی ڕۆژ ئەبۆوە نەدەخـەوتم، چونکە هەمیشـە ئامـادە بووم کە بە گەیشتنی پیاوانی ئەمن لەسەربانەوە ڕابکەم، چونکە ماڵـان لـە بەرخانـەڤا بـوو سـەربانەکان تـا بـاخی شـێخ لـەتیف (شـەقامی لای دەستارەکە) پێکەوە بـوو. دەمتـوانی دەربـاز ببـم. بـەو شـێوەیە ژیـام تـا ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی سـاڵی ١٩٩١. پـاش ڕاپـەرین ئـەو بەڵگەنامەیـەی ئـەمنی سـلێمانیم دەسـتکەوت بـە ژمـارە (٧٩٩٣)ی سـاڵی(١٩٩٠/٥/٥) کـە لەبەشی لێکۆڵینەوەی شێخ محەممـەد عەبدولکـەریم (هـاوڕێ ئاوێسـەر) تیایدا نووسرا بوو ( تولي مذكور مسؤلية الخط نسوي عن طريق احدى العناصر النسوية والتي تحمل اسم مستعار هو (كوجين) تعمل موظفة في معمل خياطة متابعة لوقت الحاضر...........).(وێنەی ژمارە ٢)

ئەم بەڵگەنامەیە لە (٣٠) لاپـەرە پێکهـاتووەو لەلاپـەرە (١٤) لـەکاتی لێکۆڵینەوە لە محەممەد عەبدولکەریم ئاماژەی پێکراوە. کە پێ دەچوو لەلایەن مامۆستا (ش) کە زۆرینەی ڕێکخـراوی سـلێمانی بـەگرت دابـوو، ناوی منیشی هێنـابووە بەردەسـتی لیژنـەی لێکۆڵینـەوە لـەو هەڤاڵانـەی بەگرتی دابوون. وەك مامۆستا شێخ محەممەد دەیووت زیاتر لـە سـاڵێك ئـەو (ش)ە خـەریکی کۆکردنـەوەی زانیـاریی بـووە لەسـەر هـەموو کاروبارەکانی ڕێکخستنی سلێمانی.

## پوازەکە بەدوای منیشدا دەگەڕا

لـە یـەکێك لـە شـەوە ئازاراوییـەکانی هـاوڕێ ئاوێسـەر (مامۆسـتا محەممەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی) کە لەلاپەرە ٧٥ ی کتێبی (پـواز) بیرەوەرییەکانی زیندان باسی لێکردووە، کە کاتژمێر (٩)ی شـەوێك لـەو شەوانەی زیندانیی، مامۆسـتا شـێخ محەممـەدو شـەهیدی نـەمر هـاوڕێ جەبار پێکەوە دەهێنرێنە ژووری لێکۆڵینەوەو ڕووبەڕوو دایـان ئـەنێن، بۆ بەدواداچوون لەنامەیـەك کـە لەبـەردەسـتیان نـەبوو، ئـەو نامەیـەش پەیوەندی بە منەوە هەبووەو نوسیوویەتی:

نەقیب ماجد پرسی: جەبار دەناسیت؟

شێخ محەممەد: وتم: نەخێر، نایناسم.

نەقیب ماجد: چۆن نایناسیت؟ بەرپرستان بووە؟

شێخ محەممەد: من چی بووم تا بەرپرسم هەبێت؟

نەقیب ماجد: ئەم وا نالێت، دەلێت دەیناسم.

شێخ محەممەد: من ئەو ناناسم.

بە هاوڕێ جەباری وت: ڕاست دەکات ناتناسێت؟

شەهید جەبار: بەلێ، قەت هاوڕێی یەك نەبوین‌و یەکتر ناناسین.

نەقیب ماجد: جەبار دەلێت: لەبەرئەوەی تۆ بەرپرسی ڕێکخستنی ژنان بویت نامەیەکیان ناردووە بۆ یەکێك لە ژنەکان بەڕێگای تۆدا.

شێخ محەممەد: من‌و نامەو ڕێکخستنی ژنان؟

نەقیب ماجد: ئا......بەلێ تۆ !!

شێخ محەممەد: ئەگەر باوەڕ دەکەن بە من نەڕێکخستن بووم‌و نە ئاگاداری ڕێکخستنم‌و نەنامەی واشم ئاگا لێیە.

نەقیب ماجد: خۆت گێل مەکە بەلگەمان لەبەر دەستایە، تۆ (ئاوێسەر) نیت...(شێخ محەممەد)ت ناو نییە؟ بەڕێوەبەری ناوەندی ئێواران نیت؟

شێخ محەممەد: شێخ محەممەدم‌و بەڕێوەبەرم، بەلام ئاوێسەر نیم.

نەقیب ماجد:جەبار دەلێت:

شێخ محەممەد: نازانم جەبار ناناسم‌و لە هیچ بۆنەیەکدا یەکترمان نەبینیوە.

نەقیب ماجد:چۆن وا دەلێت؟ جەبار وا نییە؟

نا من ئەوانە نازانم ئەوە (شێخ محەممەد)ە.

نەقیب ماجد: پێمان بڵێ ئەو نامەیەت لە کێ وەرگرتو دات بەکێ؟

شێخ محەممەد: دەڵێم ئاگام لە نامە نییە.

نەقیب ماجد: جەبار وایە؟

شەهید جەبار: منیش دەڵێم ئەم ئاگای لەوە نییە،

نەقیب ماجد: ئەی بۆ ناوی ئەم دراوەو دەڵێن ئەو نامەیە لە تۆوە نێردراوە بۆ ئەو کچە کە ناوی (جەمیلە)یە بەناوی نهێنی (کۆژین)؟

شەهید جەبار: نامە نێردرابێتیش بۆ ئەم نەنێردراوە.

پاش ئەم گفتوگۆیەی نێوان (نەقیب ماجد)ی ئەمنو شەهید جەباری حاجی ڕەشیدو مامۆستا شێخ محەممەد، نەقیب ماجد تورە ئەبێت، ئەیبەن بۆ ژووری ئەشکەنجەدانو هەڵواسینو کارەبا لێدانو جنێوی ناشرین.

لە بەشێکی تردا مامۆستا شێخ محەممەد بۆ هاوڕێکانی لە ژوورەکەیدا دەڵێت (من نازانم ئەو نامەیە بۆ هاتبووە ناو ناوانەوە؟ بەڵام ئەوەم لا ڕوون بوو، کە مامۆستا (ش) لەو نامەیە ئاگادار بوو. تەنانەت کە (مامۆستا محەممەدی مەلا حسێن) نامەکەی بۆ هێنامو ناوەکەو ناونیشانەکەی بەهەڵە نوسرابوو، ئەوەم لای ئەو باس کردبوو، دەیزانی ئەو کەسەش کە نامەکەم داوەتێ ناوی جەمیلەیەو ناوە نهێنییەکەی (کۆژین)ەو لە کارگەیەکی دروون کار دەکات. دەیزانی ئەو

کچەی (مامۆستا عومەر بەرزنجی) خوێندکاری زانکۆیە لە هەولێرو سەربەڕێکخستنەو ئەو نامەیە بۆ ئەو نێردراوە.

لەبەشێکی تردا ڕاستی ئەو نامەیە دەنوسێتو دەڵێت (مەسەلەی ئەو نامەیەش وا بوو، خوێندکار (تارا عومەر بەرزنجی) کە ناوەنهێنییەکەی (سایە) بوو، لە زانکۆی سەلاحەدین دەیخوێند، بە حوکمی ئەوەی بەرپرسی کەرتی (شەهید لەیلا بووم)، ئەو کچەش سەربە کەرتەکە بوو، ڕێکخراو داوای لێکردم کە وا بکرێت خانوویەك لە هەولێر بگرێت، ئەو بچێتە ناو خانوەکەوە، کرێی خانوو مەسرەفەکەی ڕێکخراو بیدات، ببێتە شوێنی کارکردنی نهێنی، نامەیەکی بۆ ئەو مەبەستە نوسیبوو، بە (مامۆستا محەممەدی مەلا حسێن)دا کە بەرپرسی من بوو بۆیان ناردبووم‌و نامەکە دەبوو لەسەری بنوسرایە بۆ هاوڕێ (سایە)، بەلام نوسرابوو بۆ هاوڕێ (کۆژین) کە نامەکەی دامێ وتم: نامەکە بۆ (کۆژین) نییە بۆ (سایە)یە. وتی تازە نایگەڕێنمەوە خۆت چاکی بکە، منیش ئەو نامەیەم ناردو گەیاند. ئیتر نازانم ئەم نامەیە بۆ هاتبووە ناو ناوانەوە؟ بۆ باس کرابوو؟ دیارە بەپێی ئەوەی کە نامەکەیان لەبەردەستدا نەبوو، نامەکە نەگیرابوو، یان با بڵێین دەستیان نەکەوتبوو، بۆیە مەزەندەم دەکرد کە ئەو زانیارییەش هەر مامۆستا (ش) ئاشکرای کردبێت، بەمەبەستی ئەوەی فشار بخرێتە سەرم‌و ناوی ئەندامانی کەرتەکە ئاشکرا بکەم.)

ئەوەی ڕاستی بێت کە ئەم بابەتەی مامۆستا شێخ محەممەدم لە کتێبی بیرەوەرییەکانی بەناوی (پواز)بینی لە چەند شتێك دڵنیا بوومەوە کە ئەو پوازە کە مامۆستا (ش)ە و یەکێك بووە لەڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی سلێمانیو زۆربەی ئەندامانی ڕێکخستنی بەگرت داوەو بەدوای منیشدا گەڕاوە، چونکە ساڵێك پێش دەستگیرکردنی مامۆستا شێخ محەممەد نامەیەك لەسەر کاغەزێکی رایزی پەمەیی نوسرابوو لەلایەن مامۆستا شێخ محەممەدەوە بۆم هات کە لە فولکەی تووی مەلیك مەوقفێکی پاسی لێیەو کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ من بچمە ئەو شوێنە تا کچێك ببینم بەناوی نهێنی (کازیوە)، ئەو کچە کراسێکی سپیو تەنورەی ڕەساسی لەبەر دەکاتو ڕۆژنامەیەکی لولکراوی بەدەستەوە دەبێت. منیش حەزمکرد هەمان سیفەت هەڵبگرمو لەڕێگاش لەکتیبخانەی ژیان لەشەقامی پیرەمێرد ڕۆژنامەیەکی هاوکاریم کڕیو بەدەستمەوە لوولم کرد بەبێ ئەوەی هیچ مەبەستێکم هەبێت هەروا بەئارەزوو هەمان شێوەی ئەو کچە خۆم گۆڕیبوو. لە ڕۆژی دیاریکراودا لە کاتژمێر (٣)ی ڕێك لەوێ وەستامو دیقەتی چواردەوری خۆم ئەدا، بەڵام کە چوومە ئەو شوێنە پیاوێك بەرامبەرم وەستا بوو، واتا من لەناو مەوقیفەکە وەستا بووم ئەو پیاوەش لە نزیك فولکەکە بەوبەرەوەو لەسەر شەقامەکە تاڕادەیەك سەیارەکان خۆیان لێی لا ئەدا تا خۆیانی لێ نەدەن، ئەوەش

ببـوه هـۆی ئـەوەی سـەرنجی مـن ڕابكێشـێتو لام سـەیر بـوو، وێـڕای ئەوەش بەردەوام سەیری دەكردم، كە پاسە پۆلۆنییەكانی تووی مـەلیك لەبەردەم مەوقیفەكە ڕادەوەستان شوێنەكەی دەگۆڕی تا چاوی لەسـەرم بێت، بۆیە منیش گومانم لێی كـردو سـەیری كاتژمێرەكـەم كـرد (٣:٢٠) خولەك بـوو، بۆیـە خێـرا سـوار پاسـێك بـوومو لـە سـەرا دابـەزیمو زۆر بەخێراییو وریایی بەرەو بەرخانەڤا ڕۆشتم بـۆ ماڵـەوە. پـاش (٢) ڕۆژ نامەیەكم بۆ هاتەوە لەسەروو خۆمـەوەو ڕەخنـەم لێگیرابـوو، كـە گوایـا ئەو كچە چووە بۆ شوێنەكەو من نەچووم بۆ ئەو شوێنە دیـاری كـراوە، لەبەرامبەردا منیش ڕەخنەم گرت كە ئەو كچە نەهاتووەو ئەوەی لەوێ وەسـتابوو مـن بـووم نـەك (كـازیوە). ئـەو نامەیـە مـنی خسـتە گومـانی ئەوەی لە ڕێكخستنەوە چاودێریی ئەكرێم بۆیە بە ووردی ڕووداوەكـەم بۆ نوسـینەوەو داوای ڕوونكردنـەوەم لێكـردن، بـەڵام بـەهیچ شـێوەیەك وەڵامیـان نەدامـەوە. بێگومـان ئـەو مامۆسـتا (ش)ە ئاگـاداریی لەسـەر ئیشـوكارەكانی ڕێكخـراو هـەبووەو هـەوڵی كۆكردنـەوەی زانیـاریی داوە لەسـەر هـەموو هەڤاڵـەكانو خـۆی ئاشـكرا نـەكردووە تـا بەدڵنیاییـەوە لەپڕ هەمووان ڕادەستی ئەمن بكات.

ئـەو كاتـەش كـە هـەموو هاوڕێیـان دەسـتگیر كرابـوون، ڕۆژێـك (گەلاوێـژ عـەلی، كـە پـاش ڕاپـەڕین بـووە هاوسـەری خوالێخۆشـبوو عەبـەڕەق) بـەناوی نهـێنی (پاكـدڵ) ڕێكخسـتن بـوو لای خـۆم، هاتـە

ماڵمـانو وتـی مامۆسـتا (ش) بـەدوای تـۆو (حەمـە عـەلی) برامـدا ئەگەڕێتو لەهەندێك شوێن پرسیاری شێوەو سیفاتی تۆی کردووە، ئەو هـەموویانی بـەگرت داوە بۆیـە ئـەبێت تـۆش بێیـت لەگـەڵما بچـین بیکـوژین، چـونکە واز ناهێنێـتو هـەر ڕۆژە لـەماڵێکینو بێزاربـووین، منیش وتم چەکمان چۆن دەست بکەوێت؟ وتی ئەچمە لای کاك (ئـاکۆ محەممـەد وەهـبی) و دەمانچـەیەك ئـەهێنم، مـن ئـەو کاتـە کـاك ئـاکۆم نەدەناسـی وتم باشـە. ووتـی کـە دەمانچـەکەم وەرگـرت مـن ماڵەکـەیان ئەزانمو لە قرچەی نیوەڕۆدا پێکەوە ئەچینە ماڵیـانو ئـەیکوژین. بـۆ ڕۆژی دوایی زۆر بەتووڕەییەوە هاتەوەو وتی تـۆ هـەوڵ بـدە، کـاك ئـاکۆ دەمانچـەکەی نـەدامێ. منـیش لـەو ماوەیـەدا زۆر بـیرم لێکـردەوەو بەگەلاوێژم وت، واز لەو بیرۆکەیە بهێنە، وتی بۆ؟ ووتم لەم شارەدا خـۆ بەس منو تۆی ڕێکخستن تیـا نییـەو ڕێکخـراوی سلێمانی دەیـانی تـری وەك ئێمەی تیا مـاوەو نـەگیراوە، ئەشـزانن کـە ئـەو جاسوسـەکەیەو بـۆ نایکوژن؟ لەوانەیە ئەگەر ئێمە بیکوژین لەلایەن حکومەتەوە نەگیرێین لەلایەن ڕێکخراوەوە ڕەخنـەمان لـێ ئـەگیرێتو لەوانەشـە سزا بـدرێین، چونکە ئێمە نابێت بێ پرس ئەو کارە بکەین؟ پاشان ئەویش هاتە سەر قەناعەتەکـەی مـنو وازی لـێ هێنـا. بـەوەدا بـۆم دەرکـەوت کـە ئـەو (مامۆستا "ش")ە بەهۆی ڕاپۆرتەکانمـەوە زانیویـەتی زۆرینـەی کـەرتی ژنان لای منەو پێی وابووە بەو شێوەیە لایەکی کـەرتی ژنـانیش دەباتـە ناو زیندانەوە.

لەناو شارێکی وەك سلێمانی کە بە شەقامی شەستی دەورە درابوو، کە ئێستا ناونراوە (بازنەی مەلیك مەحمود) چوونە دەرەوە لەو شەقامە بەرەو گوندەکان کارێکی ئەستەم بوو، چونکە هەموو گوندەکانی دەوروبەرو قەزاو ناحییەکان وێران کرابوو، هەربۆیە خۆشاردنەوە لەناو شاردا ناچاری بووەو زۆر زەحمەتیش بوو، وێڕای ئەو بارودۆخەی خۆم، ڕۆژێك گەلاوێژ (هاوڕێ پاکدڵ) وا بزانم لە ناوەڕاستی مانگی هەشتی ساڵی ١٩٩٠ بوو ووتی خێزانەکەی بەکری دارتاش دووگیانەو ئەیهێنم بۆماڵتان تا منالەکەی ئەبێت‌و شوێنێکی تری بۆ ئەدۆزینەوە، منیش سەرەتا لەبەر خەمخۆریم بۆیان وتم باشە، بەلام بۆ ڕۆژی دوایی بەگەلاوێژم وت کە نەیهێنێت چونکە منیش لەژێر چاودێریدام‌و نەك بەهۆی منەوە ڕووبەڕووی گرتن بێتەوە، ئیتر نازانم بردی بۆ چ ماڵێك، بەڕاستی کەسێك لەو ژیانەدا نەژیابێت نازانێت چەند هەست‌و دەروونت ماندوو ئەبێت، زۆرجار حەز بە شەهید بوون ئەکەیت، چونکە لوتکەی ئارامیی دەبوو، منیش بە نهێنیی‌و بێ ئاگاداری باوکم لە کاری ڕێکخستن ئیشم دەکرد، هەربۆیە ئاگاداری ئەو خۆ شاردنەوەو وەزعەی من نەبوو، نەشم دەوێرا پێی بڵێم، بەلام دایکم‌و محەممەدی برام‌و نەشمیلی خوشکم ئاگادار بوون‌و زۆر هاوکارییان دەکردم، بەهۆی منەوە ئەوانیش هەمیشە نارەحەت‌و

ترس لەناخیاندا هەبوو، ئەگەر کەسێك لە دەرگای بدایە پێش هەموو شتێك منیان ئاگادار دەکردەوە ئنجا دەرگاکەیان دەکردەوە.

ترس وەك هاوڕێیەك لەگەڵمدا دەژیا، ترس لەئازار، لە ئەشکەنجە، لە ئابڕوو، ترس لەوەی خێزانەکەم لەبەر چاومدا ئازار بکێشێت، ترس، کاتێك دەبێتە بەشێك لەبیرکردنەوەو هەژموون لەسەر هەموو هەڵسوکەوت، ئەوجا دەزانیت ترس چ مۆتەکەیەکەو لەمردن بەهێزترە. من دەیانجار خۆزگەم بە شەهیدەکان دەخواست، دەمووت هەموو قەرزاری مردنێکین، بۆیە هەندیك جار ئەو مردنە ئازاد بوونە لە ئازارو دڵەڕاوکێ، مردنێك کە جێی شانازی بێت.لە هاوینی ساڵی ۱۹۹۰ لە شەوێك لەشەوەکانی ترسو چاوەڕوانی، دەوری سەعات (۱)ی شەو بوو، منو براکەمو خوشکەکەم بۆ نوستن چووبوینە سەربان، من لەسەر جێگاکەم ڕاکشابوومو سەیری ئەستێرەکانم دەکرد، نەمزانی چەندێك چاوم چووبووە خەو، براکەم بۆ دڵنیابوون هەستابوو تا بزانێت هیچ کەسێك چاودێریماڵەکەمان دەکات یان نا، لەپڕێکا وتی جەمیلە هەستە قوات خاصە هات، من هێشتا نیوەی ڕۆحم نەگەڕابۆوە لەشم، هەستام تا سەیری کۆڵانەکەمان بکەم، هەردوو دەستم مردبوو وامهەست دەکرد دوو تەختە بە شانمەوە بەستراوە، پەنجەکانیشم نەدەجولا، بەو شێوەیە بەرەو ستارەی سەربانەکە ڕامکرد کۆڵانەکەم بینی، ئۆتۆمبێلێکی سەربازی لێ بوو، کوڕێکی دراوسێمان کە ئەفسەری پۆلیس بوو، هەندێك شەو دوای تەواو بوونی ئەرکەکەی دەیانهێنایەوە

بۆ ماڵەوە. من هەموو ئەوشەوانە ئاگادار بووم، بۆیە بەبراکەم وت نا ئەوانە کوڕەکەی باجی ئامینیان هێناوەتەوە، هەفتەی (٣) شەو بەوشێوەیە لە کاتژمێر (١) بۆ (١,٢٠) خولەك دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. ئەوکاتە زانیم چ ترسێکیش لەلای ئەندامانی خێزانەکەم دروست بووە.

## ناردنی کتێب بۆ زیندانی ئەبوغرێب

وێژە شەریف کە لێپرسراوی پۆل بوو، شانەکەی لە هەڤاڵان شانۆ محەممەد بەناوی نهێنی (شەوبۆ)و هەڤاڵ نەشمیل مەحمود بەناوی نهێنی (ڕاوێژکار) پێکهاتبوو. خاڵێکی بەناوی (عومەر) بە (٢٥) ساڵ زیندانی حوکم درابوو، عومەر خوێنەوارییەکی وای نەبوو، بەڵام لەشانەیەکی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووەو بە یەك عەلاگە بڵاوکراوەی ڕێکخستنەوە دەستگیر کرابوو، لە کاتی دەستگیرکردنیدا جلی کرێکاری گەچکاری لەبەر بووەو لە کاتی لێکۆڵینەوەدا وتویەتی نەخوێنەوارەو ئەو کتێبانە هی ئەو نییەو هەر ئعترافی نەکردووە، کە خۆی خاوەنی ئەو کتیبانە بێت، بۆیە چەندین جار و بە چەند شێوەیەك تاقیکراوەتەوە بۆ نموونە چەندین جار قەڵەمیانداوەتە دەستی واژووی دانپێدانانەکانی بکات، بەڵام عومەر زۆر وریا بووەو وتویەتی من نەخویندەوارمو پەنجەمۆر ئەکەم، هەربۆیە لە کۆتاییدا بە (٢٥) ساڵ حوکم دراو ناردیانە زیندانی ئەبوغرێب. لەڕێی

وێژە شەریفی خوشکەزایەوە داوای کتێبی لێکردم تا بۆیان بنێرم بۆ زیندان، منیش کتێبی (قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ، لەنووسینی جەلال دەباغ)م دا پێیانو لەناو نۆردووی نانی تێریدا شاردرابۆوەو ناردیان بۆ ئەبوغریبو چەندین زیندانی خوێندبوویانەوە. لە دوای ١٩٨٨/٨/٨ حکومەتی بەعس لێبوردنێکی گشتی بۆ زیندانییەکان ڕاگەیاندو بەو هۆیەوە ڕێژەیەك لە زیندانییە سیاسییەکانی ئەبووغرێب ئازاد کران، (عومەر)یش یەکێك بوو لەو زیندانییانەو لەلایەن ڕێکخراوی سلێمانییەوە بۆ ماوەی (٦) مانگ، مانگانەیەك بەبڕی (٣٠) دینار هاوکاری دەکرا، لەلایەن کەرتەکەی ئێمەوە (کەرتی شەهید لەیلا) ئەو بڕە پارەیەی پێ دەگەیشت.

## ناوی سەرجەم هەڤاڵانی کەرتی شەهید لەیلا

ناو و نازناوی ئەو هەڤاڵانەی پەیوەندییان بە کەرتی شەهید لەیلاوە هەبووە، هەندێکیان بۆ ماوەیەکی کەم و هەندێکیان تا ڕاپەڕینو هەندێکی تریان تا ئێستا دانەبڕاون لەڕیزی خەباتگێڕانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەروەها چەندین ئاڵوگۆڕ ڕوویداوە بۆ نموونە لەسەرەتادا بۆ ماوەی (٣) ساڵ هەڤاڵ تەحسین قادر لێپرسراوی کەرت بووە، پاشان محەممەد عەبدولکەریم سۆڵە، پاشان بۆ ماوەیەکی کورت کوڕێك بەناوی (محەممەد) کە ناوی نهێنییەکەی هاوڕێ

(سەهەند) بوو ماڵیان لە بەختیاریی بوو، پاش (٦) مانگێك پەروین کاکە حەمە کرا بەلێپرسراوی کەرتو ئەویش پەیوەندی بە تەحسین قادرەوە هەبوو، پاش ئەوە لەساڵی ١٩٨٧ بەدواوە جارێکی تر گەڕاینەوە لای شێخ محەممەد عەبدولکەریم سۆڵە تا بەرواری ١٩٩٠/١/٢٤ کە دەستگیر کرا، دوای ئەوە شەوقییە کاکە حەمەو پەروین کاکە حەمە جارێکی تر پەیوەندییان کرد بە هەڤاڵان (حەمە نووری و حەمە ڕەشید)تا ڕاپەڕین:-

١- محەممەد عەبدولکەریم ناسراو بە هاوڕێ (ئاوێسەر) لە ١٩٨٤ تا ١٩٩٠/١/٢٤ کاتی دەستگیرکردنی لەلایەن ئەمنی سلێمانییەوە لێپرسراوی کەرتی شەهید لەیلا بووە. ئەم کەرتەش دوو پۆلی ژنانی تیا بووە بەناوی پۆلی شەهید سنەوبەرو پۆلی شەهید دایکە ئامینە.

٢- جەمیلە مەحمود کەریم ناسراو بە هاوڕێ (کۆژین)، پێشتر چەند ناوێکی ترم هەبووە وەك (ڕۆزا، ئەرخەوان)، لێپرسراوی پۆلی شەهید سنەوبەر کە پێکهاتبوون لەم هەڤاڵانە:

١- دیدار محەممەد ناسراو بە هاوڕێ (شێنێ)

٢- وێژە شەریف ناسراو بە هاوڕێ (شەنگە)

٣- گەلاوێژ عەلی ناسراو بە هاوڕێ (پاکدڵ)

٤- چیمەن عەلی ناسراو بە هاوڕێ (پەرچەم)

٥- نەشمیل مەحمود کەریم ناسراو بە هاوڕێ (ڕاوێژکار)

٦- ئەمیرە سدیق عەبدولکەریم ناسراو بە هاوڕێ (ڕێناس)

٧- شانۆ محەممەد ناسراو بە هاوڕێ (شەوبۆ)

٨- گەلاوێژ ..........ناسراوبە هاوڕێ (شەبەنگ)

٩- کانی، کارێز، کازیوە، ئەم سێ هەڤاڵە لای هەڤاڵ شەبەنگ بوون‌و لەدوای ڕاپەڕینەوە لێیان ئاگادار نین‌و ناوەکانیانمان لەیاد نەماوە.

١٠- شیرین جەمال جەلال ناسراو بە هاوڕێ (شۆخان).

١١- دیار حاجی بەکر ئەم کوڕە خزمی شیرین جەمال جەلالەو ناسرا بەناوی هاوڕێ (شاباز).

١٢-........... شاسوار خزمی شیرین جەلالەو ناوی ڕاستی نەزانراوە.

١٣- هاژە محەممەد ناسراوە بەهاوڕێ (.......)

١٤- کەژاڵ عوسمان غەوص حاجی قادر......(ناوی نهێنییەکەم بیرنەماوە).

١٥- پەخشان ساڵح نەجمەدین ناسراوە بە هاوڕێ ( ئاهەنگ).

١٦- فاتیمە حەمە ڕەشید ناسراوە بەهاوڕێ (ئاوێنە).

٢- شەوقییە کاکەحەمە ناسراوە بە هاوڕێ ئارایشت تا کاتی گرتنی هاوڕێ ئاوێسەر لێپرسراوی پۆلی شەهید دایکە ئامینە بوو، بەڵام پاش ئەوە بەناوی نهێنی کەژین پەیوەندیی کرد بەهاوڕێ موراد (حەمە نووری) و ( حەمەڕەشید).

١- پەروین کاکە حەمە ناسراو بە هاوڕێ (کەژدۆست).

٢- پڕشنگ............

٣- گێلاس محێدین ناسراو بە هاوڕێ (بەفرین).

٤- سەمیرە مستەفا ناسراو بە هاوڕێ ( کۆکەژ).

٥- مهاباد عومەر ناسراو بە هاوڕێ (ئاوارە).

٦- تارا عومەر ناسراو بە هاوڕێ (سایە).

٧- لەمیعە کاکە حەمە ناسراو بە هاوڕێ (ڕاوێژ).

# وێنەو دۆکۆمێنتەکان

**ئەوەش وێنەی هەندێك لەو هەڤاڵانە کە لە پێش ڕاپەڕین کاریان لەکەرتی شەهید لەیلادا کردووە**



**شێخ محەممەد عەبدولکەریم سۆڵەیی (هاوڕێ ئاوێسەر)**
**لێپرسراوی کەرتی شەهید لەیلا- ساڵی ١٩٤٤ لەدایك بووە**




**جەمیلە شێخ مەحمود ( هاوڕێ کۆژین )**

**لەدایك بووی ١٩٦٦، ئەندام مەکتەب لە ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادێران،**

**خاوەنی ( ٣ ) منالّ**



**پەروین کاکە حەمە ( هاوڕێ کەژدۆست )**

**ئەندامی سەرکردایەتی ( ی. ن. ك ) و خاوەنی ( ٢ ) منداڵە**




**دیدار محەممەد (هــاوڕێ شێنێ)**

**لە دایکبووی ١٩٦٦- مامۆستای هونەر، خاوەنی (٢) منـاڵ**




شانۆ محەممەد (هاوڕێ شەوبۆ)، لە دایك بووی ١٩٦٩
هاوسەرگیری کردووەو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، خاوەنی (٢) مناڵ




**ویژە شـەریف هاوڕێ (شەنگە)، لە دایك بووی ١٩٦٦**
**هاوسـەرگیری کردووەو لە سوید ئەژی، خاوەنی (١) منالّ**



پەخشان ساڵح نەجمەدین ناسراو بە ( هاوڕێ ئاهەنگ )
لە دایك بووی ١٩٦٥ - ( ٣ ) مناڵی هەیە و ئێستا لە ئەڵمانیا دەژی



**شەوقیە کاکە حەمە ( هاوڕێ ئارایشت )، ١٩٦١،**
**جیگری بەڕێوەبەری گشتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، خاوەنی ( ٢ ) منالْ**



نەشمیل مەحمود کەریم ( هاوڕێ ڕاوێژکار )
دکتۆرە لە بەشی پاراستنی کۆمەڵ و خاوەنی ( ٤ ) مناڵە



لەمیعە کاکە حەمە، کارگێڕی مەڵبەند، (هاوڕێ ڕاوێژ)
لەدایك بووی ١٩٦٥



**شیرین مەحمود ـ خێزانی شەهید عەلی حسین محمد عثمان**

**خاوەنی (٢) منداڵە – لەدایك بووی ١٩٦٥**



ئەمیرە سدیق عبدالکریم سعید ( هاوڕێ ڕێناس )

خاوەنی ( ٢ ) منداڵە – لەدایك بووی ١٩٦٤



**شيرين جەمال جەلال خەزنەدار**

**هاوڕێ ( شۆخان )**

**خاوەنی ( ٢ ) منداڵە**





**من و دیداری هاوڕێم لە کارگەی بەرگدوورین**

**ساڵی ١٩٨٩**



سەردەمی ڕێکخستن  ساڵی ١٩٨٥



پەخشان ساڵح نەجمەدین ـ شەوقیە کاکە حەمە – خاتوو عەدلە ( دایکی خاتوو جەمیلە )

ساڵی - ١٩٨٦



کاندید بووم بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ـ ساڵی ٢٠١٣

لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بانگەشەی هەڵبژاردن




**( وێنەی ژمارە ١ )**

**نامە نوقڵییەکان**



رقم ...
سياقة الاخبار ١١١٦/٢/١٢

تاريخ وساعة الحادثة | محل الحادثة | وصف الجريمة والاموال المسروقة | اسم محل ... (المدعي)

١٩٨٩/٤/١٢ | محافظة السليمانيه | وفق المادة ١٥٦ ق ع | الحق العام

أفاد المخبر او المدعي ( المشتكي ) والاجراءات المتخذه من قبل الامن :- في شهر نيسان من عام ١٩٨٩ وردت اشارات متفرقه الى مديريتنا عن وجود تنظيم عمل رئيسي لزمرة عملاء ايران ( عصبة كادحي كردستان ) وان من العناصر البارزه في هذا التنظيم هو المتهم احمد محمد عثمان / مهنته مدرس في اعدادية صناعة السليمانيه سابقاً ويمتلك اجهزة طباعه ونشرات حزبيه ورسائل في داره وبعد متابعتنا لهذه المعلومات بشكل دقيق وتأكد صحة ذلك ، وبتاريخ ١٩٨٩/٤/١٢ تم القبض على المذكور واجري التحري الاصولي في داره وتم ضبط جهاز رونيو والتي طابعه وعدد كبير من الرسائل والتقارير التنظيميه مخباه في ملجئ كونكريتي داخل مسكنه وبعد التحقيق معه اعترف بانه مارس العمل السياسي التخريبي منذ عام ١٩٦٧ ولتاريخ القاء القبض عليه وانه احد الكوادر التي تقود تنظيم جناح الكومله في السليمانيه ومسؤول عن قسم الاعلام ، وان التنظيم تشرف عليه لجنة مكونه من المتهمين كل من ابوبكر محمد صالح وعبد العزيز عمر عارف واحمد محمد صالح وساسان [illegible] وتم كشف العناصر البارزه والقياديه في التنظيم ومسؤولهم المتهم عبد الجبار رشيد محمد الذي ضبطت كتابات تنظيميه تحمل اسمه المستعار ( بيره مكرون ) في دار المتهم احمد عثمان وبتاريخ ١٩٨٩/١١/٥ تم القبض على المتهم ابوبكر محمد صالح الذي اعترف بارتباطه في تنظيم الكومله وان مسؤوله هو المتهم عبد الجبار رشيد محمد والذي يعتبر مسؤول تنظيمات السليمانيه ، وبتاريخ ١٩٩٠/١/٢٣ وبعد متابعه دقيقه لمسؤول التنظيم القي القبض عليه ومعه المتهم عبد العزيز عمر عارف ومن خلال التحقيق معهما اعترفوا بممارستهم العمل التنظيمي منذ فتره بعيده ، وان المتهم عبد الجبار رشيد محمد هو مسؤول التنظيم وتم ضبط آلة طابعه في داره مع ثلاثة اشرطة كاسيت معاديه ومجموعه كبيره من نشرة الكومله ومجموعه من الكتب والادبيات الخاصه بتنظيم الكومله ومجموعه كبيره من التقارير الخاصه بنشاطات التنظيم لاعوام ١٩٨٣ و ١٩٨٤ و ١٩٨٥ كانت مخباه في مخزن سري في دار والده مع مجموعه كبيره من الهياكل التنظيميه واسماء العناصر الداخله ضمن تنظيم واسماء العناصر الذين قاموا بدفع تبرعات الى التنظيم المذكور وتقارير اخرى تضمنت

(( ١ ))

**( وێنەی ژمارە ٢ )**

وكان من ضمن الحاضرين في المؤتمر المتهمين محمد ملا حسين واعيد محمد صالح وعزيز محمد احمد وقد تقرر في المؤتمر جعل المتهم محمد ملا حسين مسؤول عن اتحاد معلمي السليمانيه بالاضافه الى حضور ممثلين من دهوك واربيل وكركوك وقد منح اسما حزبيا في المؤتمر هو ( ايسر ) ( تم ضبط التقرير الخاص بالمؤتمر والذي كان يتضمن على اسماء المتهمين المذكورين وكما موضح في محضر الضبط ) بعد هروب مسؤوله تولى مسؤوليته المتهم عبد العزيز عمر عارف ذو الاسم الحزبي ( برانان ) .

تولى المذكور مسؤولية الخط النسوي عن طريق احدى العناصر النسويه والتي تحمل اسم مستعار هو ( كرجين ) (تعمل موظفه في معمل الخياطه تابعه في الوقت الحاضر ) .

كما تولى المذكور مسؤولية احد المتهمين ويدعى بختيار عمر اولي - خريج معهد التكنولوجيا - مفنده عسكري حاليا . كما تم ضبط شريط كاسيت معادي في داره يتضمن تهجما ساخرا على قيادة الحزب والثوره وكما موضح في محضر الضبط وجاء بافادته بان علاقته التنظيميه استمرت حتى تاريخ القبض عليه .

٦) افاد المتهم احمد محمد صالح عبد الرحمن / عمره ٤١ سنه مهنته مدرس - عام ١٩٨٣ انتمى الى زمرة عملاء ايران - جناح الكوملة عن طريق المجرم المقبور خسرو مصطفى النال - مهنته نائب بيطري في زراعة السليمانيه انذاك وزود باسم مستعار هو ( سامان ) .

بعد هروب مسؤوله الى جانب المخربين تولى مسؤوليته المجرم الهارب ابراهيم يجهل اسم ابيه وبعد هروب مسؤوله المذكور تولى مسؤوليته المتهم عبد الجبار رشيد محمد وكان ذلك في عام ١٩٨٧ واستمر معه لحد الآن وكلفه مسؤوله بكتابة مواضيع ثقافيه منها تجارب الشعوب ( فلسطين ) ، الجزائر ، كوبا ) وحول المسالة الكرديه وموضوع بعنوان من العمل ماحول من كتاب لينين والعمل . اعترف بانه في عام ١٩٨٤ كانت لديه علاقه باتحاد معلمي كردستان وقد حضر مؤتمر المعلمين في منطقة سماقولي وكان من ضمن الحاضرين المتهمين كل من محمد ملا حسين ومحمد عبد الكريم كاكه وعزيز محمد احمد ومنح اسما حزبيا في المؤتمر هو ( سنكسر ) وانتخب مسؤولا عن الشؤون الماليه ومحمد عبد الكريم مسؤول عن شؤون التنظيم ومحمد ملا حسين مسؤول مكتب اتحاد معلمي السليمانيه .

(( ١٤ - ٠٠ ))



**کلێشەی ڕێکخستن**

**شێوەی هێشوویی بۆ ئەوەی یەکتر ناسین کەم بێت**


سلێمانی ٢٥/١٢/٢٠٠٤

بەڕێز / کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

سڵاوێکی گەرم .

دەمەوێت بەم نامەیە پشتگیری خۆم دەربڕم بۆ هەڤاڵ جمیلە محمود کریم ناسراو بە (هاوڕێ گوڵزار) کە یەکێکە لە هەڤاڵە دێرینەکانی ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەر لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ .

هەڤاڵی ناوبراو ئەندامی کەرتی شەهید لەیلا بوو لە سنووری ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵە و پاش ڕاپەڕینیش بەردەوامی بە کاری ڕێکخراوی دا لە سنووری کۆمیتەی یەکی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی دا .

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا

ئاکۆ محمد وهبی

**ئاكۆ محمد وەهبی**

**ئەندامی ڕێکخراوی سلێمانی**



**لە ساڵی ١٩٨٣ لێپرسراوم بووە**







**لەساڵی ١٩٨٩**

**لە بەرگدرووی کارگەی ( ژین )**

# ژیاننامەی نووسەر



١. جەمیلە مەحمود کەریم (جەمیلە شێخ مەحمود).

٢. لەساڵی ١٩٦٦ لەبەسرە لەدایك بووم.

٣. بڕوانامە: بەکالۆریۆس لە ڕاگەیاندن.

٤. لەساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیم کرد بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە.

٥. لە ١٩٩٠ ئەمری گرتنم هەبوو.

٦. لە ١٩٩٢ ئەندامی کۆنگرەی گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووم .

٧. لە دوای ڕاپەڕین تا ساڵی ١٩٩٩ ئەندام کۆمیتە بووم و لێپرسراوی کەرتی ژنان بووم.

٨. لە ١٩٩٧/٥/١٣ لەسەر داوای خۆم بوومە ئەندام لیژنەو کادری لێکۆڵینەوە لەلیژنەی سلێمانی ـ مەکتەبی مافی مرۆڤ.

٩. له ساڵی ٢٠٠٠ بوومە لێپرسراوی لیژنەی سلێمانی ـ مەکتەبی مافی مرۆڤ.

١٠. له ساڵی ١٩٩٨ تا ساڵی ٢٠٠٣ بۆ ڕادیۆی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانیو ڕادیۆی گەلی کوردستان ١٥٦ بەرنامەی (مافی مرۆڤ)م ئامادە کردووەو کارمەندی مافی مرۆڤ پێشکەشی کردووە

١١. لەساڵانی ١٩٩٩ (١٧) بەرنامەی (مافی مرۆڤ)م بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ئامادەکردووەو بێگەرد تەها پێشکەشی کردووە. چەندین خولی هۆشیاریو سیمیناری تایبەت بە مافی مرۆڤم سازداوە بۆ کۆمیتەکانی ڕێکخستنو پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان.

١٢. له ٢٠٠٥ پلەی ئەندام مەکتەبیم وەرگرت بە واژووی جەنابی مام جەلال .

١٣. له ٢٠٠٥ کاندید بووم بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە ٣٤ لیستی ١٠٢ .

١٤. لە ساڵی ٢٠٠٩ سەرنووسەری گۆڤاری (پەیامی مرۆڤایەتی) بووم.

١٥. لە ٢٠١٠ ئەندامی سێیەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووم .

١٦. له ساڵی ٢٠١٣ کاندید بووم بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە ١١ له لیستی ٧٧ لیستی نیمچەکراوە.

١٧. ماوەی یەك ساڵی خوێندنی (١٩٩٩- ٢٠٠٠ ) ئامادەیی پەرستاریی لەسلێمانی وانەی مافی مرۆڤم وتۆتەوە.

١٨. دوو نامیلکەم لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردیو چاپو بڵاو کراوەتە.

١٩. ئێستاش جێگری سەرنووسەری گۆڤاری (کەلتور)م کە ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادێران دەری دەکات.